**وەرگێڕانی لە سویدییەوە:**

**عوسمان حەمە ڕەشید گوڕون**

# پارتی سۆسیال دیموکراتی سویدی

## مێژوو ـ پرۆگرام

مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی.ن.ک)

سلێمانی ـ گەڕەکی سەرچنار ـ ١٢١

کۆلانی ـ ٤٤

ژ.خانوو ـ ١

www.hoshyari.org

govarynovin@yahoo.com

* **ناوی کتێب:** پارتی سۆسیال دیموکراتی سویدی
* **وەرگێڕانی لەسویدییەوە:** عوسمان حەمە ڕەشید گوڕون
* **نەخشەسازیو بەرگ:** فەهمی جەلال
* **تایپ:** جوان، نیاز، شاناز، هەرێم، کوردستان
* **تیراژ:** ٢٥٠٠ دانە
* **چاپی یەکەم:** سلێمانی ٢٠٠٨
* **ژمارەی سپاردن:** (٥٦١) ی ساڵی ٢٠٠٨
* **ژمارەی زنجیرە:** (٢٥٢)
* **چاپ:** دەزگای چاپو پەخشی حەمدی

بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی.ن.ک). ساڵی ٢٠٠٨

مەکتەبی بیرو هۆشیاری

## ئەم زنجیرەیە بۆچی؟

بیری سۆسیال دیموکرات، ئەمڕۆ لەسەرانسەری جیهاندا، زۆرترین جەماوەرو لایەنگری هەیەو بەباشترین ڕێگە بۆ پرۆسەی نوێبوونەوەو پێکەوە ژیانی ئاشتیانەو دادپەروەری کۆمەلایەتی دادەنرێت.

مەکتەبی بیرو هۆشیاری (ی. ن. ك) بەم زنجیرە لێکۆلینەوەیە، دەیەوێت، کۆمەلانی خەلکی کوردستان بەم بیروباوەڕە ئاشنا بکات.

ئێمە ئێستا بەرەو کۆنگرەی سێیەم دەچینو دەمانەوێت پێش بەستنی کۆنگرە دەرگای لێدوانو دیالۆگ لەسەر بیری یەکێتی بخرێتە سەر پشت. سەرەتا بەبلاوکردنەوەی زنجیرەیەك کتێبو نامیلکە دەست پێدەکەینو پاشان کۆنفرانسێك لەسەر بیری (ی. ن. ك)، کە بتوانێت هەرچی پەیوەندی بەبیری یەکێتییەوە هەیە بۆ کۆنگرە گەلالەی بکاتو لەوێ دوا بڕیاری لەسەر بدرێت.

ڕاستیەکی گشتی زانراوە، بیروباوەڕ لەناو کۆمەلدا، بەبەردەوامی لەململانێو زۆرانبازیدایە. هێزێکی سیاسی دەبێ لەبواری بیردا زۆرایەتی بەدەست بهێنێتو توانای سەلماندنو بڕواپێبوون، مسۆگەر بکات، ئینجا دەتوانێت سەرکەوتنی سیاسی دەستەبەر بکات.



مەکتەبی بیرو هۆشیاری

بیری سیاسی بۆ ئێمە، ئەمڕۆ لەهەموو ڕۆژێکی تر، گرنگترە. سستیو کەمتەرخەمیو پشتگوێ خستنی بیر زیانی گەورە لەخەباتی ئێمە دەدات.

مەکتەبی بیرو هۆشیاری

(ی. ن. ك)

٢٠٠٧/١٠/١

مەکتەبی بیروهۆشیاری

# پێشەکی

ئەم نووسراوە دوو بابەت لە خۆ دەگرێ. یەکەم کورتەیەك لە مێژووی پارتی سوسیال دیموکراتی سوید و بەشی دووەمیش پرۆگرامەکەیانە. هەردوو بابەتەکە لەسایتی سەرەکی ئەو حزبەوە وەرگیراون ، پەیوەندیم کردووە بە پەیوەندییەکانی دەرەوەیان و لە وەرگێڕانەکە ئاگادارکراون و رەزامەندی و پێخۆشحاڵی خۆیان دەربڕیوە.

گرنگی ئەم بابەتە لەچەند خاڵێکدا خۆی دەنوێنێ:

**یەکەم:** راستەوخۆ لە زمانی سویدییەوە کراوە بەکوردی و نووسین و دەقی کارپێکراوی حزبێکی دیاریکراوە، نەك وتاری نووسەرێك کە بڕواو بۆچوونی تاکەکەسیی خۆی تێکەڵکردبێ.

**دووەم:** خوێنەری کورد بە مێژووی پارتێکی سۆسیال دیموکراتی ناوداری جیهان ئاشنا دەکات، کە کاریگەری نەك تەنیا بە سەر گەشەکردن و پێشکەوتن و هێنانە کایەی سیستمی خۆشگوزەرانی سویددا هەبووە، نا بەڵکو لە سیاسەتی جیهانی و لە زۆرێك لە بڕیارەکانی نەتەوەیەکگرتووەکانیشدا جێ پەنجەیان دیارە.



مەکتەبی بیروهۆشیاری

لە خوێندنەوەی ئەم کورتە مێژووەدا بۆ خوێنەری کورد ئاشکرا دەبێ کە لە سەدوو بیست ساڵی رابووردوودا چ خەباتێکی سیاسیی سەختکراوە بۆ گەیاندنی وڵاتی سوید بەم ئاستە بەرزەی ئێستا.

هەر لە خوێندنەوەی ورددا دەردەکەوێت پرۆگرامەکە چەند هەمەلایەنەیە و چۆن بە ئاسانی بیروباوەڕی سۆسیال دیموکراتەکان سەبارەت بە چەمکی ئازادی و یەکسانی و سۆلیدارێتی و ریفۆرم و شۆڕش و سیاسەتی خۆشگوزەرانی و ئابووری و بازاڕی ئازادو دیموکراتی و کۆمەڵێك لایەنی گرنگیتر شیدەکاتەوە، کە بۆ ئەمڕۆی ئێمە تێگەیشتن لەو فەلسەفە دیموکراتییە، کۆمەلآیەتییە ئابوورییە نەك هەر پێویستییەکی مەعریفییە، بەڵکو دەکرێ لە زۆر رووەوە بۆ گەشەکردنی کۆمەڵگەکەمان سوودی لێببینرێ.

**وەرگێڕ**

مەكتەبی بیر و هۆشیاری

# مێژووی پارتی سۆسیال دیموكراتی سوید



مەكتەبی بیر و هۆشیاری

دوای دامەزراندنی پارتی سۆسیال دیموكراتی سویدی لەساڵی(١٨٨٩) ەوە زۆر شت ڕوویانداوە . خەباتی سۆسیال دیموكراتەكان، سویدی كرد بە وڵاتێكی دیموكراتی، لەڕووی خۆشگوزەرانیەوە سویدی گەیاندە ڕیزەكانی هەرە پێشەوەی وڵاتانی جیهان . پتر لەسەد ساڵە سۆسیال دیموكراتەكان پاڵپشتن بۆ ئازادی، یەكسانی، سۆلیدارێتیو دیموكراسی لەسویدو سەرتاپای جیهان . كۆمەڵگەی خۆشگوزەرانی سوید تەمەنی زۆر نیە، لەمێژ نیە كە سوید وڵاتێكی دیموكراسی نەبوو. لەو سەردەمانەدا هەموو دانیشتوان مافی دەنگدانیان نەبوو .. نزیكەی سەدساڵێك لەمەوبەر هیچ خۆشگوزەرانیەك نەبوو، بەڵكو كۆمەڵگەیەكی پێكهاتوو لەجیاوازیی زەقو ساردو سڕی چینایەتی .. زۆر سروشتی بوو كە منالاَن بخرێنە بەر كارو كرێكاران دەبوایە دە دوانزە سەعات بە بەردەوامی لەژینگەیەكی دژوارو مەترسیداردا كار بكەن.. تەنیا منالّی دەوڵەمەندەكان دەیانتوانی بچنە بەر خوێندن. خانەنشینی نەبوو، یارمەتی بۆ خێزانی منالّدار، یان قەرز بۆ تەواوكردنی خوێندن بوونیان نەبوو، مۆڵەتی منالّبوون هەر بیری لێنە دەكرایەوە. سوید پڕ بوو لەناعەدالەتیو نایەكسانی. هەر ئەمەش بووە هۆكاری پتەو بوونی بزوتنەوەی كرێكاریو سۆسیال دیموكراتەكانی ئەو سەردەمە، لەو باوەڕەوە كە ئەم كۆمەڵگەیە پێویستی بە گۆڕانكارییە . ئەمەش بووە هۆی دروستبوونی پارتی سۆسیال دیموكرات.

مه‌كته‌بی بیر و هۆشیاری

## سوید له‌سه‌د ساڵدا... ڕێگا به‌ره‌و ماڵی گه‌ل

سكرتێری پێشووی پارتی سۆسیال دیموكراتی سوید سڤین ئه‌سپلین (SvenAsplin) له‌پێشه‌كی كتێبه‌كه‌یدا به‌ناوی(سه‌ده‌یه‌ك له‌سوید ـ ڕێگا به‌ره‌و ماڵی گه‌ل) نووسیویه‌تی: مێژووی گۆڕانی كۆمه‌ڵگه‌یه‌كی چینایه‌تی و هه‌ژار، كه به‌چه‌ند ده‌ساڵێكی كه‌م توانیویه‌تی بگۆڕدرێ، بۆ كۆمه‌ڵگه‌یه‌كی ناسراو به خۆشگوزه‌رانی به‌پله‌ی یه‌كه‌م مێژووی به‌ره‌و پێشه‌وه‌چوونی كارو خه‌باتی بزووتنه‌وه‌ی كرێكاریی سویده. له(١٨٨٩)وه كه پارتی سۆسیال دیموكراته‌كان دامه‌زراوه، زۆر شت گۆڕاوه، بزاڤی كرێكاریی سوید كه بریتی بووه له‌خه‌باتی سیاسی پارتی سۆسیال دیموكرات‌و یه‌كێتی سه‌ندیكاكانی سوید(LO)، خه‌باتی بزاڤی سه‌ندیكایی‌و ڕێكخراوه‌كانی تری سه‌ر به‌پارتی سۆسیال دیموكراته‌كان، خه‌باتی ڕێكخراوه هاوبه‌شه‌كان، هه‌موو پێكه‌وه سویدیان گۆڕی. گۆڕان له‌كۆمه‌ڵگه‌یه‌كی چینایه‌تی پڕ له‌جیاوازی كه ته‌نیا پاره‌داره‌كان ده‌یانتوانی به‌خۆشی بژین، بۆ كۆمه‌ڵگه‌یه‌كی ناسراو به یه‌كێ له‌كۆمه‌ڵگه هه‌ره خۆشگوزه‌رانه‌كانی جیهان.

ئێمه شانازی به‌وه‌وه ده‌كه‌ین، به‌ڵام هێشتا نارازین، هێشتا ناعه‌داله‌تی ماوه، چ له‌سویدو چ له‌جیهاندا، هه‌ر له‌به‌رئه‌وه‌ش ئێمه‌ی سۆسیال دیموكرات به‌رده‌وام ده‌بین له‌كاری خۆماندا له‌پێناوی به‌دیهێنانی مافی هه‌موو مرۆڤێك، هه‌ر وه‌ك چۆن به‌درێژایی مێژووی خۆمان كارمان بۆ كردووه .



مه‌كته‌بی بیر و هۆشیاری

## سه‌رچاوه‌یه‌ك بۆ زانیاری

مێژووی بزاڤی كرێكاریی سوید سه‌رچاوه‌یه‌كی ده‌وڵه‌مه‌نده بۆ ده‌ستكه‌وتنی زانیاری ده‌رباره‌ی رابردوو. ئه‌م زانیارییه‌ش گرنگه بۆ پێشبینیكردن‌و تێگه‌یشتن‌و توانای كاركردنه سه‌ر ئێستاو داهاتوو. ئه‌مه سیڤن ئه‌سپلین (Sven Asplin) له‌و كتێبه‌یدا نووسیویه‌تی كه ناومان هێنا.

ئه‌م كورته باسه‌ی ده‌رباره‌ی مێژووی سۆسیال دیموكراته‌كانی سوید لێره‌دا ده‌ینوسین كورتكراوه‌یه‌كه زۆربه‌ی له‌م كتێبه‌وه وه‌رگیراوه. لێره‌دا ناتوانرێت مێژوویه‌كی سه‌رتاسه‌ری‌و هه‌مه‌لایه‌نه بێت، به‌ڵام ده‌كرێ وه‌ك پێشه‌كیه‌ك یان كورته‌یه‌ك له‌مێژووی سۆسیال دیموكراته‌كانی سوید بێت.

## نیوه‌ی دووه‌می سه‌ده‌ی نۆزده‌هه‌م‌و

### ئۆگۆست پاڵم August Palm

بای گۆڕانكاری به‌گوڕتر هه‌ڵیكرده سه‌ر كۆمه‌ڵگه‌ی كۆنی هه‌ژارو پڕ جیاوازیی چینایه‌تیی سوید، كه ده‌سه‌ڵات ته‌نیا بۆ ده‌وڵه‌مه‌نده‌كانی شارنشین‌و خاوه‌ن زه‌وی‌وزاری دێهاته‌كان‌و پیاوانی به‌زه‌برو زه‌نگی میری بوو. له‌نیوه‌ی دووه‌می سه‌ده‌ی نۆزده‌هه‌مدا بزاڤی ئازادیخوازی كرێكارانی سویدی سه‌ریهه‌ڵدا. به به‌راورد به دانیمارك ئه‌م بزاڤه لاواز بوو .. بزاڤه سویدیه‌كه زۆرجار یارمه‌تیی، به‌تایبه‌تی له‌دانیماركه‌وه، پێده‌گه‌یشت.

ئـەم کـارەش بـەزۆری لـەڕێی (August Palm)ەوە ئەنجامـدراوە. سـەرەتا August Palm ڕۆژی ٦/٨/١٨٨١ بـە وتاری(سۆسیالەکان چییان دەوێت؟) لەشاری مالمۆ دەستی پێکرد. هـەر ٢٥/١٢ی ئەو ساڵە لەستۆکهۆڵم لەکۆبونەوەیەکی جەماوەریی گـەورەدا لەیەکێ لەگۆڕەپانەکاندا وتارێکی تری لەمبارەیەوە پێشکەش کـرد، کـە بەماوەیەکی زۆر کورت کاردانەوەی خۆی هەبوو.

نـاوی August Palm بەتـەواوی بـە دەسـتپێکی بزاڤێکـی کرێکارانـەی هۆشـیار بـۆ خـەباتی چینایەتی لەسـتۆکهۆڵم گرێـدراوە. کارەکـانی کاریگـەریی زۆری هـەبوو بـۆ زیـاتر جێگیربـوونی بیروبـاوەڕی سۆسیالیستی لەبەرنامەی سـەندیکاکاندا، کـە ئـەو دەمانـە لەسـەرەتای دامەزراندنیانـدا بـوون. بەتایبـەتی ئـەو کاریگەرییانـەی کـە ئـەم لـەناو کۆمیتەی ناوەندیی یەکێتی سەندیکاکاندا هەیبووە ، کە گرنگ بـوو بـۆ زەمینە خۆشکردن بۆ دامەزراندنی پارتی سۆسیال دیمـوکراتی سـویدی، کە ئەوکاتە ئامادەسازیی بۆ دەکرا.

## سەرکردە نموونەکان ( Palm و Branting )

Palm پـاڵم سیاسـییەکی لێهـاتو بـوو، سـەرنجی هـەمووانی بـەلای خۆیدا ڕائەکێشا، زیرەکییەکی بێوێنەی لەسیاسـەتدا بـەکاردەهێنا. هـەر لەیەکەم چرکەوە دژ بەبیرۆکەی (شـۆڕش)ی ئـەو سـەردەمە ڕاوەسـتا، کـە گوایـە گـۆڕان، بـە شـۆڕشو کودەتـا نـەبێت ڕێگـای تـری نیـە. لێـرەدا



مەبەست لەشۆڕشی پرولیتاریایە. ئەم پروپاگەنـدەی بـۆ بیرۆکـەو ڕێگـای سۆسیال دیموکراتی دەکردو هـەر لەسـەرەتاوە خـەباتی لـەپێناوی مـافی دەنگـدانو ریفۆرمـە دیموکراتییـەکانو دامەزرانـدنی کۆمەڵگـەی خۆشگوزەراندا بوو. کە دواتر بوو بە بەرنامـەی سۆسـیال دیموکراتـەکان. یالمـەر بـرانتینگ Hjalmar Branting لاوێکـی بیـستو پێـنج سـاڵان، لـەکۆتایی سـەدەی نۆزدەهەمـدا هاتـە سـەر شـانۆی سیاسـەتو هـەموو ژیـانی خـۆی بـۆ بزاڤـی کرێکـاریی سـوید تـەرخانکرد. لـەو تەمەنـەدا، لەیـەکێ لەشـارەکانی سـوید بەڤلـە G?vle لـەوتار خوێندنەوەیەکی گرنگدا پرۆگرامـە مێژووییەکـەی خـۆی ڕاگەیانـد، کـە تیایدا باس لە بۆچوونەکانی خـۆی سـەبارەت بەگرتنـە بـەری سیاسـەتی سۆسیالیـستی دەکـات. ئـەم، هێڵـە گـشتییەکانی بەرنامـەی سۆسـیال دیموکراتەکانو پەیوەندییانی لەگەڵ سەندیکاکاندا کێشا. بەگوێرەی ئـەم پرۆگرامە، سەندیکاکانو سیاسیەکان شانبەشانی یەکتر لەخەباتـدا دەبـن بـۆ گەیـشتن بەئامانجـە هـەرە مەزنەکـەیان، کـە(ئـازادی ڕەهـای بزاڤـی کرێکارییـە). بـەلای ئەمـەوە چـینە دەسـەڵاتدارەکان دەبێـت لەگـەڵ سەندیکاکاندا دانوستان بکەن.. لـەبری شـۆڕشو کودەتـا پێویـستە، بـۆ پاراستنی ژیانی خۆیان، لەسەر هەنـدێك شـت ڕێـك بکـەون.. بـۆ ئـەوەی تووشـی شـۆڕشو داڕوخـانو دادگـای شـۆڕشو کـاری لـەمجۆرە نـەبن. دەوڵەمەنـدان، دەسـەڵات، دەبـێ مـافی کرێکـاران بـسەلمێنن . کـە لـەم قۆناغـەدا گرنگترینیـان مـافی دەنگدان بـوو. بـرانتینگ Branting

بەئاشکرا بانگەشەی ئەوەی دەکردکە هاریکاریی نێوان نێوەندە سیاسییەکانو سەندیکاکانو مافی دەنگدان، دەتوانێ ڕێگای بەرەو دادپەروەری والآ بکات، نەك شۆڕشو کودەتاو زەبرو زەنگ. بەلآم لەسالّی(١٨٨٦)ەوە دەسەلآتی سویدی بە بەرنامەو بەردەوام دەستیکردبوو بە فشارخستنەسەر بزاڤی کرێکاری. سالّی ١٨٨٨ نۆ سەرکردەی سۆسیال دیموکرات دادگاییکران و ڕووبەڕووی زیندانو سزادان بوونەوە، دوو کەس لەزیندانییەکان Branting و Palm بوون. چینی بورجوازی خاوەن دەسەلآتی سویدی هەولّی زۆریدا بۆ تۆقاندنی سۆسیال دیموکراتەکان کە لەخەباتدا بوون لەپێناوی دیموکراتیدا، بەلآم هەولّەکانیان سەرینەگرت.

## دامەزراندنی حزب

حزبە سۆسیال دیموکراتەکانی جیهان لەکاتو هەلومەرجی جیاوازدا دامەزراون. خالّی هاوبەشی دامەزراندنی ئەم حزبانە لەولآتە سکەندناڤیەکاندا*، هەماهەنگی بزاڤی کرێکاریو ڕەوتە سیاسییەکان بوو. هەر لەئەنجامی ئەم هەماهەنگیەدا سالّی ١٨٧١ لەدانیماركو ١٨٨٧ لەنەرویج و١٨٨٩ لەسوید حزبە سۆسیال دیموکراتەکان دامەزران. ڕۆژانی ١٩- ٢٢ی ئەپریلی ١٨٨٩ کۆنگرەی دامەزراندنی پارتی سۆسیال دیموکراتی سوید گیرا. ئەو حەفتا نوێنەرەی ئامادە بوون

* ولآتی سکەندناڤی مەبەست ولآتانی ( سوید، دانیمارك، نەرویج، فنلەندو ئیسلاند)ە. وەرگێڕ



بەشی هەرە زۆریان نوێنەرانی سەندیکاکان بوون. مافی دەنگدان لەبڕگە هەرە گرنگەکان بوو، کەکرابوو بە سیمبوّل بۆ خواستی ریفۆرمی دیموکراسیانەی حزب. لەو سەردەمانەدا چینی کرێکاران مافی دەنگدانیان نەبوو نە بۆ شارەوانییەکان، نە بۆ پەرلەمان. بەلّکو دەنگدان تەنیا مافی دەولّەمەندەکان بوو. کە ئەمەش ئاستەنگ بوو لەبەردەم هەر نیازێکدا بۆ گۆڕانکاری، چونکە پەرلەمانو حکومەت هەر بەدەست ئەوانەوە بوو کە مافی دەنگدانیان هەبوو، ئەوانیش دەولّەمەندەکان بوون. بەبێ دەنگدانیش هیچ حزبێك نەدەچووە پەرلەمانەوەو گەر حزبێك لەپەرلەماندا نەبێ لەژیانی سیاسیشدا دەوری ئەوتۆی نابێ. بەلآم سەرەڕای هەموو کۆششەکانی دەستەلآتداران، حزب هەرگیز کۆلّی نەدا، بۆ نموونە ١/ئایار/١٨٨٩ یاسایەك لەسوید دەرچوو بەناوی یاسای سۆسیال، کە کرێکاران پێویستە لەبەرژەوەندی خۆیان تێبگەن و واز لەبیروباوەڕەکانی سۆسیال دیموکرات بهێنن.

لەسەرەتادا حزب ٣٠٠٠سێ هەزار ئەندامی هەبوو، بەئەندامبوونیش لەحزبدا هەر وا ئاسان نەبوو . گەر خاوەنکارێك هەستیکردایە کرێکارێك لەسەندیکادا چالاکە یان ئەندامی حزبە، ئەو کرێکارە دەکەوتە بەر شالآوی لەکار دەرکردنو ناوی دەخرایە لیستی ڕەشەوە، تالە کاریی تریشدا بە کرێکار وەرنەگیرێت.

داوای مافی دەنگدانو دیاریکردنی هەشت سەعات بۆماوەی کاری ڕۆژانە، لەلایەن حزبەوە، بەزوویی لەناو دلّو دەرونی کرێکاراندا جێی

خۆیکردەوە. هەر لەساڵی١٨٨٩دا کۆنگرەی ئینتەرناسیۆناڵی سۆسیال دیموکراتەکان بڕیاریدا کە ڕۆژی١/ ئایاری هەموو ساڵێك بکرێت بە جەژنی کرێکاران. ساڵی دواتر لەسوید یادی ئەو ڕۆژە کرایەوە. ئیتر بوو بە ترادیسۆن(نەریت) چ لەسویدو چ لەجیهاندا. یەکی ئایاری ١٨٩٠ لەستوکهۆڵم(٥٠٠٠٠) پەنجا هەزار کەس ئامادەی ئاهەنگی ئەم جەژنە بوون و دواتریش لەساڵی ١٩٣٨ لەسوید ئەو ڕۆژە کرا بەپشووی ڕەسمی.

## یەکەم سکرتێری حزبی سۆسیال دیموکرات

دەستەی کارگێڕی ساڵی ١٨٩٦ یەکەم سکرتێری پارتی سۆسیال دیموکراتیان هەڵبژارد کە کلاس ئیمیل تولین Claes Emil Tholin ی پینە دۆز بوو. ئەو سەردەمانە سکرتێر لەلایەن کۆنگرەوە دەستنیشان نەدەکرا، بەڵکو ڕاستەوخۆ لەلایەن دەستەی کارگێڕەوە هەڵدەبژێردرا. هەر لەهەمان ساڵدا ١٨٩٦ یالمەر برانتینگ Hjalmar Brantingبوو بە یەکەم نوێنەری سۆسیال دیموکراتەکان لەپەرلەمانی سوید، کە بەپاڵپشتی هەندێ لایەنی لیبراڵی ستۆکهۆڵم توانی بگاتە ناو پەرلەمان. ساڵی ١٩٠٨ ئەم بوو بە یەکەم سکرتێری حزب، کە لەلایەن کۆنگرەوە هەڵبژێردرابێت. ١٥ی مارتی ١٩٢٠یەکەم حکومەتی سۆسیال دیموکراتی لەسوید دامەزراند.



## دروستبونی LO ڕێکخراوی سەرتاسەری

ساڵی ١٨٩٨ ڕێکخراوێکی سەرتاسەری کرێکاریی دامەزرا. کە کورتەی ناوەکەی بوو بە LO . بزووتنەوە سەندیکاییەکان گەیشتبوونە ئەو قەبارەیەی کە پێویستیان بەڕێکخراوێکی سەرتاسەری بوو، تا ببێت بە سەکۆی پێکەوە هاریکاریکردنی گشت سەندیکاکان. سۆسیال دیموکراتەکان بۆ پاراستنی ژیانی خۆیان، لە پشت ئەم کارەوە بوون، بەمە بازنەکە دروستکرا. نوێنەرانی سەندیکاکان، پارتی سۆسیال دیموکراتیان دامەزراندو پارتەکەش ئەم ڕێکخراوەی دامەزراند. بۆ یەکەم سەرۆکی ڕێکخراوی LO فریدریك ستیریکی(Fredrik Steryky ) دانرا. پێشڤە چوونی بزاڤی کرێکاریی سوید لەساڵانی نەوەدەکانی سەدەی نۆزدەهەم، لەجیهاندا بێ وێنە بوو. چینی بورژواو خاوەنکارەکانیش لەبەرامبەردا بێدەنگ نەبوون. بەڵکو ئەمانیش کەوتنە خۆیانو دژە هەڵوێستیان هەبوو. هەر لەساڵی ١٩٠٢دا ڕێکخراوی یەکێتی خاوەنکارەکانی سوید(SAF) یان دامەزراند، کە ئێستاش هەر ماوە بەناوی (Svenskn?ringsliv). ئەم ڕێکخراوە ڕاستەوخۆ بەرامبەر LO دامەزرێنراو بەکارئەهێنرا بۆ دژایەتیکردنی. خەبات لەبازاڕی کاردا سەختتر بوو. لەکۆتاییدا LO ناچار کرا پەرچەکرداری هەبێ .. لەئابی ١٩٠٩ مانگرتنەکە گەورەکە بوو، کە (٣٠٠ ٠٠٠) سێسەد هەزار کەس تیا بەشدار بوون و تا مانگی ئەیلول بەردەوام بوو. خۆپیشاندانەکە بە هێمنیو بەدیسپلینێکی تەواوەوە بەڕێوە چوو. ئەم

مەکتەبی بیروهۆشیاری

خۆپیشاندانە گەورەیە بەقازانجی کرێکاران تەواو نەبوو، بەڵکو لەئەنجامدا خاوەنکارەکان بڕیاریاندا بە کەمکردنەوەی مووچەو دەرکردنی کرێکارێکی زۆرو دروستکردنی لیستی ڕەش بۆ کرێکارە چالاکەکان. بەڵام کرێکاران کۆڵیان نەداو بەرەویان بەخەباتدا بۆ هەلومەرجی باشتری کارکردن، بۆ دیاریکردنی ماوەی کارکردن، ڕۆژی بۆ هەشت سەعاتو موچەیەکی گونجاو .. خاوەنکارەکان نەیانتوانی بزوتنەوەی کرێکاران بڕوخێنن. ئەو کرێکارانەی بەهۆی نەسازانیانەوە لەگەڵ خاوەنکار لەسەر کارەکانیان دەردەکران، ئەو کاتانە لەزۆر حاڵەتیشدا لەخانووەکانیشیان دەردەکران، چونکە زۆربەی کرێکاران لەهەمان کاتدا لەخانووبەرەی خاوەنکارەکانیاندا کرێچی بوون. ئەمە بووە هۆکارێك بۆ دروستبوونی ترس لای زۆر لەکرێکاران کە جورئەت نەکەن بەڕاشکاوی بیروڕای خۆیان سەبارەت بە کارەکەیان دەربڕن. لەشارۆچکەی ماکمیرا Mackmyra لەسەر ناکۆکی سەبارەت بە مافی سەندیکایی، هەندێك کرێکار لەخانووەکانیان دەرکران. کرێکاران ئیتر نەیاندەتوانی لەشوێنی کارەکانیان کۆبوونەوەی سەندیکایی خۆیان ئەنجام بدەن، بۆیە دەستیانکرد بە دروستکردنی(خانەی گەل) Folketshus، هەروەها بۆ ئەوەی بتوانن بخوێنن، خوێندنگای بالای گەلی کرایەوە folkh?gskolor لەگەڵ بنکەی ڕۆشنبیریی کرێکاران کە بە ABF بەناوبانگە (ئەم سێ دامەزراوەیە ئێستاش لەسوید ماون ـ وەرگێڕ). بۆ دابەزاندنی ئاستی گرانی خانووش، خانووی کرێو خانووی



مەکتەبی بیروهۆشیاری

تایبەتی خۆیان دروستکردو، دروستکردنی دەزگای خانوو بەرەی(HSB) نموونەیە بۆ ئەمە ، هەروەها کرێکاران یەکیانگرتو بۆ کارکردنە سەر بازاڕ دەزگای کۆنسۆم (Konsum) یان دامەزراند.

## خەبات بۆ مافی گشتیو یەکسانی لەدەنگداندا

لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا تەنیا دەوڵەمەندەکان مافی دەنگدانیان هەبوو. کە بوو بووە هۆی ئەوەی سۆسیال دیموکراتەکان نەتوانن بەئاسانی پێشنیازەکانی خۆیان بە ئەنجام بگەیەنن، لەبەر ئەوە داوای مافی یەکسانی لەدەنگداندا بوو بەداوای یەکەم و هەرە گرنگیان.

یالمەر برانتینگ (Hjalmar Branting) ساڵی ١٨٩٦ بوو بە یەکەم نوێنەری سۆسیال دیموکراتەکان لە پەرلەماندا. هەڵبژاردنی ئەم لەپەرلەماندا بە یارمەتی چەند کەسایەتیەکی لیبراڵی ناو ستۆکهولم بوو. ساڵی ١٩٠٢سێ کەسی تری سۆسیال دیموکرات بۆ پەرلەمان هەڵبژێردران، بەڵام هێشتا مافی دەنگدان گرێدراوی ئاستی ئابووریو دارایی بوو. ئەو خەڵکە زۆرەی پاڵپشتی سۆسیال دیموکراتەکان بوون لەبەر هەژاری لەدەرەوەی بازنەی دەسەڵاتی سیاسی بوون، چونکە مافی دەنگدانیان نەبوو. ساڵی ١٩٠٢ لەیەکێ لەگۆڕەپانەکانی ستۆکهۆڵم خۆپیشاندانێکی گەورە سازکرا بۆ داواکردنی(مافی دەنگدان بۆ هەمووان). هەروەها لە١٥ ی ئایاردا سەدوبیست هەزار کرێکار بۆ هەمان مەبەست مانیانگرت. دواى ئەم چالاکیيە گشتییە

جەماوەرییانەی وەك مانگرتنو خۆپیشاندانو دروستبوونی ڕای گشتی، سۆسیال دیموکراتەکان توانیان پارێزگارەکان ناچار بکەن کە سازش لەسەر گۆڕینی یاسای مافی دەنگدان بکەن. ئەوەش بیر نەچێ کە لیبرالەکانیش لەم گۆڕانکارییەدا ڕۆڵی بەرچاویان هەبوو. یاساکە بەم شێوەیە گۆڕا..((هەموو ئەو نێرینانەی تەمەنیان ٢٤ ساڵ بەرەو ژوورە مافی دەنگدانیان هەیە بۆ هەڵبژاردنی بەشی دووەمی پەرلەمان، بەڵام بۆ بەشی یەکەم نا)). دەنگدان بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی کۆمونەکان (شارەوانییەکان) هێشتا پابەندی بڕی دەرامەتی دانیشتوان بوو. کە ئەمەش لەسوودی دەوڵەمەندەکان بوو. کەسانی زۆر دەوڵەمەندی وا هەبوون کە چل دەنگیان هەبوو. بەمشێوەیە پارەدارەکان ئەندامانی بەشی یەکەمی پەرلەمانیان دیاریدەکرد. تا ئەم کاتانەش ژنان لەدەنگدان بێبەریکرابوون. بەڵام بەهۆی ئەم سازشەوە ئەوانەی ئارەزوویان دەکرد دەنگ بە سۆسیال دیموکرات بدەن ، لەمکاتەوە دەیانتوانی وا بکەن. بەڵام هەوڵدان بۆ مافی گشتیو یەکسانی لە دەنگداندا هەر بەردەوام بوو. لەژێر فشاری بەرەو پێشەوەچوونی بزاڤی کرێکاریو ڕووداوە مەزنە شۆڕشگێڕییەکانی جیهانی دەرەوەدا، هێزە کونزەرڤاتیفەکان(پارێزگارەکان)ی سوید ناچارکران مل بدەن بۆ داخوازی بەهێزی ریفۆرمکردن لەشێوازی مافی دەنگداندا، کە ژنو پیاو بگرێتەوە. ساڵی ١٩١٨ پەرلەمان بڕیاریدا کە ریفۆرمە گەورەکە جێبەجێ بکرێو مافی دەنگدان گشتیو یەکسان بێ. تا دوا کاتیش



هێزە کۆنزەرڤاتیفەکان دژایەتی ڕیفۆرمیان کرد. بەڵام بێهوودە بوو. بەهۆی کۆڵنەدانی بزاڤی کرێکارییەوە بەمەبەستی دیموکراتیزەکردنی سوید بوو بەخاوەن سیستەمێکی نوێی دەنگدان، کە لەم ڕووەوە سۆسیال دیموکراتەکانیش بوون بەهۆی ڕوونەدانی شۆڕشو جەنگی ناوخۆ لەسوید. ساڵی١٩٢١ بۆ یەکەمجار دوو ژن، کە سەر بەسۆسیال دیموکراتەکان بوون، بوون بە ئەندام پەرلەمان. کە یەکێکیان ئەگدا ئۆستلۆند Agda ?stlund ی بەرگدرو، ئەوی تر نیلی تورینگ Nelly Thuring ی فۆتۆگرافەر بوو کە لەو هەڵبژاردنە نوێیەدا دەرچوون کە ژنان مافی دەنگدانیان پێدرابوو. هەردوکیان لە ڕێکخراوی ژنانەی سۆسیال دیموکراتدا چالاك بوون. تەنانەت Agda ? stlund بەرپرسی ڕێکخراوی یەکێتی ژنانی ستۆکهوڵم بوو. ساڵی ١٩١٩ داوایەکی تری ڕیفۆرم جێبەجێکرا کە ئەویش دیاریکردنی هەشت سەعاتی کارکردن بوو لەڕۆژێکدا . گەرچی ماوەیەکیشی پێچوو کە بەتەواوی لەژیانی ڕۆژانەدا جێبەجێبکرێ.

## جیابوونەوە ١٩١٦

شوباتی ١٩١٦ کە Hjalmar Branting یالمەر برانتینگ دەیەمین کۆنگرەی کردەوە، جەختی لەسەر ڕۆژێکی چارەنوسساز کرد.. ڕەوتو ئەنجام ئاشکرا بوو. لایەنی چەپڕەوی ناو حزب لەمێژبوو بڕیاری جیابوونەوەیاندابوو. ماوەیەك بوو بەردەوام ڕەخنەیان لەسەرکردایەتی

حزب دەگرت. لەپشتەوە پرسیارە تاکتیکیە کۆنەکە خۆی مەلاس دابوو. ئایا بزووتنەوەی کرێکاری ڕێگای چوونە ناو پەرلەمان بگرێتە بەر؟ یان شۆڕش هەڵبگیرسێنێ‌و بە میتۆدی دەرەوەی پەرلەمان کاربکات؟ هەمان ساڵ ئەم گروپە سۆسیال دیموکراتیان جیهێشت‌و حزبێکیان پێکهێنا بەناوی (پارتی چەپی سۆسیال دیموکرات ) کە دوای چەند ساڵێك بوو بە(پارتی کۆمۆنیستی سوید) کە ئێستا بووە بە(پارتی چەپ). هەر لەساڵی ١٩١٦ یەکێتی لاوانی سۆسیال دیموکرات SSU دامەزرا، کە بەدەستپێشکەریی یانەی لاوانی شاری Esklistuna بوو. ئەم یەکێتیە هەر لەسەرەتاوە ڕۆڵی گرنگی هەبوو. بەتایبەتی لەبواری خوێندن‌و پەروەردەدا، ڕۆژنامەکەیان (Frihet ئازادی)، ڕۆڵی سەرەکیی لەسیاسەتی دروستکردنی سیستەمی خوێندنگاکاندا هەبوو.

## پێر ئەلبین هانسن PerAlbin Hansson

دوای مردنی برانتینگ Branting، ساڵی ١٩٢٥ Per Albin Hansson وەك هەڵسوڕێنەری کاروباری حزب کاری دەکرد، تا کۆنگرەی ساڵی ١٩٢٨ وەك سکرتێری گشتی هەڵبژێردرا. ساڵێك پێش کۆنگرەش هەڵبژێردرا بوو بۆ سەرۆکایەتی گروپی سۆسیال دیموکراتەکانی ناو پەرلەمان. هەمان ساڵ وتارە بەناوبانگەکەی سەبارەت بە خانەی گەل (Folkhem ) بلاوکردەوە، کە باسی لەکۆمەڵگەی یەکسان دەکرد، کە کۆمەڵگەو حکومەت‌و شارەوانیەکان پێکەوە



لەهەماهەنگیدابن تا نیشتمان ببێ بە ماڵ یان خانەی هاووڵاتیان. مەبەستی لەوە بوو کە بەردی بناغەی ماڵ‌و خێزان، یەکسانی‌و هاوسۆزیە بۆ یەکتری. لەخێزانی سەرکەوتودا جیاوازی نیە، زۆر خۆشەویست‌و زۆر ناحەز یا بێزارو، یان نازدارو بێنازی تیانیە، کەس بەنزم تەماشای کەس ناکات‌و کەس مافی کەسێکی تر ناخوات، خاوەن هێز لاواز پان ناکاتەوە. لەکۆمەڵگەی باشدا یەکسانی‌و هاوکاری‌و یارمەتیدانی یەکتر باو دەبێ.

هەڵبژاردنی پەرلەمان لەساڵی ١٩٢٨دا سەلماندی کە هێشتا زۆری ماوە بۆ گەیشتن بە(خانەی گەل). کەمپەینی کونزەرڤاتیفەکان دژ بە سۆسیال دیموکراتەکان هەموو پیوانەیەکی شکاند. لەژێر فشاری فۆبیای زاڵبوونی کۆمۆنیستیدا ئەم هەڵبژاردنە ئەنجامدرا.

ڕاستڕەوان بەهۆی پروپاگەندەوە توانیان دەنگی زۆرترین خەڵك بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن‌و هەڵبژاردنەکە بەرنەوە، گەرچی دەنگی سۆسیال دیموکراتەکانیش، تا ڕادەیەك، بەرز بوونەوەی بەخۆیەوە بینی.

## ڕوداوەکەی ١٩٣١ی شاری ئۆدال dal ?

بێکاری‌و مانگرتن‌و شکاندنی مانگرتن، بوونە هۆی ڕوداوەکانی ١٤/ ئایاری/١٩٣١ی شاری ئۆدال، کە بەهۆی ڕوبەڕووبوونەوەی سەربازییەوە بۆ خۆپیشاندانێك پێنج کەس کوژران. ڕوداوی ئەم شارە پەردەی لەڕووی پروپاگەندەی هێزە کۆنزەرڤاتیفەکان، سەبارەت بە باش

بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا، هەڵمالّی .. ڕوداوەکەی ئەمشارەش، وەك پرۆسە، هەر لەخۆپێشاندانەکانی ساڵی ١٨٧٦ی شاری سوندسڤالەوە دەستپێکرد بوو .

## سەرکەوتنەکان لەسییەکاندا

هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان، لەساڵی ١٩٣٢دا، مێژوویی بوو. خاڵێکی وەرچەرخان بوو لەمێژووی سیاسی سوید. هەڵبژاردنەکە بوو بەسەرکەوتنێك بۆ سۆسیال دیموکراتەکان. بۆ یەکەمجار پارتە ڕاستڕەوەکان لەدەنگ بەدەستهێناندا بوون بە کەمینە، کە ئەوان هەمیشە لەپەرلەماندا زۆرینە بوون. خەبات دژی بێکاری بوو بە ئەرکی سەرەکی حکومەتی سۆسیال دیموکرات. بە هاوکاریکردن لەگەڵ یەکێتی جوتیاران بەردی بناغەی قۆناغێکی نوێی سیاسی لەسوید دانرا کە بووە یارمەتیدەر بۆ پتەوکردنی پێگەی هێزە دیموکراسیخوازەکان‌و ڕێگە نەدان بە چەکەرەکردنی نازیزم لەولاتدا. کە وەزارەتی دارایی کەوتە دەست Ernst Wigforss ئارنست ویگفوش، ئەم ئەندازەی ئابورییەکی نوێی دانا، بەخستنەگەڕی سەرمایە بۆ بەرهەمهێنان، زیاترکردنی بواری کار. سیاسەتی دژ بەبێکاری، لە ڕووی شێوەو ناوەڕۆکەوە، گۆڕانی بەسەردا هات. بودجەی تەرخانکراو لەلایەن حکومەتەوە بوو بەخاڵێکی گرنگی ڕۆژەڤی سیاسییەکان. ئەو کاتانە خانووبەرەی کرێکاران‌و خێزانە منالّدارەکان‌و پیرو پەککەوتە هەژارەکان



لەحاڵێکی زۆر نالەباردا بوون. زیاتر لەنیوەی کرێکاران بە خۆیان‌و خاوخێزانەوە لەشوقەی بچوکی یەك ژووریدا دەژیان.

## سیاسەتی خۆشگوزەرانی پیادە دەکرێ

جگە لەخەبات دژی بێکاری. ریفۆرمخوازەکان لەسەر ئاستی چاککردنی باری منالان و خێزانەکانیان‌و پیروپەککەوتەکان کاریان دەکرد. بە دانانی باج لەسەر ئەوانەی بووەن ، پارەیەك کەوتە دەست حکومەت بۆ پەیداکردنی بواری کاری نوێ. هەرچەندە لەو کاتانەدا کریسی ئیکۆنۆمی (قەیرانی ئابووری) هەبوو، بەڵام توانرا باری گوزەرانی ئەوانەی زۆر خراپە چاکتر بکرێ. موچەی خانەنشینی زیاد کرا، تەئمینی بێکاران دامەزرێنراو ئەو خێزانانەی منالّیان زۆر بوو توانیان پێشینە (سولفە) وەربگرن بۆ خانوو دروستکردن. سالانی سییەکان لەڕووی کۆمەڵایەتی‌و ئابوورییەوە بەرەو پێش چوونی باشی بەخۆیەوە بینی، بەهۆی گەلێك ریفۆرمی گرنگ‌و گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی پڕ بایەخ. هەر بۆ نموونە دروستکردنی مەڵبەندی خۆپاراستن (وقائی) بۆ ژنانی دوگیان و کۆرپەلەکانیان‌و یارمەتی تەندروستی‌و ئیکۆنۆمی بۆ دایکان‌و ئەو دایکانەی بەتەنیا منالەکانیان بەخێودەکەن. لەساڵی ١٩٨٣دا بڕیار درا بۆ یارمەتیدانی هەژاران بە کردنەوەی خەستەخانەی دانسازی خۆڕایی‌و بڕیاریش درا هەموو کارمەندێك ساڵانە دوو هەفتە پشوو وەربگرێ. ساڵی ١٩٣٤ Alva Myrdal ئەلڤا میردال و

گوننـــارمیردال Gunnar Myrdl کتێبێکیـــان بڵاوکـــردەوە بەناوی(کریس لەمەسەلەی دانیشتواندا) کە باسیان لەشێوازێکی نـوێی سیاسەتی دابەشکردن بوو. یەکێ لەپێشنیازەکانیان ئەوە بـوو کـە دەبـێ هەموو دانیشتوان پێکەوە لـەپارەدان بـۆ خـەرجی بـەخێوکردنی منـاڵان بەشداربن. ئەم کتێبە بووە مایـەی دیبـاتێکی گـەرم دەربـارەی منـاڵانو خێزانو سیاسەتی نیشتەجێبوونو ڕۆڵێکی مەزنی لەداڕشتنی سیاسەتی ریفۆرمدا بینی.

### سەرکەوتنی سیاسی

بۆ یەکەمجار سۆسیال دیموکراتـەکان سـاڵی ١٩٣٨ لەهەڵبژاردنـەکانی شـــارەوانیەکانو ئەنجومـــەنی شـــارەکاندا زۆرینـــەیان بەدەســـتهێنا. کـــە ڕادەکەی ٤ر٥٠٪ی دەنگەکان بـوو. ئـەم سـەرکەوتنە سیاسـییە گـورەیـە هاوکات بوو لەگەڵ سەرکەوتنێکیتری گەورەی سەندیکایی کە ڕێکخراوی کرێکـاری LO تـوانی لەسـاڵانی سـیەکاندا ژمـارەی ئەنـدامانی دوو بەرابـەر بکـات. سـاڵی ١٩٣٨ LO و ڕێکخـراوی خاوەنکـاران SAF پـەیمانێکیان مـۆرکرد بـەنیازی سـەقامگیریی بـازاڕی کـارو بـەرگرتن لەناکۆکی. ئەم پەیمانە دواتر بوو بە بەشێکی گرنگی ئەوەی بە "مـۆدیلی سـویدی نـاوبرا ". لـەڕووی کۆمەڵایـەتیو ئابوریـەوە سـاڵانی سـییەکان ســەرکەوتنی بەرچــاوی بەدەســتهێناو ریفــۆرمی پــڕ بایــەخو گــرنگ ئەنجامدرا. بەهەماهەنگیو کاری هاوبەشی سیاسیو سـەندیکایی تـوانرا



بـاری گوزەرانی ئەو گروپانەی جاران پشتگوێخرابوون بەرەو باشـی ببرێ، بـۆ نموونـە جوتیـاران‌و کرێکـارانی دارسـتانەکان. سـەرەتا موچـەو بـاری کۆمـەڵایەتی جوتیاران بەیاسا دیاریکراو دواتریش لەساڵی ١٩٤٥تـوانرا موچەی هەموان بە پـارە دیـاری بکـرێ، کـە جـاران بڕێکـی موچـە یـان هەمـووی بـۆ هەنـدێ بـاری کـشتوکاڵی بـەئاڵوگۆڕی شمـەكو کـاڵا بـوو. هـــەروەها ســـاڵانی ســـییەکان بـــواری کولتـــوریو خوێنـــدن بـــەرەو پێشەوەچوونی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی.

### تاگـێ ئێرلانـدەر Tage Erlander ومەسـەلەی ATP خانەنشینی میللی سوید

لەساڵانی جەنگی دووەمی جیهانی، حکومەتێکی ئیئتیلافی بە سەرۆکایەتی Per Albin Hansson هەبوو. کە جەنگ کۆتایی هات حکومەتێکی سۆسیال دیموکرات دامەزرا، کە هەر بەسەرۆکایەتی ناوبراو بوو، کە تا ڕۆژی مردنی واتە ٦ /١٠/١٩٤٦ لەو پۆستەدا مایەوە. سێ ڕۆژ دوای ئەوە لەلایەن گروپی پەرلەمانی سەربە سۆسیال دیموکراتەکان

Tage Erlander بۆ سەرۆك وەزیری هەڵبژێردرا. ئـەم سـاڵانی ١٩٤٦- ١٩٦٩ سەرۆکی حزبەکەش بوو. لەم ماوە درێژەدا جێگا دەستی لەدروسـتکردنی سیـستەمی سـەقامگیریدا هـەبوو، واتـە لەداڕشـتنی شـێوازی ATP "خانەنـشینی گـشتی"، کـە تـا ئێـستاش کاریگـەریی

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

خۆی هەر ماوە. لەپەنجاکاندا دیباتێکی (گفتوگۆ) گەرم دەربارەی ATP هەبوو. بۆ دۆزینەوەی ڕێگا چارەیەکی یاسایی کە مافی خانەنشینی لە دەستوردا جێگیر بکرێ، جاران تەنیا بەشێك لەموچەخۆرەکانی میری مافی خانەنشینبوونیان هەبوو. کرێکاران ئەو مافەیان نەبوو. ساڵی ١٩٥٧ ڕاپرسیەکی میللی کرا لەسەر ATP و ساڵ دواتر زۆرینەی کۆنزەرڤاتیفەکان پرۆژەی یاسای خانەنشینی گشتییان ڕەتکردەوە. لەکۆتاییدا، دوای بێنەو بەرەیەکی زۆرو دیباتێکی درێژ خایەن ساڵی ١٩٦٠ یاسای ATP چەسپا. لەناوەندی پەنجاکاندا هەموو دانیشتوانی سوید بیمەی تەندروستی گرتنیەوە. هەر لەوساڵانەدا بیمەی دایکایەتی و سیستەمی هاریکاری خوێندکاران و تەئمین کردنی گشتیی کاتی کار، پیادەکران. هەروەها ماوەی پشووی ساڵانەی کرێکارانیش درێژتر کرایەوە. لەوساڵانەدا (مۆدیلی سویدی) بەرەوتێکی خێرا جێگیربوو. هەر لەساڵی ١٩٤٧یشدا یارمەتی منالان (بڕە پارەیەك بۆ هەر منالێکی ناو سوید) بڕیاری لەسەردرا.

## سیاسەتی خۆشگوزەرانی گشتی

مێژووی سیاسەتی سۆسیالی سوید، مێژووی ئەوەیە چۆن هەنگاو بەهەنگاو کۆمەڵگەیەکی چینایەتیو هەژار گوێزراوەتەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی خۆشگوزەران. تاشە بەردی دەستنیشانکردنی قۆناغەکانی ئەم ڕێگای بەرەو پێشچوونە زۆرن. پێشقە چوونی بزاڤی



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

سۆسیال دیموکراتیو سەندیکایی ساڵانی سییەکان بەردی بناغە بوون بۆ دروستکردنی سیستەمێکی نوێو ڕادیکاڵی ئارامبەخش.

مۆدیلی خوشگوزەرانی سوید لەسەر بناغەی چەند پرنسیپێکی بنەڕەتی سەبارەت بە سۆلیدارێتیو یەکسانی دامەزراوە. لەدەستورو شێوازی ریفورمەکاندا دەیانبینینەوە، بۆ نموونە بیمەیەکی تەندروستی گشتیو یارمەتیدانی منالان بۆ هەمووان هەیە. دروستکردنی ئەم ریفۆرمەو ئەوانی تریش بەو مەبەستە بوون کە هەموو هاووڵاتیان بگرێتەوە. هۆی سەرەکیش ئەو پرنسیپەیە کە ئەم وڵاتە بەرهەمی ڕەنجی هەموانەو دەبێ هەمووان سوودی لێ وەربگرن.

## پەرەدان بە سیستەمی خۆشگوزەرانی لەشەستەکانو حەفتاکاندا

لەشەستەکانو حەفتاکاندا زۆر ریفۆرم ئەنجامدران و بەرەو پێشبردنی سیستەمی خۆشگوزەرانی بەردەوام بوو. کەرتی گشتی زۆر بە بەهێز پەرەیسەند، لەهەمان کاتیشدا هێزە کۆنزەرڤاتیفەکان بەردەوام بوون لەبەربەرەکانیکردنی ئەو سیستەمە گشتیەی خۆشگوزەرانی. هەندێ لەو ریفورمانەی لەم ماوەیەدا ئەنجامدران بریتی بوون لەیارمەتیو چاودێریکردنی منالانی کەمئەندام، زیاتر نرخ داشکاندنی دەرمان، یاسای چارەسەرکردنی نەخۆشو پەرەدان بە نەخۆشخانە گشتیەکان. لەسەرەتای حەفتاکاندا گەشەدرا بە شێوازی تەئمینی میللی دانسازی.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

لە١٩٧٥ەوە بۆ هەموو منداڵێکی شەش ساڵ باخچەی منداڵان (پێش خوێندگا) مسۆگەر کرا. لەساڵی ١٩٧٤دا یاسایەکی نوێی منداڵ لەباربردن دەستەبەرکرا، لەگەڵ بەخۆڕایکردنی دەرمانی (مەنع) قەدەغەکردنی منداڵبوون. هەر لە١٩٧٥ەوە تەئمینی دایكوباوك هاتە کایەوە. ساڵی ١٩٦٤ لەڕاپۆرتێکی تایبەتی کۆنگرەی حزبی سۆسیال دیموکراتدا باس لەیەکسانی ژنان کرا. ئەو ساڵە یادی ٧٥ساڵەی دامەزراندنی حزب بوو، هەر بەو بۆ نەیەوە بەرنامەیەکی کار بۆ داهاتوو دارێژرا. بڕیاری کۆنگرە سەبارەت بە یەکسانی، بوو بە هەنگاوی یەکەم بۆ چالاکیی بەهێز لەپرسی یەکسانیدا. ئەلڤا میردال Alva Myrdal لەکۆنگرەی ساڵی١٩٦٨ ڕاپۆرتێکی بەناوی (یەکسانی زیاتر) پێشکەشکرد. Olof Palme لەیەکی ئوکتوبەری ١٩٦٩وەك سکرتێری گشتی حزب هاتە جێگای Tage Erlander . کە ئولوف پالمە بەکۆی دەنگ لەکۆنگرەدا وەك سکرتێر هەڵبژێردرا تەمەنی ٤٢ساڵ بوو. لەناوەندەکانی حزبدا لەمێژبوو ئەو وەك جێگرەوەیەکی سروشتی Tage Erlander دانرابوو.

ساڵی ١٩٧١ سیستەمی یەك کەرتی لەپەرلەمانی سویددا پیادەکرا. دەرکەوت کە سیستەمی دوکەرتی خاوکەر، یان ڕێگرە لەبەردەم چالاکیەکانی پەرلەماندا.. واتا هەر بڕیارێك لەدووەم کەرتی پەرلەماندا بڕیاری لەسەر بدرێ پێویستی بە ڕەزامەندی کەرتی یەکەمیش هەیەو ئەمان دەتوانن بڕیارەکانی کەرتی دووەم لەباربەرن. پەرلەمانی یەك



مەکتەبی بیروهۆشیاری

کەرتی ڕاستەوخۆ لەلایەن میللەتەوە هەڵدەبژێردران و بەرپرسیارێتی ڕاستەوخۆیان هەبوو.

## نۆژەنکردنەوەی ژیانی کار

لەساڵانی شەستو حەفتاکاندا، کێشەکانی ژینگەی کارکردن چووە ناو ڕۆژەڤی سیاسیەوە. ریفۆرمێکی بەر فراوان بۆ نوێکردنەوەی ژیانی کارو دیموکراتیزەکردن هاتە کایەوە. بۆ ئەوەی خۆشگوزەرانی بگاتە ژیانی کاریش. ئەم کارە ڕاستەخۆ لەیاسای نوێی بازاڕی کاردا جێی خۆی کردەوە، کە بەیاسای (بەهاوبەشی بڕیاردان) بەناوبانگە، کە کورتکراوە سویدیەکەی ئەبێ بە(MBL) . کۆنزەرڤاتیفەکان بە توندی دژی ئەم گۆڕانکاریە بوون. بەڵام نەیانتوانی ئەم هەنگاوە گرنگەی بەرەو دیموکراتیزەکردن بوەستێنن، ساڵی ١٩٧٠ یاسای کاتی کار ڕاگەیەنرا، کە هەفتانەی کار بە ٤٠چل سەعات دیاریکرا و چەند ساڵێکیش دواتر یاسای دانانی نوێنەری موچە خۆران لەئەنجومەنی بەڕێوەبردنی فەرمانگەو کومپانیەکاندا دانرا، لە١٩٧٣ وەك تاقیکردنەوە و لە١٩٧٦ بەهەمیشەیی. ساڵی ١٩٧٣یاسای پاراستنی لەسەر کار دامەزراو، واتە موچە خۆران دانرا. ئەو توانایەی لەخاوەنکار وەرگرتەوە کە بە کەیفی خۆی کرێکاران لەسەر کار دەربکات. یاسایەکی تر دەرچوو بۆ پاراستنی کرێکاران لەو مەترسیانەی بەهۆی کارکردنەوە ڕووبەڕوویان دەبۆوە. هەر

لەحەفتاکاندا یاسای مۆڵەت بۆ خوێندن دەرچوو. هاوکاتیش پەرلەمان بڕیاری پێنچ هەفتە پشووی ساڵانەی پەسەندکرد.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

## ساڵانی حەفتاکانو هەشتاکان

لەڕووی سیاسیەوە حەفتاکان ساڵانێکی پڕ ڕووداو بوون، سەرەتای ئەوساڵانە هەڵبژاردن کرا بۆ پەرلەمانێکی یەك کەرتی. گۆڕانکاری دەستورو یەك بەشی پەرلەمان بە یەکدەنگیەکی سیاسی بەدەستهات. ئەو هەڵبژاردنانەش کە لەمەودوا ئەنجامدران ڕەنگدانەوەی خاوبوونەوەی گرژییە سیاسیەکانی جاران بوو. لەسەرەتای حەفتاکانەوە پارتی سەنتەرو پارتی گەلو دواتریش پارتی مۆدێرات لەشێوە بەرەیەکدا خۆیان لەبەرامبەر سۆسیال دیموکراتەکاندا ڕێکخست.ئەمان سەرەتا پێشڤەچونیان بە خۆیانەوە بینی و لەئەنجامدا لەهەڵبژاردنی ساڵی١٩٧٦ سەرکەوتنیان بەدەستهێناو توانیان حکومەتێکی کۆنزەرڤاتیف دروستبکەن. دوای شەش ساڵی پڕ نشوستیی ئەم حکومەتەو هێنانە کایەی کریسی جیددی بۆ گەل، سۆسیال دیموکراتەکان ساڵی١٩٨٢، دوای هەڵبژاردنێکی زۆر سەرکەوتوو جڵەوی حوکمیان گرتەوە دەست. هەڵبژاردنەکەی ساڵی ١٩٨٥ دیسان سەرکەوتنێکی دیار بوو بۆ سۆسیال دیموکراتەکان و حکومەتەکەی ئۆلوف پالمێ Olof Palme بەردەوامبوو لەکارو خەباتی گرنگو سەرکەوتودا.



مەکتەبی بیروهۆشیاری

پرسی هەرە گەورە کە حەفتاکانو هەشتاکان لەبەردەم سۆسیال دیموکراتەکاندا بوو، پرسی چارەسەری بێکاریو خستنە سەرکاری بەتەواویی هەمووان بوو. پرسێکی گرنگی تر، فۆندی(سندوقی) موچە خۆران بوو. بەو مەبەستەی هەموو مووچە خۆران بە یەکەوە پشکیان هەبێو لەو ڕێگەیەوە کاریگەرییان لەسەر بازاڕ هەبێ.

کارەساتەکەی ساڵی١٩٧٩ کە لەکارگەی بەرهەمهێنەری وزەی ئەتۆمی (Harris burg ) ی ئەمریکا ڕویدا، بوو بە سەرەتا بۆ هێنانە کایەی دیباتێکی بەرفراوان سەبارەت بە سیاسەتی بەرهەمهێنانی وزە لەسوید. ساڵی١٩٨٠ راپرسیەکی ڕاوێژکاری سەبارەت بە وزەی کارەبایی بەرهەمهێنراو بەهۆی هێزی ئەتۆمیەوە ئەنجامدرا. ڕاپرسیەکە دەربارەی سێ ئەلتەرنەتیڤ بوو ١- کارەبای بە وزەی ئەتۆم بەرهەمهێنراو بمێنێتەوە ٢- ئەم شێوازی وزە بەرهەمهێنانە بەپێی توانا هەڵبوەشێنرێتەوە ٣- ئەم شێوازە دەستبەجێ ڕابگیرێو هەڵبوەشێنرێتەوە. ئەلتەرناتیڤی دووەم زۆربەی دەنگی بۆ درا. پەرلەمان بڕیاریدا ئەم شێوازە پلەبەپلە تا ساڵی ٢٠١٠ هەڵبوەشێنرێتەوە.

## ئۆلوف پالمێ Olof Palme

***(بەشانازی‌و بە خۆشیەوە من دیموکرات‌و سۆسیالیستم. لەو کاتەوە کە لەهندستان دەگەڕام‌و هەژارییەکی لەڕادە بەدەرم دەبینی‌و لەهەمانکاتیشدا دەوڵەمەندییەکی لەڕادە بە دەریشم دەبینی. کە لەویلاتە یەکگرتوەکانیش دەگەڕام‌و هەژاریەکی لەوەش خراپترم دەبینی...)***

ئەم وشانە لەوتارێکی بەناوبانگ‌و کلاسیکی ئۆلوف پالمێ Olof Palme وەرگیراوە، کە بۆ دیباتی هەڵبژاردنەکانی ساڵانی **١٩٨٢** وتبووی. Olof Palme بەوە ناسرابوو کە لەکاری ئینتەرناسیونالیدا چالاکو گوێ بە سنوورەکان نادات. تا ئێستاش لەزۆر بۆنە جیهانیەکاندا ناوی دەهێنرێت. بە تایبەتی بە هۆی چالاکیە بەربلاوەکانی سەنتەری Olof Palme و ڕێکخراوە کرێکارییەکانی سوید لەسەرتاسەری جیهاندا. یەکێ لەترادیسۆنەکانی سۆسیال دیموکراتەکان کارکردنە لەپێناوی سۆلیدارێتی ئینتەر ناسیونالی و کێشەکانی ئاشتی لەسەر ئاستی جیهان. دوای جەنگی یەکەمی جیهانی یالمەر برانتینگ Hjalmar Branting خەلاتی نۆبلی بۆ ئاشتی پێبەخشرا هەروەها ئەلڤا میردال Alva Myrdal لەبەر چالاکییەکانی لەپێناوی مەسەلەی ئاشتی دا، بەتایبەتی دوای کاتی جەنگ‌و خەباتی بۆ کەمکردنەوەی بەرهەمهێنانی چەکی ئەتۆمی، ساڵی **١٩٨٢** ئەمیش خەلاتی نۆبلی بۆ ئاشتی وەرگرت. لە **٢٨/** شوباتی



**١٩٨٦** ئۆلوف پالمێ Olof Palme لەیەکێ لەشەقامە سەرەکیەکانی ستۆکهۆڵم کوژرا، ئەمە لەکاتێکدا بوو کە لەگەڵ ژنەکەیدا بە دوو قۆڵی لەسینەما دەگەڕانەوە.

## ئینگڤار کارلسون Ingvar Carlsson

دوای کوشتنی Olof Palme ئەم کرا بە سکرتێری نوێی حزب. ئەم بە پلەی سەرەکی لەهەوڵدانیدا بوو بۆ هێنانە پێشەوەی ژنان لەسیاسەتدا. لەسەردەمی ئەمدا، بە بەرنامە پارتی سۆسیال دیموکرات لەلیستی هەڵبژاردنەکانی خۆیان بە پرنسیپی کاندیدکردنی پەنجا بە پەنجای ژنان‌و پیاوان کاریان کرد. دوای هەڵبژاردنەکەی ساڵی **١٩٩٤** نیوەی ئەندامانی حکومەتەکەی سۆسیال دیموکراتەکان ژن بوون .

***ئێمە دەمانەوێ گەشەی ئابووری بەردەوام بێت .. هەر لەبەر ئەوە پێویستە پارسەنگی خۆشگوزەرانی ماتریالی خۆمان و سروشت‌و ژینگەمان ڕاگرین ..***

ئەمە لەوتەکانی سەرۆك وەزیران ( Ingvar Carlsson) بوو لەکۆنگرەی LO ی ساڵی **١٩٨٦**. لەهەشتاکاندا پرسی ژینگە بە تەواوی پەرەی سەندبوو، بایەخێکی زۆری پێدەدرا. لەلایەن پەرلەمانەوە پروگرامێکی هەمە لایەنە، بۆ بەرگرتن لە پیسبوونی هەواو ژاراویبوونی زەویی کشتوکاڵی‌و ئاو ، دانرا.

## ساڵانی نەوە دەکان

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

حکومـەتی کۆنزەرڤاتیفـەکان لـەنێوان ١٩٩١- ١٩٩٤دا ئـابووریی سویدیان گەیاندە  پلەی خواری خوارەوە. کاتـێ سۆسـیال دیموکراتـەکان متمانەی دەنگـدەرانیان وەگـرت بـۆ هێنانـە دەرەوەی سـوید لـەخراپترین کـریس ی دوای سـاڵانی (١٩٣٠)یـەوە، دوو ئامـانج ، وەك ئامـانجی سەرەکی دیاریکران . هێمن ڕاگرتنـی بودجـەی حکومـەتیو نیـوەکردنی ژمارەی بێکاری. حکومـەتی کۆنزەرڤاتیفـەکان، ئابوورییـەکی داتـەپیو، بودجەیەکی حکومیی سـاڵانە قـەرزدار بـە٢٠٠ ملیـار کرۆنیـان لـەپاش خۆیـان بەجێهێـشت. هـەمان کەمتەرخـەمی سـەبارەت بـە بودجـەی حکومەت لەو پارێزگایانەشدا بەدی دەکرا کە ئەمان تیایاندا دەسەڵاتدار بوون. ڕاستڕەوەکان زۆر بەکەمی ئـارەزووی چاککردنی ئـابووری کـەرتی گشتیان هەبوو، بە پێچەوانەوە بەلای ئەوانەوە کەمکردنەوەی بودجەی ئەو کەرتە بە شـێکی گرنگـی سـەردەمەکەیان بـوو. سۆسـیال دیموکراتـەکان سـاڵی ١٩٩٤ دەسـتبەجێ کەوتنـە خـۆ بـۆ ڕێکخـستنەوەی بـاری ئیکۆنـۆمی، بەمەبەسـتی بەردەوامیـدانی درێژخایـەن بـە سیـستەمی خۆشگوزەرانی. لەناوەڕاستی نەوەدەکاندا، سۆسیال دیموکراتـەکان ناچـار بوون بۆ چاککردنی باری ئابووری لەزۆر لایەندا مەسـرەف کەمبکـەنەوە، کـەرتی گـشتی زۆر لەکارمەنـدەکانی کـەمکردەوە ئـەوەیش بـووە هـۆی نزمبوونەوەی ئاستی خزمەتگوزارییـەکانو بـە پلـەی یەکـەمیش کـەرتی تەندروستیو پەروەردە زەرەرمەنـدبوون. ئـەم کێـشە ئیکونومیانـە بوونـە



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

هۆکـار بـۆ گۆڕانکـاری لەسـترکتوری کـەرتی تەندروسـتیدا. بێکارییـە گەورەکـە هۆکـاری کریـسە ئیکۆنۆمیەکـە بـوو. تـەنیا بەسیاسـەتی حەکیمانەی بواری بودجەی حکومەت، توانرا خەبات دژی بێکاری بکرێ. هـەموو شـتێك لـەپێناو پاراسـتنی درێژخایـەنیی سیـستەمی خۆشـگوزەرانیدا بـوو. کاتـێ ئیکۆنـۆمی نیـشتمانی کەوتـەوە سـەرپێی خـۆی، پرۆگرامـی خۆشـگوزەرانی سۆسـیال دیموکراتـەکان رووی کـردە ئەوەی کـە خۆشـگوزەرانیەکەی سـوید لەئاسـتی جیهانیـدا بـێو هـەموو مرۆڤێکی سویدی وەك یەك چانسی باشیان هـەبێ بـۆ ژیـانێکی بـاش. کـارێکی ریفۆرمانـەی سەرتاسـەری دەسـتپێکرد. بەتایبـەتی سۆسـیال دیموکراتـەکان بەلایانـەوە گـرنگ بـوو کـوالیتی خوێندنگـەکانو نەخۆشخانەکانو دایەنگەو باخچەی ساوایانو خانەی پیران چاکتربکەن.

ساڵی ١٩٩٣ Mona Sahlin مونا سالین[*] یەکەم ژن بوو کـە کاندید کرا بۆ سکرتێری حزب. لەو سەردەمەدا کە ئەو وەزیری یەکسانی بوو، پرسی یەکسانی ڕووبەرێکی فراوانی داگیرکرد. ساڵی ١٩٩٤ گـەلی سوید لەڕاپرسیەکدا بەشداریکرد سـەبارەت بـە چـوون یـا نەچـوونە نـاو یەکێتی ئەورووپا. ئەوە بـوو سـاڵی١٩٩٥ سـوید لەگـەڵ فنلەنـدو نەمـسا

[*] لەهەڵبژاردنـەکانی سـاڵی ٢٠٠٦دا سۆسـیال دیموکراتـەکان زۆرینـەیان لەدەسـتدا. لەسـەرەتای ٢٠٠٧ دا لایەنە کۆنزەرڤاتیفەکان لەسوید حکومەتیان دامەزراند. یـۆران پێرشـۆن کـە سـکرتێری حزب بوو دەستی لە کار کێشایەوە. حزبی سۆسیال دیموکراتی سویدی لـە ڕۆژانـی ١٧و ١٨ / ی ئازاری/ ٢٠٠٧ کۆنگرەیەکی نائاسایی بەستو خاتو مۆنا سالین وەك سکرتێر هەڵبـژێردرا. کـە بـۆ یەکەمجار لەمێژووی ئەم حزبەدا ژنێك بوو بەسکرتێر. (وەرگێڕ)

بوون بە ئەندامی ئەو یەکێتی یە. سەرەتای نەوەدەکان رژێمی ئەپارتایدی باشووری ئەفریکا هەڵوەشایەوە . سۆسیال دیموکراتەکان لەگەڵ بزاڤی کرێکاریو بەشی زۆری کۆمەڵگەی سوید خەباتیانکردوە بۆ دیموکراسیو دادپەروەری لەباشوروی ئەفریکا ئۆلوف پالمێ Olof Palme هەر زوو بەشداریکردوە لەکاری دژ بە رژێمی نەژادپەرستی باشووری ئەفریکا. سۆسیال دیموکراتەکان لەمێژووی خۆیاندا بەردەوام بایەخی زۆریان بە خەباتی ئنیتەر ناسیونال داوەو ئێستاش لەو بوارەدا هەر بەردەوامن . ساڵی ١٩٩٦ Ingvar Carlsson وەك سکرتێری حزب دەستی لەکار کێشایەوەوG?ran Person یۆران پێرشۆن بوو بە سکرتێر. ئەم پێشتر لەحکومەتی سۆسیال دیموکراتەکاندا وەزیری خوێندنو وەزیری دارایی بووە. دوای ئەوە ئەم بوو بە سەرۆکی حکومەتو پاش هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٩٨یش لەپۆستەکەی خۆیدا مایەوە.

### سەرەتاکانی سەدەی نوێ

نیوەی یەکەمی ساڵی ٢٠٠١ سوید لەیەکیتی ئەوروپا دا رۆڵی سەرۆکایەتی هەبوو. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە حکومەتە سۆسیال دیموکراتیەکە رۆڵێکی گرنگ ببینێ لەرۆژەڤی سیاسی ئەوروپادا. سۆسیال دیموکراتەکان سێ پرسیان بۆ بایەخپێدان هەڵبژارد. فراوانکردنی یەکێتی ئەوروپا رووەو ئەوروپای رۆژهەڵات خستنە سەرکاری



بێکاران و ژینگە. هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٢ سەرکەوتنێکی مەزن بوون بۆ سۆسیال دیموکراتەکان. لەهەڵبژاردنەکانی پەرلەماندا حزب توانی بەرِادەی ٣ر٤ واتە بۆ ٣ر٣٩ ٪ دەنگەکانی بەرزبکاتەوە. دەنگدەران بە ئاشکرا ئەوەیان دیاریکرد کە خۆشگوزەرانی بەلایانەوە گرنگترە لە کەمکردنەوەی باج بۆ خاوەن دەرامەتە بەرزەکان. ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠٣ وەزیری دەرەوەی سوید خاتو Anna Lindh ئەنا لیند کۆچی دوایی کرد ، چونکە رۆژێك پێشتر لەیەکێ لەبازارە گەورەکانی ستۆکهۆلم (NK) درابووە بەر چەقۆ. ئەم کوشتنە لەگەرمەی بزوتنەوەی هەڵبژاردنو راپرسی سویدا بوو بۆ ناو یەکێتیی دراوی ئەورروپا EMU.

مەكتەبی بیروهۆشیاری

# پرۆگرامی پارتی سۆسیال دیموکراتی سوید

کۆنگرەی ساڵی ٢٠٠١ پەسەندیکردووە



مەكتەبی بیروهۆشیاری

## ١- سۆسیالیزمی دیموکراتی

سۆسیال دیموکراتی دەیەوێت کۆمەڵگەیەك دروستبکات کە بناغەکەی لەسەر بنەما دیموکراتییەکانو یەکسانی هەموو مرۆڤەکان دامەزرابێت. مرۆڤی ئازادو هاوتا، لەکۆمەڵگەیەکی بەتەنگیەکەوە هاتوودا، ئامانجی سۆسیال دیموکراتەکانە. هەموو مرۆڤێك، وەك تاك، ئەبێ ئازاد بێ لەگەشەکردندا. خۆی سەروەری ژیانی خۆی بێو کاریگەری هەبێ بۆ سەرکۆمەڵگەکەی. ئازادی بەو واتایە کە دووربێ لەزۆر لێکردنی دەرەکی، چەوساندنەوە، برسێتی، نەزانین و ترس لەداهاتوو. هەروەها ئازادی لەهاوبەشیکردن لەکارو بریاردانەدا بۆ گەشەکردنی خۆیو پێکەوە ژیانێکی ئاسوودە لەگەڵ ئەوانیترو بوار بۆ بەرێوەبردنی ژیانی خۆیو هەڵبژاردنی دوا ڕۆژی خۆی. ئازادی ئەمجۆرە مرۆڤانە پێویستی بە هاوتاییە. هاوتایی ئەوەیە کە هەموو مرۆڤەکان بە هەموو جیاوازییەکانیانەوە هەمان بواریان بۆ برەخسێنرێ بۆ بنیاتنانی ژیانی تایبەتی خۆیانو بۆ کارکردنە سەر کۆمەڵگە. ئەم هاوتاییەش پێویستی بە مافی هەڵبژاردنو مافی گەشەکردنی جۆراو جۆریان هەیە، بێ ئەوەی ئەم جۆراوجۆرییە ببێتە هۆی ژێر دەستەییو جیاوازی گەورە لەدەسەڵاتو توانای هەڵوێست وەرگرتن لەژیانی ڕۆژانەو لەکۆمەڵگەدا.

ئازادیو یەکسانی، هەردوکیان بەندن بەمافەکانی تاكو بەکۆمەڵ چارەسەر دۆزینەوە بۆ گەیشتن بە باشترین ڕێگا بەیەکەوە، کە دەبێتە بەردی بناغە بۆ ژیانو بوارەکانی ژیانی تاکەکان. مرۆڤ گیانلەبەرێکی

مەکتەبی بیروهۆشیاری

کۆمەڵایەتییە کە پێکەوە، بەهەماهەنگی لەگەڵ یەکتر، گەشەدەکەن‌و بەرەو پێشەوە دەچن. زۆر لەو شتانەی بۆ خۆشگوزەرانی تاکەکان گرنگن تەنیا هەربە هاوکاری لەگەڵ ئەوانیتردا دێنەدی. بەسۆلیدارێتی ژیانێکی باش بۆ هەمووان دەستەبەر دەکرێ. سۆلیدارێتی لەو بیرۆکەیەوە دێت کە دەڵێت هەموومان پێویستمان بەیەکترە. چاکترین کۆمەڵگەش ئەو کۆمەڵگەیەیە کە هەموومان بە بایەخ بەیەکدان‌و بەرێز لەیەکگرتن دروستی دەکەین. هەمووان دەبێ هەمان مافیان هەبێ، هەموان بواریان بۆ بلوێ بۆ کارکردنە سەرچارەسەری کێشەکان. دەبێ هەمووان هەمان ئەرکیان لەسەرشان بێ‌و لێی بەرپرسبن.

سۆلیدارێتی نابێتە کۆسپ لەرێی گەشەکردن و بەرەو پێشەوە چوونی تاکە کەسی، بەڵکو دەبێتە رێگر لەبەردەم خۆپەرستی هەندێ کەسدا کە بۆ بەرژەوەندی خۆیان کەسانی تر بەکار دەهێنن.

هەموو دەسەڵاتێك، دەبێ لەو کەسانەوە هەڵقوڵابێ کە هەموو پێکەوە کۆمەڵگە پێکدەهێنن. بەرژەوەندییە ئابوورییەکان هەرگیز مافی سنووردارکردنی دیموکراتییان نییە. دیموکراتی، هەمیشە، مافی مەرج دانان‌و سنووردارکردنی ئابووری‌و بازاری هەیە. دەبێ زۆر رێگاو پلان بۆ پراکتیزەکردنی دیموکراتی تاقیبکرێنەوە. سۆسیال دیموکراتی هەوڵدەدات بۆ جۆرە رێکخستنێکی کۆمەڵگە، کە لەوێدا مرۆڤەکان وەك هاوولاتی‌و وەك تاك بتوانن کاریگەرییان بۆ سەر گەشەکردن‌و کاروباری رۆژانەی کۆمەڵگە هەبێ. ئێمە ئامانجمان رێکخستنەوەی



مەکتەبی بیروهۆشیاری

ئابوورییە بەشێوەیەك هەموو مرۆڤێك وەك هاوولاتی، وەك مووچەخۆرو وەك بەکاربەر(موستەهلیك) بتوانێ کاربکاتە سەر رەوتی بەرهەمهێنان‌و دابەشکردن‌و سەر ئۆرگانەکانی کارکردن‌و هەلومەرجەکانی کار. سۆسیال دیموکراتەکان دەیانەوێ ئەم بنەما دیموکراتیانە لەناو گشت کۆمەڵگەو پەیوەندی نێوان تاکەکاندا رەنگبداتەوە. ئامانجیان کۆمەڵگەیەکە بێ سەردارو بێ بندەست، بێ جیاوازیی چینایەتی، بێ پیاوسالاری‌و بێ جیاوازی نەتەوایەتی. کۆمەڵگەیەك هەمووان پێویستن‌و هەمووان شوێنیان دەبێتەوە. هەموو هەمان ماف‌و هەمان نرخیان هەیە. گشت منالآن دەتوانن بە ئازادی گەشەبکەن‌و لەگەورەییدا مرۆڤی سەربەستیان لێدروستببێ. هەریەکە خۆی ژیانی خۆی‌و کاتی رۆژانەی خۆی ئاراستە دەکات‌و بە هاوتایی‌و هەماهەنگی لەگەڵ ئەوانیتر بەشداری دەکات لەخزمەتکردنی کۆمەڵگەکەی بەشێوەیەك کە چاکەی هەمووانی تێدابێت. ئەم بنەما فیکرییانەی سۆسیال دیموکراتەکان بەمیرات لەنەوە پێشینەکانەوە ماونەتەوە کە بەتاقیکردنەوەو شارەزایی دارێژراون‌و هێزی بزوێنەرن لەئامانجە سیاسیەکانی ئەمرۆو سبەینێدا. قووڵترین رەگی سۆسیال دیموکراتی لەو قەناعەتەدا ریشەی داکوتاوە کە هەموو مرۆڤەکان هاونرخی یەکن‌و ناکرێ مافی هیچ مرۆڤێك پێشێل بکرێ.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

## جیهانی ئەمڕۆ

جیهانی ئەمڕۆ بواری بێهاوتای رەخساندووە بۆ ژیانێکی دەوڵەمەندترو ئاسانتر بۆ هەمووان. ئەو بەرهەمانەی بەهۆی تەکنیکی نوێی بەرهەمهێنانەوە دەخرێنە بەردەست زۆرن، بەڵام دابەشکردنەکەیان یەکسان نییە. لەبەر ئەوە جیهانی ئەمڕۆ مۆرکی جیاوازییە قووڵەکانی پێوەیە، لەنێوان مرۆڤەکانو لەنێوان وڵاتاندا، چ لەڕووی خۆشگوزەرانیو چ لەڕووی دەسەڵاتەوە. گەشەکردنەکە نیشانەی پارادۆکسی پێوەیە زۆر لەوڵاتە هەژارەکان لەدواکەوتوویییەوە هەنگاویان ناوە بەرەو گەشەکردن، بەشێکی زۆرتری دانیشتوانی زەوی پشکی ئەم پێشکەوتنە بەردەوامەی بەردەکەوێ، بەڵام جیاوازییەکانی نێوان دەوڵەتە دەوڵەمەندو دەوڵەتە هەژارەکان هەر زۆرگەورەیە. جیاوازی بڵاو بوونەوەی تەکنیکی مۆدێرنی بەرهەمهێنانو زانستی مۆدێرنی دەرمانسازی هەڕەشەیە بۆ زیاترکردنی ئەو نا یەکسانییەی کە حاڵی حازر بوونی هەیە. هەروەها لەناو وڵاتە دەوڵەمەندەکانیشدا جیاوازییە چینایەتییەکان ڕوو لەفراوانبوونو ژمارەی هەژاران ڕووی لەزیادییەو کەوتنە دەرەوەی بازنەی کۆمەڵایەتی، واتە بە پەراوێز بوون، پەرەدەسێنێ. ژمارەیەکی زۆری خەڵك لەچاو جاراندا ئەتوانن ستایلی (شێوازی) تایبەتی ژیانیان بە ئارەزووی خۆیان ئاراستە بکەن. بەڵام لەهەمانکاتدا بێدەسەڵاتیو خەمۆکی لای ئەو کەسانەش زیاتر بووە کە کەوتوونەتە دەرەوەی بازنەی کارو لەکۆمەڵگەدا پەرتەوازەو گۆشەگیرکراون.



مەکتەبی بیروهۆشیاری

هیچ کاتێك، لەمێژوودا، دیموکراتی وەك ئێستا بەجیهاندا بڵاو نەبۆتەوە. لەزۆربەی وڵاتە دیکتاتۆرییەکانیشدا بزوتنەوە دیوکراسییەکان بە ئاشکرا لەجموجۆڵدان. بەڵام لەهەمانکاتدا پێویستە هێزە دیموکراسییەکان دژی بەرژەوەندییەکانی کەپیتالیستەکان (سەرمایەداران) خەباتبکەن. چونکە ئەوان هەڕەشەن بۆ پێگەی دیموکراسی. هەروەها دەبێ دژی بزوتنەوە ناسیونالیستییەکانو بیرو بۆچوونە ئوسولّییەکانو دژی دژایەتیکردنی کەمایەتییە نەتەوایەتییەکان لەکاردابێ. چونکە هەموویان دەچنە خانەی چەوساندنەوەو ماف پێشێلکردنەوە، دەبێ لەگەڵ ئەوانەشدا، دیموکراسی چارەسەری گرفتە ناوخۆییەکانی خۆی بکات، وەك گرفتی هەستکردنی زۆربەی دەنگدەران کە توانای کاریگەرێتییان بۆ گۆڕانکاری زۆر کەمە.

جێگۆڕکێی خەڵك لەجیهاندا پەرەیسەندووە. لەزۆر ڕووەوە کۆچکردن بۆتە سەرمایە بۆ ئەو وڵاتانەی کۆچیان بۆ کراوە. بەڵام بێتوانایی ئەم وڵاتانە لەمامەڵەکردن لەگەڵ فرە کولتووری بۆتە هەڕەشەی زەقکردنەوەی جیاوازییەکانو پەراوێز خستنی گروپە کۆچکردووەکان. ئەمەش لەگەڵ زۆربوونی بێکاری لەناو خاوەن بڕوانامە نزمەکانی لەدایکبووانی ئەو وڵاتانەدا بوون بە بەردی بناغە بۆ دروستبوونی بزووتنەوەی راستڕەوی بەناوەڕۆکی ناسیونالیستیو نەژاد پەرستی. کاری چەکداماڵین هەنگاوی باشی ناوە. کۆتایی هاتنی جەنگی سارد مەترسی پێکدادانی سەربازیی نێودەوڵەتی زۆر کەمکردۆتەوە. بەڵام ململانێی

مەکتەبی بیروهۆشیاری

چـەکداری لـەناو سـنووری هەنـدێ وڵاتـدا ، یـان هەنـدێ وڵاتـی هەڵوەشـێنراودا زیـادیکردووەو هەڕەشـە لـەئارامیو ئاسایـشی هەنـدێ ناوچەی بەرفراوان دەکات. شەڕە خوێناوییـە ناوخۆییـەکان بوونەتـە هـۆی لەناوچوونی سـەدان هـەزار مـرۆڤ. ملیۆنـەها کـەس ئـاوارەبوونو بنـەما ئابووریو کۆمەڵایەتییەکانی ئەو وڵاتانە زەبـری وایـان پێگەیـشتووە کـە ماوەیەکی درێژی دەوێت تا بێنەوە سەر خۆیان.

بـەکارهێنانی توانـا ماتریالییـەکانی گـۆی زەوی مەرجـە بـۆ داهاتوویەکی باش بۆ مرۆڤایەتی. پرسی ژینگە لەسەر ئاستی سیاسەتی نـاوەوەو دەرەوەدا کێـشی لـەزیاد بووندایـە. بـەڵام سیـستمی ئیکۆلـۆژی زەوی لەژێر فشارێکی گەورەدایە، چ بـەهۆی تـەکنیکی بەرهەمهێنانـەوە کـە کەرەسـەی خـاوی زۆری دەوێو چ بـەهۆی شـێوازی ئێـستای بـەکار بردنەوە، کە لەوڵاتە پیشەسازییەکاندا باوە. ئەو جۆرە تەکنیکەی لەگـەڵ ژینگـەدا دەگونجـێ زۆر بـە خـاوی جـێگیر دەبـێ. هـەر دوو سـترکتووری ئابووریو کۆمەڵایەتی ئاسـتەنگن لەبـەردەم ئـەو هـەنگاوە پێویـستانەی دەبێ بنرێن بۆ پتەوکردنی باری ئیکۆلۆژی.

لـەم پارادۆکـسەدا بـەڕوونی شـێوازێکی خـەبات بەدیـدەکرێ لـەنێوان دەسەڵاتی دیموکراسیو دەسەڵاتی کەپیتالیزمیدا، لەنێوان بەرژەوەندییـە جەماوەرییـەکانو بەرژەوەندییـە سـەرمایەدارییەکان. ئـەم ناکۆکیانـەش کلاسـیکین. مەرجـەکانی بەرهـەمهێنان کـە بەرهـەمی سـەردەمی بەجیهانیبوونو شۆڕشی تەکنۆلۆژیای نوێن ناکۆکییەکانیان زەقتر کـردو



مەکتەبی بیروهۆشیاری

بوون بە هەڕەشەی نوێ بۆ هێزە دیموکراسییەکان. بـەڵام ئەمـەش تـەواوی ڕاستییەکە نییە. بەرژەوەنـدی سـەرمایەداری تاکـە هـۆی جیاوازییـەکانی نێوان وڵاتە دەوڵەمەندو هەژارەکان نین، بەڵکو بەرژەوەندی تایبەتی وڵاتە دەوڵەمەندەکانیشە. بەتەنیا بەرژەوەنـدی قـازانجی بەپەلـەو کـورت خایـەن نییە کە هۆکاری کێشەکانی ژینگەی ئەمڕۆیـە، بـەڵکو بـەهۆی شـێوازی ژیانی وزە هەڵلوشێنەرەوەیە کە دەکرێ بە ویستی تایبەتی تاکە کەسـانی بەکاربـەر بگـۆڕدرێ. تـەنیا دەسـەڵاتی ئـابووری نییـە کـە مـرۆڤ بـەرەو هەژاریو ژێر دەستەیی کۆمەڵایەتی دەبات، بەڵکو چەوساندنەوەی ژنانو نایەکسانی نێوان هەردوو رەگەزیش هۆکارێکە.

ئەگـەر سـوود لەهەلـەکان وەربگیرێـت بـۆ زیـادکردنی دادپـەروەری، زیـاترکردنی خۆشـگوزەرانیو پتـەوکردنی دیموکراسـیو زیـاتر بڵاوکردنـەوەی، کـە سـەرەڕای کێشەکانیـشی ئـەمڕۆ زیـاتر بـواری بـۆ رەخساوە، ئەوا پێویست بە وریاییە لەهەموو ئـەو لایەنانـەی دەبنـە هـۆی جیاوازی دروستکردن لەبواری دەسەڵات، ئازادیو خۆشگوزەرانیدا.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

## ڕێکخستنەوەیەکی نوێی بەرهەمهێنان

ئابووریو بازاڕی کار کاریگەرییان بۆ سەر هەموو کۆمەڵگاوە هەیە، ئەم بۆچوونە بەردەوام مۆرکی شیکاری کۆمەڵگا بووە لای سۆسیال دیموکراتەکان. کە تەکنیکی کارگەی مۆدێرنو شێوازی نوێی بەرهەمهێنانی پیشەسازی هاتە کایەوە، بەتەنیا شێوازی کارکردن نەگۆڕا، بەڵکو هەموو کۆمەڵگە گۆڕا، ئەمە کاریکردە سەر تێگەیشتنی مرۆڤ لەخۆیو لەجیهان. کاریکردە سەر ژیانی ڕۆژانەو لەئەنجامیشدا کاریکردە سەر جۆری ڕێکخستنی کۆمەڵگە. دەسەڵاتی پاشایەتیو حوکمی زۆرداریی ناچار بووە ملبدا بۆ حوکمی دیموکراسیو دەسەڵاتی هەڵبژێردراو، بەهەمان شێواز، ئەمڕۆ کۆمەڵگە لەگۆڕاندایە. چونکە ئەم گەشەکردنەی زانستو تەکنیكو هەلومەرجەکانی بەرهەمهێنان ژیانی کارو بازاڕ دەگۆڕێ.

ئێستا پیشەسازی پشکی گەورەی بەرهەمهێنانی نەتەوەیی پێکدێنێ. بەڵام بەردەوام ژمارەی کرێکاران لەکەمبوونەوە دایە. کەرتە خزمەتگوزارییەکانیش کە لەفراوانبووندان تا دێت بۆ کار رەخساندن گرنگتردەبن. داوای بڕوانامەی بەرز لەزۆربەی شوێنی کارەکاندا لەهەڵچووندایە. کارگە زۆر گەورەکان بەجیهانی دەکرێن. لەهەمان کاتیشدا کارگە بچووکەکانیش لەبەرەو پێشەوە چووندان، ئەمانە



مەکتەبی بیروهۆشیاری

هەموویان دەبنە مایەی هێنانە پێشەوەی مەرجی نوێ بۆ کارو لەوێشەوە کاریگەری نوێ بۆ سەر کۆمەڵگە.

تەکنۆلۆژیای زانیاریی مۆدێرن لەگرنگی نێوانە جوگرافییەکانو سنوورە نەتەوەییەکان کەمدەکاتەوە. دەرگای نوێ بۆ ڕێکخستنی بازاڕو ئابووری دەکاتەوە، دراو بە خێرایی لەشوێنێکەوە بۆ هەموو شوێنێکی جیهان دەگوێزرێتەوە. دەکرێ یەك بەرهەم لەکۆمەڵێ کارگەی ناو وڵات یان وڵاتانی جیاجیا بە هاوبەشی بەرهەمبهێنرێت، کەناڵو ڕێگای چالاك دەکرێتەوە بۆ ئاڵوگۆڕکردنی زانیاریو مامەڵەی ئابوورییانە. جۆرو بواری کارگەو کاری تەواو نوێ چەکەرە دەکەن، لەهەمانکاتیشدا شێوازی کار لەبوارە کۆنەکانی پیشەدا لەگۆڕانکاریدان. گۆڕانکارییەکانی بواری ئیکۆنۆمی، تەکنیكو ژیانی کار ڕایەڵی کۆمەڵایەتی نوێ دروستدەکاتو داواکاری نوێ ڕووبەڕووی سیاسەت دەبێتەوە. هەلی نوێ بۆ جێگیرکردنی یەکسانیو دادپەروەری دێنەکایەوە. بەڵام لەهەمان کاتیشدا جۆری نوێی ناعەدالەتیو کێشەی کۆمەڵایەتی سەر دەردێنن. بەجیهانیکردنی ئابووری پێویستی بە بەجیهانیبوونی سیاسەتو کاری سەندیکاییە، پێویستی بە ئۆرگانی نوێی سیاسیو سەندیکایی دەبێتو تەحەدای نوێی تیایە بۆ جێبەجێکردنی دیموکراسی. هۆکاری تریش هەیە جگە لەهۆکاری گۆڕانکاری تەکنیکیو ئابووری کە کاریگەرییان هەیە لەگۆڕینی کۆمەڵگەداو داوای نوێ ڕووبەڕووی سیاسەت دەکەنەوە. کۆمەڵگەی خۆشگوزەرانو ئارامی کۆمەڵایەتی

سەربەخۆییەکی زیاتری بەخشیوە بە خەڵك‌و ئێستا ئـەوان زیـاتر خۆیـان بڕیار لەشێوازی ژیانی تایبەتی خۆیان دەدەن. ئەو زیادبوونەی یەکسانیی نێوان هەردوو ڕەگەزی نێرومێ ڕێگـا خۆشـکەرە بـۆ بـواری هەڵبـژاردنی شێوازی ژیان بۆ تاکەکان، شێوازی تێڕوانینی مرۆڤەکان بۆ خۆیـان‌و بـۆ بەرامبەرەکانیانی گۆڕی. ئەمانـە هـەموو کاریگـەرییان هەیـە بـۆ سـەر ڕایەڵە کۆمەڵایەتییە کـۆن‌و تەقلیدییـە باوەکـان‌و بـۆ هێنانـە پێشـەوەی داواکاری نوێ، پەیوەندی زیاتر هاوتاو یەکسان، چ لـەنێوان خێـزان یـان کار یان ژیانی کۆمەڵایەتیدا.

## هێزی سەرمایە ـ دەسەڵاتی سەرمایە

لەسیاسەتی بەرهەمهێنانی ئابووری کەرتی تایبەتدا، قـازانج لەسـەرو هـەموو بەرژەوەندییەکانەوەیـە. بێگومانـە ئـەوەی چـۆن قازانجەکـە دەسـتگیردەکرێ‌و بـە چ نرخێـك لەسـەر کۆمەڵگـەو خـەڵکی‌و ژینگـە دەکەوێ.

لەمێـژە هێـزە سیاسـییەکان‌و سـەندیکاییەکان دژ بـەم قازانجـە یـەك ڕەهەندییە کاریانکردووە. بـەڵام لـەم گۆڕانکارییانـەی ئێسـتا ڕوو دەدەن هێزی ئـەمان ڕووی لەکزییە. بەرژەوەنـدی سـەرمایەداری ئێسـتا کـەمتر پابەنـدە بـە مەڵبەنـدە نەتەوەییەکانـەوە کـە هـەردوو لایەنـە سیاسـی‌و سەندیکاییەکان تیایدا کاران.

گـەر بەرژەوەندییـە ئابوورییـەکان پابەنـدی هـەل‌و مـەرجی شـێوازی بەرهەمهێنانی جـاران نـەبێ، ئـەوا لەبەرامبـەر هێـزە دژەکانیانـدا ئـازاد دەبـێ کـە ئـەوان لەسـەر بنـەمای کـارو بەرهـەمهێنان لەشـوێنێکی دیاریکراودا کار دەکەن. ئەم بەهێزییە لەدەسەڵاتدا وا لەسەرمایە دەکات ببێتە مایەیی نا ئارامی لەئیکۆنۆمی جیهانداو زۆرجار کێشەی گەورەی ئـابووری بـۆ هەنـدێك وڵات دروسـتکردووە. گـەورەترکردنی فابریکـە گەورەکان‌و یەکگرتنی سەنتەرە ئابوورییە گەورەکانی جیهان دەبنە هـۆی چـڕکردنەوەی دەسـەڵاتی ئـابووریی زەبـەلاح کـە لـەژێر دەسـەڵاتی دیموکراتیدا نامێنن. لەوڵاتە هەژارەکاندا هێـزی کـار بـەکرێی کـەم‌و بـە هەلومـەرجی نـاڕەوای ئیـشکردن دەچەوسـێنرێنەوە. هێـزی سـەرمایە بەتوندی‌و زۆرجار بـەمیتۆدی نـاڕەواش دژ بـە ئۆرگانـە سـەندیکاییەکان لەوڵاتـە دەوڵەمەندەکانـدا کـار دەکـەن ، ئـەو گروپانـەی خـەڵکی کـە چـاوەڕوانی قازانجیـان لێنـاکرێ لـەبازاڕی کـاردا پـەراوێز دەخـرێن. لەهەمانکاتیـشدا داوای زیـاتر کـارکردن لـەکرێکاران تەندروسـتی کرێکاران خراپ دەکات‌و تواناو وزەی کارکردنیان دەگوشێ. پیسکردنی ژینگـە لەزیادبووندایـە، بەتایبـەتی لەوڵاتـە هەژارەکانـدا، بـەهۆی بـەکارهێنانی زیـاد لەپێویـستی زەوی‌و توانـا مادییـەکان بـۆ قـازانجی زیاتری سەرمایەداران.

سەرمایە کاریگـەری خـۆی هەیـە لەسـەر دروسـتکردنی ڕای گـشتی‌و گفتوگۆکانی ناو کۆمەڵگـە. سـەرمایە بـەهۆی میدیاکانـەوە دەسـەڵاتی

بەسەر بیردا سەپاندووە. لەگۆشەنیگای جیهانی سەرمایەدارییەوە پارەو بەرەو پێشەوەچوونی ئیكۆنۆمی پێوەری باشەیەو شایانی هەوڵ بۆ دانە، بەها مرۆڤایەتییەكان وەك سوڵیدارێتیو هەست بەیەكتركردن بەپێی زەرەرو قازانج حسابیان بۆ دەكرێ. هێزی كار وەك كاڵایەك بۆ بەكارهێنان سەیر دەكرێ. پێویستی منداڵان بە كاتەكانی باوكانو دایكان دەكرێ بە قوربانی پێویستی كاركردن، پێویستی سروشتی مرۆڤ بۆ بەیەكەوە ژیانو نرخ بۆ یەكتر دانان دەكرێتە ئامانج بۆ برەودان بە شێوازی مامەڵەو بازرگانی پێوەكردن. ئەم زیانانەی لەم رووەوە بە كۆمەڵگە دەگات لەو زیانانە كەمتر نییە كە بەهۆی خراپ سوود وەرگرتنی سەرمایەداران لەتوانا ئابورییەكان، بە مرۆڤایەتی دەگات. ئەنجام كۆمەڵگەیەكی ساردو دڵرەق و بێ هاوبەشیكردنە. ئەم هێزە نوێیەی سەرمایە هەموو وێنەكە سەبارەت بە گەشەكردنی دەرناخات. هەروەها بەرژەوەندی سەرمایەداری پابەندە بە دەوروبەرەوە، بەو یاساو ڕێساو ژێرخانەی كە تەنیا ئۆرگانە كۆمەڵایەتییەكان دەتوانن دایبهێننو پیادەی بكەن. لەو كارمەندانەی كە دەتوانێ بەرهەمەكان بەرهەمبهێنێو لەو كڕیارانەی كە نرخی بەرهەمەكان دەدەن ئەم پابەندییە هەمیشە هەبووە، بەلاّم لەم سیستەمە نوێیەی بەرهەمهێناندا زیادیكردووە. ئێستا پێویست بە ژێرخانێكی دامەزراوی پتەوە لەڕووری تەكنیكیەوە كە تەنیا كۆمەڵگە دەتوانێ دابینیبكات، ئەویش لەڕێی هێزی كاری پسپۆڕو



خاوەن لێهاتوویی بەرزەوە لەگەڵ بازاڕی بەردەوام گەرم. ئەمەش بوار دەڕەخسێنێ بۆ كارتێكردنەسەر بۆ گۆڕان.

دیموكراسی مرۆڤی وای دروستكردووە كە دەیەوێت خۆی بڕیاری جۆری ژیانی خۆی بداتو هیچ ئاراستەكردنێك قبوڵ ناكات كە خۆی دەسەلاّتی گۆڕانكاری نەبێ. ئەمەو ئەو هێزەی ڕەوتی دیموكراسی كە لەم دەیان ساڵەی پێشوودا بەدەستی هێناوە لەخۆیاندا بەهێزترین بەرپەرچن لەبەرامبەر داوای بەرژەوەندییە ئابوورییەكاندا بۆ زاڵ بوون بەسەر گەشەكردنی كۆمەڵگەدا. ئێستا ئەو هەموو هێزانەی دژ بە سەرمایەداری جیهانین خۆیان بەهێزتر دەكەنو لەگەشەكردندان. سیاسەت لەبواری هاوكاری نێودەوڵەتیدا شێوازی نوێ دێنێتە كایەوە. وڵاتەكان سیاسەتی ئیكۆنۆمی خۆیان بە جۆرێك دەگۆڕن كە بواری جامبازیكردن كەمبكەنەوە. بزووتنەوە سەندیكاییەكان بەدوای ستراتیژی ئینتەرناسیونالیدا دەگەڕێن دژی كێبڕكێی هێزی كار. سەبارەت بە ژینگەو كرێی كار بزوتنەوە میللیەكان خۆیان فێری بەكارهێنانی تەكنیكی مۆدێرن دەكەن بۆ دروستكردنی ڕای گشتیو بۆ چالاكی نواندن. كاردانەوەی كڕیاران بەرامبەر هەڵوێستی كارگە نێودەوڵەتییەكان سەبارەت بە گەلانی وڵاتانی هەژار زۆرجار ئەو سەرمایەدارانەی ناچاركردووە بۆ لەئەستۆگرتنی بەرپرسی زیاتر بەرامبەر كۆمەڵگە. كاركردن بۆ ژینگەو هەنگاوە پێویستەكان بۆ گەشەكردنێكی گونجاو لەڕووی ئیكۆلۆجییەوە دژە هێزێكی

ئینتەرناسیونالییە دژ بە بیرکردنەوەی سەرمایەداری. لەواقیعدا، حالّی ئەمڕۆ، لەم بارەیەوە، لەسەردەمی شۆڕشی پیشەسازی دەچێ، کە لەسەرەتای سەرهەلّدانیدا بووە مایەی نا بەرامبەرییەکی قووڵ سەبارەت بە دابەشکردنی ئەو بەرهەمو توانا زۆرەی تەکنیکی ئەو سەردەمە هێنایەکایەوە.

بەر لەهەموو شتێك، ئەو گروپانەی سەرمایەو قازانجی کارگە نوێکانیان ئەو بوارەیان ڕەخساند بۆ چاکترکردنی گوزەرانی کرێکاران. پێشکەوتنی پیشەسازی بووە هۆی دروستکردنی پالّەپەستۆیەکی بەهێز بۆ دابەشکردنێکی عادیلانەتری دەسەلاّتو خۆشگوزەرانی، کە بزوتنەوە کرێکارییە پێگەیشتووەکان لەڕووی سیاسیو سەندیکاییەوە خۆیان ڕێکخست و بوونە هێزێك کە بە تواناتر بوو لەوەی کەمینەی خاوەن دەسەلاّتو سەرمایە بتوانێ خۆی لەبەرامبەردا ڕابگرێ.

بەهەمان شێوە تەکنۆلۆژیای نوێی سەردەم بواری مەزنی نوێ بۆ زیاتربوونی خۆشگوزەرانیو پەرەسەندنی دیموکراسی دەڕەخسێنێ. هەروەك لەسەرەتاکانی شۆڕشی پیشەسازیدا، ئێستاش ئەوانەی سەرمایەیان لەژێر دەستدایە زیاتر سوود لەقازانجی ئەم تەکنۆلۆژیایە دەبینن، بەجۆرێك کە جیاوازییەکانو ناعەدالەتی زیادی کردووە، بەلاّم هێزو وزەی ناو ئەو تواناییانەی ئەم شێوازە نوێیەی بەرهەمهێنان دەیهێنێتە ئاراوە لەوە زیاترە کە ئەو کەمایەتییە بتوانن دژی ڕابوەستن. ئێستاش وەك جاران ئەم توانایانە بەهێزتر خۆیان دەنوێنن بەتایبەتی کە



بەرژەوەندی زۆربەی گەلیان لەپشتەوەیە. هیچ سیستەمێکی ئابووری یان ڕێکخراوێکی کۆمەلاّیەتی ناتوانێ بەردەوام دژ بەو بەرژەوەندییانە بوەستێ. ئێستا کە تا ئەمڕۆ دەسەلاّت لەبەرژەوەندی سەرمایە دایە، تاسەر وانابێ. هەروەها ئەم حالّەتە ئەنجامێکی نەگۆڕی بە جیهانیبوون نییە. دەکرێ بەویستی سیاسیو سەندیکایی تێکبشکێنرێ. بواری مەزنی نوێ دێتە کایەوە بۆ کەمکردنەوەی جیاوازییە چینایەتییەکانو دەبێتە هۆی بلاّوبوونەوەی دیموکراسیو خۆشگوزەرانی، بەلاّم بۆ خستنەگەڕی ئەم بوارە نوێیانە پێویست بە ئیرادەی سیاسیو توانای سیاسییە. سۆسیال دیموکراتی سویدی دەیەوێت بەشێك بێت لەو توانا سیاسییەی کە بەجیهانیبوون دەکات بە ئامێرێك بۆ بەدیهێنانی دیموکراتی، خۆشگوزەرانیو عەدالەتی کۆمەلاّیەتی.

## چینایەتییەکی نوێ

چەمکی ((چین)) بریتییە لەو جیاوازییە بەردەوامانەی هەلومەرجی ژیانی مرۆڤ کە لەئەنجامی بەرمهێنانەوە دروست دەبێو کار دەکاتە سەر سەرجەمی ژیانی. جیاوازییەکان دەربارەی باری ئیکۆنۆمیو دەسەلاّتە بەسەر چۆنییەتی گوزەراندنی ژیانو هەلّبژاردنی جۆری کارو توانای مرۆڤە بۆ کارکردنە سەر ئەو کۆمەلّگەیەی تیایدا دەژی.

دیموکراسیو کۆمەلّگەی خۆشگوزەران جیاوازییە چینایەتییەکانیان کەمتر کردۆتەوە. بەلاّم هێشتا جیاوازی زۆر ماون، ئەویش بەهۆی بوونی

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

جیاوازی هەلومەرجی بەرهەمهێنان لەنێوان مرۆڤە جیاجیاکاندا. قەیرانی ئابووری ساڵانی نەوەدەکانی سەدەی پێشوو بووە هۆی سەرلەنوێ زیادبوونی جیاوازییە چینایەتییەکان. نا یەکسانی هەموو لایەنەکانی ژیانی تەنیوەتەوە، مووچە، هەلومەرجی کار، ئاستی تەندروستی، خوێندنی منالان، ژینگەی نیشتەجێبوونو توانای چوونە شوێنە کولتووریو رۆشنبیرییەکانو سوود وەرگرتن لەکاتی بێکاری جیاوازی زۆریان تیایە. ئێستاش وەك جاران، جیاوازییە چینایەتییەکان، واتا سنووردارکردنی تواناکانی مرۆڤە کە بە ئازادی پێبگاتو گەشە بکاتو بەهەمان مەرج لەگەڵ ئەوانیتردا هاوبەشی ژیانی کۆمەڵگە بکات. جیاوازیی سەرەکی لەنێوان ئەوانە دایە کە سەرمایەی گەورەیان لەژێر دەستدایەو دەیخەنە گەڕ، لەگەڵ ئەوانەی تەنیا دەتوانن هێزی کاری خۆیان بخەنەگەڕ. ئەمە هێڵی سەرەکییە لەشیکاری چینایەتیدا. بەڵام سیستمی نوێی بەرهەمهێنان گۆڕانکاری بەسەر هەردوو فاکتەری کارو سەرمایەدا هێناوە، کە ئەمەش کاریگەری هەیە بۆ سەر سروشتی وێنەی چینایەتی، گۆڕانکارییەکەش دوو لایەنەیە، لەلایەکەوە دژایەتییەکانی نێوان سەرمایەو کار قووڵتر دەکاتەوە، لەلایەکیترەوە سنوورە جیاکەرەوەکان زیاتر دێنێو دەبا. گۆڕانکارییەکی سەرەکی ئەوەیە کە مەرج نییە سەرمایەدار خۆی بەرپرسی بەرهەمهێنانو فابریقە بێ، خاوەندارێتی سەرمایە زیاتر نا دیارەو بەناوی پەیمانگەو بانكو فۆندو جۆرەها ناویترەوەیە، کە کاروباری بەڕێوەبردنو بەگەڕخستنی سەرمایەی



خەڵکیتر ئەنجامدەدەن. بەکار هێنانی سەرمایە لەلایەن دەزگاکانەوە زیاتر بۆتە هۆی بەرزبوونەوەی داوای قازانجی بەپەلە. لەهەمانکاتیشدا جموجۆڵی نێودەوڵەتی سەرمایەش ئەم داوای قازانجکردنەی بەهێزتر کردووە و وای کردووە پشکی بەگەڕخستنی سەرمایە لەقازانجدا زیاتربێت. لەزۆر رووەوە ئەمە کاریگەری بۆ سەر بەرهەم هەبووە، لەزیادکردنی زەبرو زەنگ، چەوساندنەوەی زیاتری کرێکارانو دەرکردنو بەگەڕخستنی کرێکاری کاتی. لێرەوە دژایەتی نێوان کارو سەرمایە قووڵتر بۆتەوە.

زۆر لەدەزگا سەرمایەدارییەکان ئێستا بەپارەی مووچەخۆران دروستکراون، وەك دەزگای فۆندی خانەنشینیو دەزگاکانی دڵنیایی. ئەمەش بۆتە هۆی زیادبوونی رۆڵی مووچەخۆران لەکارتێکردن بۆ چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەو سەرمایەیە، کە لەدرێژەدا دەبێتە مایەی لابردنی سنوورەکانی نێوان کارو سەرمایە.

لەبواری بەرهەمهێناندا، رۆڵی زانستو لێهاتوویی روو لەهەڵکشانە، پاشەڕۆژی کارگەو دامەزراوەکان زیاترو زیاتر پابەندن بە تواناو لێهاتوویی کرێکارەکانیانەوە چ ئەوانەی بڕوانامەی بەرزیان هەیەو چ ئەوانەی شارەزایی تەواویان لەئیشەکانیاندا هەیە، کە کرێکاران بتوانن چ لەناو گروپ چ بەتەنیاو لەجۆرەها بواردا کارەکانیان راپەڕێنن.. ئەمانە هەموو لەڕوانگەی چینایەتیو کۆمەڵایەتییەوە هۆکارن بۆ ئەوەی کرێکار بتوانێ لەکارەکەی خۆیدا خاوەن دەسەڵات

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

بێو پێگەیەکی بەهێزی لەژیانی ئابووریدا هەبێت. پەیوەندی دەسەڵاتدارێتی نێوان کارو سەرمایە گۆڕانی بەسەردا هاتووەو پێگەی کار بەهێزتر بووە. بەڵام ئەم گەشەکردنەش دوو لایەنەیە، چونکە لەهەمانکاتدا گروپی بە پرولیتاریابوو لەزیادبووندایە، کە پەیوەندییەکی لاوازیان بە بازاڕی کارەوە هەیەو بە توندی لەکۆمەڵگەدا پەراوێز خراون. بۆ ئەمانەش، دژایەتیکردنی سەرمایە توند تربووە.

ماوەی نێوان ئەوانەی لەبازاڕی کاردا پەراوێز خراونو ئەوانەی بازاڕ باوەشی بۆ کردونەتەوە درێژەو لەهەڵچووندایە. لەنێوان ئەوانیشدا گروپێکی پانو بەردەوام ڕوو لەزیاد بووی دڵنیاو جێ قایم هەیە لەڕووی ئابووریو کارکردنەوە. بەشێکیش لەم گروپە ئەوانەن کە سەرمایەی زانستییان هەیەو خاوەن گرنگی تایبەتنو پشکیان لەسەرمایەی کارە بازرگانیەکاندا هەیە.

ئەم گەشەکردنە دەتوانرێ وەك دروستبوونی سێ چین وەسف بکرێ. کە دەلوێ مەترسی هەبێ بۆ دوو لەسەر سێی کۆمەڵگا. بەو واتایەی کە چینی سەرمایەدار یەکدەگرێ لەگەڵ ئەو بەشە مام ناوەندییە خواپێداوەو دەبنە هاوپەیمان دژ بەوانەی پێگەیان لەبازاڕی کاردا لاوازە یان ئەوانەی بەتەواوی پەراوێزخراون. .هەروەها گەشەکردنەکە دەلوێ ببێتە مایەی دروستکردنی بەرەی ستراتیژی نوێ دژ بە بەرژەوەندییە سەرمایەدارییەکانو هێنانەکایەی بواری نوێ بۆ کاریگەری خستنە سەر شێوەی بەگەڕخستنی .



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

## ٢- کەلە پووری بیرو شیکاری کۆمەڵگا

سۆسیال دیموکراتەکان دەیانەوێت ڕووبەڕووی هەڕەشەکانی ئەمڕۆ بوەستن، چ لەناوخۆو چ لەسەر ئاستی ئینتەرناسیونال ئەویش بە پشت بەستن بە بەها تایبەتییەکانمان سەبارەت بە ئازادی، یەکسانیو هاوکاریکردن (سۆلیدارێتی) کە بەخیبرەی سیاسی خۆمان فێری بووینو بە ویستو ئیرادەو بەری ڕەنجی هێزی کۆمەڵگای دیموکراسی هاتۆتە ئاراوە.

## ١- بەهاکانمان

### ئازادی

ئازادی، بەو مانایە کە ئازادبیت لەپاڵەپەستۆی دەرەکیو چەوساندنەوە، لەبرسێتی، لەنەزانینو ترس. وەك ئازادی بۆ هاوبەشیکردنو پێکەوە بڕیاردان سەبارەت بە گەشەکردنی تایبەتی خۆ، پێکەوە ژیانێکی ئارامبەخشو ئازادی هەڵبژاردنی شێوازی ژیانو پاشەڕۆژی خۆ. ئازادیو مافی گشتی هاوولاتیان، مافی یەکسانی لەدەنگداندا، لەبیرکردنەوەو باوەڕی ئایینیدا، ئازادی ڕادەربڕینو ڕێکخراوەیی کە بەردی بناغەی ئازادین. بەڵام ئەمانە بە تەنیا بەس نین. جیاوازی ئابووریو کۆمەڵایەتی بواری جیاواز دەڕەخسێنێ بۆ هاوولاتییان بۆ سوود وەرگرتن لەم ئازادییانەو جیاوازی دەکەوێتە

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

چۆنییەتی دەسەڵاتدار بوونی مرۆڤەکان بەسەر ژیانی تایبەتی خۆیاندا. ئازادی راستەقینە بۆ گەشەکردنو هاوبەشیکردن پێویستی بە ئازادی مرۆڤەکانە لەژێردەستەیی ئابووریو کۆمەڵایەتیو کولتووری، لەچنگی گروپە خاوەن دەسەڵاتە ئابوورییەکانی دەرەوەی بازنەی کۆنترۆڵی دیموکراسییانە، لەبەرئەوە ئازادی بریتییە لە ئازادیو مافی تاکەکەسو ئەو بنەما کۆمەڵایەتییانەی دەبنە هۆی ئەوەی تاکەکان بواری ڕاستەقینەیان هەبێ بۆ گەشەکردنو بەرەو پێشەوە چوونو بەشداریکردن لەکاروبارەکانی کۆمەڵگەدا بە هەمان ئەو هەلومەرجانەی هەموو ئەوانیتر هەیانە.

## یەکسانی

یەکسانی، چەمکێکە دەربارەی ئەو بیرۆکەیەی دەڵێت هەموان هەمان بەهایان هەیە. هەمان بایەخو هەمان ماف. یەکسانی بریتییە لەمافی یەکسانی هەموان بۆ بەڕێوەبردنی ژیانی تایبەتی خۆیانو توانای کاریگەرییان بۆ ئەو کۆمەڵگەیەی تیایدا دەژین. یەکسانی لێرەدا بەو مانایە نییە کە هەموان وەك یەكو بێ جیاوازی بژین. بەپێچەوانەوە داواکردنی یەکسانی داواکردنی هەمە چەشنەییە. مرۆڤەکان دەبێ بە ئازادی بتوانن شێوازە جۆراوجۆرەکانی خۆیان هەڵبژێرنو گەشە بە ناسنامەی خودی خۆیان بدەن بێ ئەوەی بە ئەبێو نابێ سنووردارکرێنو بێ ئەوەی لەکۆمەڵگەدا ڕووبەڕووی مەترسیی پەراوێز خستن ببنەوە.



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

یەکسانی پێویستی بە هەمە چەشنی هەیە، بەڵام لەگەڵ جیاوازیکردندا یەکناگرێتەوە، یەکسانی مەرجی سەرەکیی ئازادییە. لەکۆمەڵگەیەکی نایەکساندا، ئەوانەی لەو نایەکسانییە زەرەرمەندن کەمتر ئازادن لەئاراستەکردنی ژیانی تایبەتی خۆیاندا. یەکسانی بوون پێویستی بە دابەشکردنێکی عادیلانەی ئەو ئیمکانیاتەیە کە گرنگی بۆ ئازادی مرۆڤەکان وەك توانای ئابووری، خوێندنو کولتوور دادەنێن. هەروەها ئازادی پێویستی بە یەکسانییە لەبەرامبەر بنەما کۆمەڵایەتییەکانو مەرجە ئابوورییەکاندا، بۆ ئەوەی هەموان بەشێوەیەکی دادپەروەرانە بواری گەشەکردنو هاوبەشیکردنیان هەبێ.

## سۆلیدارێتی

مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە. وەك بوونەوەری کۆمەڵایەتی هەموومان پێویستمان بە یەکترییە. مرۆڤ لەپێکەوە کارکردندا دەتوانێ وەك تاك لەڕووی هەستەکیو هۆشییەوە گەشەبکات. لەپێکەوە کارکردندا مرۆڤ ئەو کۆمەڵگەیە دروست دەکات کە مەرج دادەنێ بۆ شێوازی ژیانی تاکە کەسەکان. ئەم کارکردنە سەریەکترییە دوولایەنییە، پێویستی بە ڕێزلێگرتنو نرخ بۆ دانانی دوو لایەنیە ئەمەش کرۆکی سۆلیدارێتییە. سۆلیدارێتی پاڵپشتە بۆ ئەوانەی دژی ژێر دەستەیی لەخەباتدان، بۆ هەموان، بێ جیاوازی لەنێوان تواناکانیاندا. سۆلیدارێتی بنەمایەکی سەرەکییە بۆ دڵنیاییو پێکەوە ژیانی هاوبەشی

لەکۆمەڵگەدا. دڵنیاییو ژیانی هاوبەشی بەری باوەڕ بەیەکتری بوونە، نەك ئەنجامی دژایەتیکردنی یەکتریو کێبڕکێ. ئەم سۆلیدارێتییە پێویستی بەوەیە هەرکەس بەپێی تواناکانی خۆی بەشداریبکاتو بەرپرسیارێتی بەرامبەر کۆمەڵگەو ژیانی کار بگرێتە ئەستۆ. وەك هاووڵاتی داوا لەئێمەش دەکات لەکاتی نەخۆشیو پەککەوتەییو پیریو بێکاریدا، بۆ ژیانێکی ئاسوودەو ئارام ماف بدەین بەیەکتر. هەموان مافیان هەبێ بۆ سوود وەرگرتن لەسیستەمی خوێندنو سیستەمی تەندروستیو هاوبەشیکردنی کولتووری، رێزگرتن لەکەسایەتی وەك تاكو هاووڵاتی ناو کۆمەڵگە.

ئازادی، یەکسانیو سۆلیدارێتی هەرسێ پێکەوە بەردی بناغەی کۆمەڵگەی دیموکراسین. لەهەمانکاتیشدا تەنیا کۆمەڵگەی دیموکراتی دەتوانێ ئازادیو یەکسانیو سۆلیدارێتی بکا بە حەقیقەت. دیموکراتی خۆی بنەڕەتی تێڕوانینی سۆسیال دیموکراتییانەیە بۆ کۆمەڵگە، کە دەبێت ئایدیا دیموکراتییەکان ئاوێتەی هەموو لایەنیکی سیاسیو ئیکۆنۆمیو کۆمەڵایەتیو کولتووری ژیانی کۆمەڵگە بێت .

## ب: مێژووی بزاڤی کرێکاری

ئاشکرایە بزاڤی کرێکاری زادەی ژیانی پڕ لەکولەمەرگی مرۆڤە. بەرهەمی ژیانی پڕ لەهەژاریو چەوساندنەوەو بێڕێزیو ماف خوراوییە.



ئایدیا دیموکراسیو سۆسیالیستیەکان هەیکەلێکی سیاسییان بەخشی بەمجۆرە ژیانەو بوونە مایەی دروستکردنی ئەو ڕێکخستنانەی کە لەکۆمەڵگەدا تەواو جێی خۆیان کردەوە، ئایدیاکانی سۆسیال دیموکرات چەندین ڕیشەی هەیە. بەها بنەڕەتیەکانی وەك ئازادیو یەکسانیو برایەتی لەگفتوگۆ ڕادیکاڵییەکانی سەردەمی رۆشنگەرییەوە هاتوونو بەسەردەمی رەخنەگەرایی سالانی ١٨٠٠دا تێپەڕبوون ، کە ئەوکاتە فەیلەسوفە لیبرالو سۆسیالەکان بەدوای ئەلتەرناتیڤدا دەگەڕان بۆ ئەو کۆمەڵگە پڕ لەنارەواییانەی ئەو کاتانەدا. لەسوید بزاڤی بەردەوام پەرەسەندووی کرێکاری هێزو گوڕی لەترادیسۆنی حوکمی خۆبەخۆی میللی ناوچەیی هەڵئەگۆزی. کە سەرەتا وەك بزووتنەوەی جەماوەری بۆ ئازاد بوون لەهەڵبژاردنی کەمینەدا یان وەك بزووتنەوەی دژ بە خواردنەوە دروست  بوون. ئەم ئایدیایانەی دەربڕی تێڕوانینی بەکۆمەڵە بۆ کۆمەڵگە لەسەر بنەمای هاووڵاتی بوون دروست بوونو کاریگەرێتی دیموکراسییانە ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو بۆ هێنانە پێشەوەی سیاسەتی سۆسیال دیموکراتی، کە ئەمیش بە دەوری خۆی هەمیشە جەختی لەسەر هاوبەشیکردنی دیموکراتییانە کردۆتەوە.

ئازادیو یەکسانیو سۆلیدارێتی، بەڕادەیەکی زۆر پابەندن بە هەلومەرجی ناو کۆمەڵگەوە. هەر بۆیە خەبات بۆ ئازادیو یەکسانیو سۆلیدارێتی خەباتە بۆ دامەزراندنی ئەو ژێرخانە تایبەتییە بۆ کۆمەڵگەو ژیانی کار، کە ببێتە هۆی رەخساندنی بوار بۆ هەموو



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

تاکەکانی کۆمەڵگە، کە بە ئازادیو یەکسانیو لەسۆلیدارێتیدا بژین. ژیانی تاكو ژیان لەکۆمەڵدا یەکتری بە هێز دەکەن. ئامانج، هەموو کاتێك، خۆشگوزەرانیو بە ئازادی گەشەکردنی تاکەکانە. ئەم ئامانجەش تەنیا بە پێکەوە کارکردن لەپێناوی ئەو جۆرە کۆمەڵگەیەدا دێتەدی کە هەمووان هەموو ئەو مافانەیان هەبێ.

هەر بەم پێیە دیموکراسیو سیاسەت بوون بە ئامانجو وەسیلە بۆ بزاڤی کرێکاری. لەخەباتدا بۆ دیموکراسی هەردوو بەرەی سۆسیال دیموکراتیو بەرەی لیبراڵەکان لەیەك خانەدا خۆیان بینییەوە، بەڵام ڕۆژەڤی بزاڤی کرێکاری جیاوازی هەبوو لەگەڵ ڕۆژەڤی لیبراڵەکاندا. ئەوەی بزاڤی کرێکاری تەنیا بۆ ئەوە نەبوو کرێکاران لەچنگ هەژاریو هەلومەرجی سەختی کار قووتاربنو ژیانێکی باشتریان هەبێ. بەڵکو ئامانجی گۆڕینی هەموو کۆمەڵگە بوو . بەجۆرێك هەموو کرێکاران ڕزگاریان بێت لەهەژاری، برست لێبڕانو بەسوك تەماشاکردن، ڕێزیان لێبگیرێت بۆ ئەو کارانەی ئەنجامی دەدەن، لەگەڵ دەستکەوتنی پشکێکی مەعقول لەو شمەکانەی بەرهەمی دەهێنن. ئامانج گۆڕینی ئەو بنەما سەرەتاییانە نەبوو کە کۆمەڵگە ئامادەی کردبوو بۆ هاووڵاتیان. بەڵکو ئامانج لەناوبردنی جیاوازیی چینایەتی بوو، کە دەکرا هەر بە دیموکراسیو ڕێگای بەرفراوانترکردنی دەسەڵاتی گەل بێتەدی.

ئایدۆلۆژیای بزاڤی کرێکاری ڕێبازێکیشە بۆ شیکاری گەشەکردنی کۆمەڵگە. بەردی بناغەش گۆشە نیگای ماتریالیزمی مێژووییە، بەو



واتایەی کە تەکنیكو دروستکردنی سەرمایەو ڕێکخراوی کار - هێزەکانی بەرهەمهێنان - ڕۆڵی سەرەکییان لەداڕشتنی جۆری کۆمەڵگەو ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤەکانیدا هەیە.

ڕوانگەی ماتریالیزمی مێژوویی، پەیوەندی نێوان ئابووریو کۆمەڵگە، خاڵی یەکەمی سەرەکییە لای کارڵ مارکس، کە بەهاوکاری لەگەڵ فریدرێك ئینگلس، سەبارەت بە چۆنییەتی دروستبوونو مانەوەی ناعەدالەتی لەکۆمەڵگاکاندا ڕوونکردنەوەیەکیان داڕشت. خاڵی دووەمی سەرەکی بریتییە لەتیۆری خەباتی چینایەتی. بەپێی ئەم تیۆرییە گەشەکردنی کۆمەڵایەتی پابەندە بە چۆنیەتی شێوەی بەرهەمهێنانەوە. واتە دەسەڵات شکاندن بەسەر بەرهەمهێنان و دابەشکردنیدا. خەبات لەنێوان کارو سەرمایەدا دەبێتە بەشی کۆتایی ئەم پرۆسە مێژووییە. سەرمایە وزەی مەزن بەهێزی بەرهەمهێنان دەبەخشێ. بەڵام هەڵپەی بەردەوامی بۆ گەڕان بەدوای قازانجدا قەیران دوای قەیران دروستدەکات کە لەکۆتاییدا دەبێتە هۆی شۆڕش هەڵگیرسان، کە بەهۆیەوە چینی کرێکاران دەسەڵات دەگرنە دەست، لێرەدا چینی کرێکاران تەنیا چین دەبن دژ بە سەرمایەداران، چونکە بەپێی تیۆرییەکە چینی ناوەڕاست نامێنێو دەبنە پرولیتاریاو دێنە خوارەوە بۆ ناو چینی کرێکاران. دوای شۆڕش خەباتی چینایەتی نامێنێ. چونکە هەمووان خاوەنی شێوازی بەرمهێنانو بەرهەمەکانیش بەشی هەمووان دەکات. ئەم مۆدێلی گەشەکردنە

کۆمەڵایەتییەی مارکس ـ ئینگلز تیۆرییەکی زانستیانە بوو. وەك هەموو تیۆرییەکی زانستی تر لەتاقیکردنەوەکاندا، لەبەرامبەر واقیعدا، بڕیاری خۆڕاگری یان خۆ ڕانەگری لەسەر دەدرێت. ڕوانگەی ماتریالیزمی مێژوویی ڕۆڵی گرنگی لەچۆنییەتی تێگەیشتنی گەشەکردنی کۆمەڵگەهەبووەو کاریگەری هەبوو بۆ سەر کۆمەڵناسیو گفتوگۆ سەبارەت بە کۆمەڵگە. لایەنێکی تری تیۆرییەکە دەرکەوت کە ناتەواوەو بەهەڵەدا چوونی تیایەو لەباسو خواسدا لەسەر یاسای تایبەتی خۆی دەڕوات، لەزانستی مۆدێرندا، هیچ پاڵپشتێکی نییە.

سۆسیال دیموکراتەکان هەر زوو ئەم باوەڕبوونەیان بە قەدەر ڕەتکردەوە. داهاتوو پابەندی قەدەر نییە. داهاتوو لەلایەن مرۆڤ خۆیەوە بڕیاری لەسەر دەدرێت. مارکسو ئینگلز، هەردوکیان لەباسو خواسە سیاسییەکانی سالانی ١٨٠٠دا چالاك بوون. بەڵام تیۆرییەکەیان سەبارەت بە گەشەکردنی مێژوویی پرۆگرامێك نەبوو بۆ دانوساندنی سیاسی. ئەم تیۆرییە پێی دادەگرت کە گۆڕانێك ڕوو دەدات، بێ ئەوەی بلێ چۆن. باسی ئەوەشی نەدەکرد کە ئایا ئەم کۆمەڵگە بێ چینە نوێیە چۆنە. چونکە بەلایەوە ئالوگۆڕەکەی کۆمەڵگەی گرێدا بوو بەئاستی هەندێ گەشەکردنی تەکنیکیو ئابوورییەوە.

بزاڤی کرێکاری کە لەو نەهامەتییەدا دەژیا کە تێی خزابوو، لەو ژیانە چەقبەستووە پڕ ناعەدالەتییەدا کە هەیبوو نەدەکرا بە تەنیا چاوەڕێی ڕەوتی مێژوو بێ. ئەو ژمارە زۆرەی هەژارانو مرۆڤە چەوساوەکان داوای



گۆڕانکاری دەستبەجێیان دەکرد، نەك لەداهاتوویەکی دوورە دەست. لەناو گروپە سۆسیالیستەکانی سالانی ١٨٠٠دا دیباتی گەرم لەسەر ئەوە بوو: ئایا چۆن دەکرێ کاربکرێتە سەر ڕەوتی ئەو تیۆرییەی مارکس باسی کردبوو؟

## ڕیفۆرمو شۆڕش

سەرچاوەی هێڵی شۆڕشگێڕی ئەو بیرۆکەیە بوو کە دەڵێت: ڕوخانی سەرمایەداری دوا قۆناغی مێژووە. بەپێی ئەم هێڵە پێویست ناکات مرۆڤ چاوەڕوانی دوا قەیرانەکانی سەرمایەداری بێ. بەڵکو کۆمەڵێ شۆڕشگێڕی هۆشیار دەتوانن پاڵ بە پرۆسەکەوە بنێن و بە زۆر دەسەڵات بگرنە دەستو ڕەوتەکە بخەنە سەر ئەو ڕێگایەی مێژوو دیاریکردووە. ئەم بیرۆکانە لەلایەن هەردوولایەنی کۆمۆنیستیو ئەنارشیستییەوە پەرەی پێدرا، کە هەردوولا ڕێگای ڕێکخستنی دیموکراسییانەی کۆمەڵگەیان ڕەتدەکردەوە. هەر بەو پێیە ئەمان لەڕووی پراکتیکەوە ئەو بیرۆکەیەیان ڕەتدەکردەوە کە دەڵێت هەموو مرۆڤەکان بەهایان وەك یەکە. چونکە ئەمانە مافیان بە هەمووان نەدەدا کە لەدروستکردنی داهاتوودا بەشداربن. گەشەکردنی کۆمۆنیستی سۆڤێتی بەتوندی دوو هێڵی گرتبووە خۆی. ڕەفزکردنی ڕێگای دیموکراسییانەو ئەو جۆرە تێگەیشتنەش کە گوایە مەبەست لەسیاسەت جێبەجێکردنی ئەو ئەرکانەن کە مێژوو بڕیاری لەسەر داوەو گۆڕانیان بۆ نییە. ئەگەر

مەکتەبی بیروهۆشیاری

مێژوو بڕیاری چۆنیەتی گەشەکردنی دابێ‌و گروپەکەمان چاکتر لەخەڵکیتر تێیگەیشتبێ ئەوا ئیتر پێویست ناکات ڕێز لەبۆچوونەکانی ئەوانیتر بگیرێت‌و هیچ پێویستیش بەپشت بەستن بە زۆربەی دەنگی خەڵکان ناکات.

ئەو بیرو بۆ چوونانەی پێیان وایە مێژوو یان ئایین یان هەر شتێکیتر بڕیاریان لەسەر ڕەوتی گەشەکردن داوە ناودەنرێن بە بیرو بۆچوونی فیندەمینتاڵی. ئەم بیرو بۆچوونانەش لەگەڵ دیموکراسیدا یەکناگرنەوە، چونکە مەرج ڕەزامەندی دەنگدەران نییە، بەڵکو بە دواکەوتنی ئەو هێڵە دیاریکراوەیە. بەبێ ڕەچاوکردنی مەبەستەکانی ئەو نوخبەیەی کە خۆی دەکاتە خاوەنی تاکە ڕێگای ڕاست، ئەوا سەرەنجامی کۆتایی دروستبوونی دیکتاتۆرە. لەبەر ئەوە ناکرێ هۆکاری شکستی ئیکۆنۆمی نەخشە بۆ کێشراوی کۆمۆنیستی بخرێتە ئەستۆی سەرکردەی هەڵە، یان ڕێکخراوی هەڵە. بەڵکو ئەمە ئەنجامی ئەو فیندەمینتالییەی ناو کۆمۆنیستییە. هێڵەکەی تر، هێڵی ڕیفۆرم، جاران‌و ئێستاش لەسەر بناغەی بە شداریکردنی دیموکراسییانە و چاکسازی دامەزراوە، کە پشتی بە زۆرینەی دانیشتوان بەهێزە. گۆڕینی کۆمەڵگا لای ریفۆرمیستەکان هێنانەدی ڕێکخستنێکی بڕیار لەسەر دراو نییە، نا بەڵکو پلە بەپلە زیاترکردنی هاوبەشیکردنی دیموکراسییانەی خەڵکییە لەژیانی کارو کۆمەڵگەدا. کار بۆ گۆڕان لەسەر بناغەی داواو پێویستی خەڵکانی ناو کۆمەڵگە بووە کە بەگفتوگۆو باس‌و خواسی بەردەوام



بەرجەستە بووە، کە هەمیشە تیۆرییەکان لەبەرامبەر واقیعدا لەتاقیکردنەوەو دووبارە داڕشتنەوەدا بوون.

بزاڤی کرێکاریی سویدی لەدوو هێڵدا خۆی دەبینێتەوە سەندیکایی‌و سیاسی، کە کاریگەرییان بۆ سەر یەکتر ڕوون‌و ئاشکرایە. بەڵام لەڕووی پراکتیکەوە ئەم ئەرك دابەشکردنە بەڵگەی تایبەتی خۆی هەیە. کاری سەندیکایی جاران‌و ئێستاش ئاراستەی ژیانی کارکراوە بۆ ئەوەی لەو بوارەدا برەوبدا بەمافەکانی کرێکاران. کاری سیاسی لەپێناوی دەستەبەرکردنی مافەکانی هاوولاتیاندا بووە. کە لەئەنجامدا کرێکاران هەلیان بۆ دەڕەخسێ بۆ کار کردنە سەر ئەو کۆمەڵگەیەی تیایدا دەژین. ئێستاش ئەو کارە بریتییە لەپاراستن‌و گەشەدان بەو مافانەی هاوولاتیان بە هێزی دانوستاندنی دیموکراسییانە کە لەم سەدەیەی دواییدا سەریهەڵدا.

## ج - گەشەکردنی بزاڤی کرێکاری

### دیموکراسی سیاسی

دەیە یەکەمەکانی بزاڤی کرێکاری، زیاتر بریتی بوون لەخەبات لەپێناوی مافی دەنگدان، مافی خۆڕێکخستنی سەندیکایی‌و مافی ڕادەربڕینی ئازادو دروستکردنی ڕای گشتی بەهاوکاریکردن لەگەڵ لیرالیزمەکان‌و بە دژایەتیکردنی کۆنزەرڤاتیزمەکان و بەرژەوەندییە

سەرمایەدارییەکان. لەدەیە یەکەمەکانی سالانی ١٩٠٠دا دیموکراسی سیاسی پیادەدەکرا. هەر لەوکاتانەشدا داننرا بەمافی خۆرێکخستنی سەندیکاییدا ..

بەهۆی دیموکراسی سیاسییەوە بەشێوەیەك ڕێگا خۆش بوو بۆ پارێزگاری لەبەرژەوەندی کرێکاران کە تیۆرییە کلاسیکییەکان توانای پێشبینیکردنیان نەبووە. ئەمە بەئاراستەیەك کاری کردۆتە سەر هەردوو بنەمای کۆمەلایەتیو ئابووری کە جیاوازە لەو دەرئەنجامانەی تیۆرییەکان چاوەڕوانی بوون. مافی خاوەندارێتی تایبەت ماوەتەوە، بەلام ڕێکخستنی بەرهەمی سەرمایەداریی تایبەت کە تیایدا ئارەزووی قازانجکردن لەسەر هەموو شتێکەوە بووە لەخالە سەرەکییەکانیدا گۆڕانی بەسەردا هاتووە .کاتێك بەرژەوەندی لایەنەکانی تری جگە لەسەرمایە لەبەرهەمەمدا بەهێز بوو، بووە هۆی گۆڕانکاری لەڕێکخراوەکانی ژیانی کارو گۆڕان بەسەر چۆنیەتی دابەشکردنی بەرهەمدا هاتو دەسەلات لەخاوەنەکانەوە گوێزرایەوە، بۆ هاوولاتیان و بۆ مووچەخۆرانو بەکاربەرانی ئەو بەرهەمانە.

ئەم گۆڕانکارییانە بەرهەمی گۆڕانکارییەکانی ناو یاسا بوون لەگەڵ سیاسەتی ئابووری، هەروەها بەرهەمی کاری سەندیکاییو کاری سیاسی بوون لەسەر ئاستی شارەوانییەکان، ئەنجامی بەتەنگەوە هاتنی کۆمەلگە بوو کە خۆی لەخەباتی حزبیو بزوتنەوەی جەماوەریی دا دەبینییەوە کە مانای بەخشی بەم شێوازە نوێیانەی دیموکراسی، ئەمەش بە دەوری خۆی



بووە هۆی پیاچوونەوە بە تیۆرییەکاندا. ئیتر لێرە بەدواوە، خاوەندارێتی هۆیەکانی بەرهەمهێنان مەرجی سەرەکی نەبوون، بەڵکو مەرجی سەرەکی بۆ ئاراستەکردنی ئابووری بڕیارە دیموکراسییەکان بوو. گۆشەنیگای دیموکراتی لەسەر بنەمای هاوبەشیکردنو پێکەوە هاوکاریکردن و خاوەندارێتی بەکۆمەڵ بوو بە بەردی بناغە. ئەم سیاسەتەش پشتی بەچەند خالێك بەهێز بوو. وەك یاسا کۆمەلایەتییەکان دەربارەی خاوەندارێتی، سیاسەتی ئابووری، پەیمانە گشتییەکان دەربارەی بازاڕی کارو مەرجی کارکردن، یاسای مافی کارو مافی بەکاربەران (المستهلکین)و گەشەکردنو زۆر بوونی کۆمەڵە هەرەوەزییەکانو دروستبوونی کەرتی گشتی بەهێز کەپشکی کۆمەڵگا تیایدا سەرەکی بوو، لێرەدا ڕەچاوی پێویستییەکانی مرۆڤەکان دەکرا نەك چاو دەبڕدرایە داهاتەکانیان.

شارەزایی و تاقیکردنەوە تایبەتییەکانمان ئێستای دروستکردووە ، کە دیموکراتی توانای زیادکردنی ئازادیو ئارامی و داد پەروەری لەکۆمەلگادا هەیە. تاقیکردنەوەکانی ولاتانی تر ئیسپاتی ئەمەی کردووە کە بەڕێوەبردنی تەواوی ئابووری لەلایەن حکومەتەوە بووە بە ئەنجامی ئاراستەی بەپێچەوانەوە. واتا، نەبوونی ئازادی، نائازادیو نایەکسانی . ئەم جیاوازییە بووە هۆی قوولبوونەوەی تێڕوانین بۆ بەدیموکراتیزەکردنی ئابووری و لەو ڕوانگەیەوە زیاتر گەشەیکرد. لێرەوە بڕیارە دیموکراسییەکان خالی سەرەکین، نەك مافی خاوەندارێتی.

هەربەمپێیە دیموکراسی ئابووری وەك دیموکراسی سیاسی ناتوانێ بەوە چارەسەربکرێ کە دەسەڵاتەکان لەناو چەند دامو دەزگایەکی ناوەندیدا کۆبکرێتەوە . بەڵکو دەبێ دەسەڵات زیاتر بۆ کرێکاران‌و بەکاربەران بێ. واتە هاووڵاتیان مافو توانای بڕیاردانیان هەبێ .

## سەبارەت بە بەرهەمهێنان

### سیاسەتی خۆشگوزەرانی

لەنیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا سیستمی ئارامی کۆمەڵایەتی‌و ئارامی ئابووری لەکاتی نەخۆشی‌و بێکاری‌و بەساڵا چوویيدا هەموو هاووڵاتیانی گرتەوە. قوتابخانەکان دەرگایان کرایەوە بۆ فێرکردنی هەموو منالان بەبێ ڕەچاوکردنی باری ئابووری دایك‌وباوکانیان. کەرتی تەندروستی‌و پەروەردەی منالان‌و خەلوەتگەی پیران بوون بە ماف بۆ هەمووان. ریفۆرمە خۆشگوزەرانییەکان ئازادی جموجۆلی مرۆڤەکانی زیاتر کرد. بەهۆی پەیمانی سەرتاسەری کارکردنەوە لەگەڵ یاسای مافی کرێکاران دەسەڵاتی کرێکاران بۆ چۆنیەتی بەڕێوەبردنی ژیانی خۆیان زیاتر بوو، ئەوەش بەهۆی ئازاد بوونیان لەملکەچ بوون بۆ رازی بوون بە موچەی کەم‌و هەلومەرجی نالەباری کارکردن تەنیا لەپێناوی دابینکردنی بژێوییاندا. هەروەها سیاسیەتی خۆشگوزەرانی بووە هۆی



گۆڕانکاری لەڕووی بەگەڕخستنی سەرمایەی کەرتی تایبەت لە ئاراستەکردنی بەرهەمهێناندا.

هەر بۆیە نابێ بەلامانەوە سەیربێ گەر لەزۆر لەشێوازەکانی ریفۆرم لەلایەن ئەوانەی کە لەبەرژەوەندییەکانیان دەدرێ دوو چاری بەرەنگاری‌و دژایەتی ببینەوە. لەدەیە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمدا ، لەکاتی هەڵکردنی بای بەرەوژورو چوونی ڕەوتی کۆنزەرڤاتیڤ‌و لیبرالیزمی نوێدا سیاسەتی خۆشگوزەرانی تووشی پەلاماری نوێ بوو. رەخنەگران بانگەشەی ئەوەیان بوو کە سیستمی خۆشگوزەرانی بەرپرسیارێتی تایبەتی لەمرۆڤەکان داماڵیوەو بواری دەستپێشخەری لێزەوت کردون‌و تێچوونەکانی ئەم سیستەمە ئابووریی کۆمەڵگەی لاوازکردووە. ئەم رەخنەگرتنە لەواقیعدا خۆنەگرە، چونکە لەڕوانگەیەکی سیاسییەوە، بەمەبەستی دەسەلات وەرگرتن سەرچاوەی گرتووەو ناوەڕۆکێکی ئایدۆلۆجی هەیە. ئەمە تەنیا قسەی بێبنەمای سەرمایەدارییە کە دەڵێت مرۆڤ لەژێر فشاردا چالاکی‌و دەستپێشخەری پەرە دەسێنێ‌و ئابووری کۆمەڵگە کاتێك بەهێز دەبێ کە گەورەترین سەرمایەی، واتە مرۆڤەکان، لەکاردا بڕستیان لێ ببڕێ‌و بسوێن.

### گەشەکردنی تێڕوانین بۆ یەکسانی

لە ساڵانی حەفتاوە سیاسەتی ژینگەو پرسی یەکسانی زیاتر پەرەیان سەندو وەك بەشی گرنگی سیاسەتی سۆسیال دیموکرات جێگای خۆیان

کردەوە. گفتوگۆ دەربارەی ژینگە دەگەڕێتەوە بۆ داوا کلاسیکییەکانی سۆسیال دیموکراتەکان سەبارەت بە ڕێگە نەدان بە ئابوورییەکی بێ هەستو بەزەیی. سیاسەتی یەکسانی، بەتەبیعەتی حاڵ، لەسیاسەتی بنەڕەتی سۆسیال دیموکراتەکانە. بەهۆی ئایدۆلۆژیای یەکسانییەوە وەك بنەما سەرەکیەکان. لەگفتوگۆوە لەسەر هەر دوو بابەتەکە، بابەتی شیکردنەوەی کۆمەڵگەش پەرە دەسێنێ.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

## ژینگە

دابەشکردنی دەسەڵاتو تواناکان لەنێوان کارو سەرمایەدا لەهەمووکات زیاتر بووە بە کرۆکی شیکاری هەلومەرجەکانی دیموکراسیو ئابووری. بەڵام کێشەکانی ژینگە ئەوەیان ئیسپات کردووە کە دەلوێ ئابووری لەسایەی دیموکراسیشدا بێ هەستو بەزەیی، یان چەوسێنەرانە بێ. ئەمە ئەگەر ئامانجی سەرەکی تەنیا بەدەستهێنانی توانای گەورە بێ لەپێناوی خۆشگوزەرانی ئەمڕۆدا، بێ گوێدانە ئەوەی ئایا لەڕووی بەکاربردنی توانا سروشتییەکانەوە چەند لەسەرمان دەکەوێت. مەسەلەی ژینگە ڕەهەندێکی تایبەتی دەبەخشێ بە گفتوگۆکردن لەسەر دەسەڵاتی ئابووری بێ گوێدانە شێوازی خاوەندارێتیو چۆنیەتی دابەشکردنی هەروەها سیاسەتی ژینگە پرنسیپێکی سیاسی نوێی دابەشکردن لەخۆی دەگرێ کە ئەویش دابەشکردنی نێوان نەوە جیاوازەکانە.



نەوەی ئەمڕۆ مافی نییە لەپێناوی خۆشگوزەرانی خۆیدا وزەو توانا سروشتیەکان و شوێنی ژیانی فیزیکی، کە مەرجن بۆ ژیانی نەوەکانی داهاتووش، زیاد لەپێویست بەکار بهێنێ. لەم گۆشە نیگایانەوە حزبی سۆسیال دیموکرات حزبی ژینگەیە.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

## یەکسانی

شێوازی چینایەتی کە بەهۆی ژیانی ئابوورییەوە دروست دەبێت دەبێتە سەنتەر بۆ تێگەیشتن لەکێشەکانی نایەکسانی. هەموو سیاسەتێکی یەکسانی دەبێ خەبات دژی جیاوازی چینایەتی بگرێتە خۆی. بەڵام گفتوگۆکان دەربارەی یەکسانی جەخت لەسەر ئەمە دەکەنەوە کە باڵا دەستیو ژێردەستەیی تەنیا بە فاکتەرەکانی ناو ژیانی بەرهەمهێنان دروست نابێ. بەڵکو فاکتەری دەرەکیش هەیە. هەر بۆیە چارەسەرکردنی جیاوازییە چینایەتیەکان نابێتە هۆی نەمانی تەواوی نایەکسانی، بەڵکو پێویستی بە خەباتیشە دژی جۆرەکانیتری نایەکسانی. یەکێك لەسترکتورە دیارەکانی ئەم نایەکسانییە ئەوەیەکە بە گرفتە جێندەرییەکان ناوی دەبرێت. بەردەوامو بە سیستەماتیك جیاوازیکردن لەنێوان ڕەگەزی نێرو مێدا دەبێتە هۆی دروستبوونی نایەکسانی لەهەلومەرجەکانی ژیاندا لەنێوان ژنان و پیاواندا. لەناو هەموو چینەکانی کۆمەڵگەدا هەلومەرجەکان بۆ ژنان جیاوازە لەپیاوان، تێکڕای داهاتی ژنان لەپیاوان کەمترەو لێپرسراوێتیشیان بۆ ناوماڵو

مەکتەبی بیروهۆشیاری

منالْ پەروەدەکردن لەپیاوان زیاترە. ئەم جۆرە تەرتیبە، سنووردانانە بۆ هەڵبژاردنی جۆری ژیان و بواری گەشەکردنی ژنان. هەروەها ئەم بۆچوونە پیاوانیش دەکاتە دیلی ئەو ڕۆڵەی لێی چاوەڕواندەکرێو سنوور دادەنێ بۆ توانای گەشەکردنو گۆڕان. بۆ ئەوەی ئەو بیرو بۆچوونانە لەناوبرێن کە پەنا بۆ جیاوازی بایۆلۆژی دەبەن بۆ پاساو هێنانەوە بۆ جیاوازی کۆمەڵایەتی نێوان هەردوو ڕەگەز، پێویستە بواری گەشەکردن بۆ ژنانو بۆ پیاوانیش بڕەخسێنرێ. بەوە کۆمەڵگەیەکی مرۆیی یەکسان لەمافو ئەرکدا بۆ ژنان و پیاوان چ لەناو خێزاندا، چ لە ژیانی کارداو چ لەکۆمەڵگەدا دروست دەبێ. بەم گۆشەنیگا بنەڕەتییەوە حزبی سوسیال دیموکرات حزبێکی فیمینیستە.

## کەمەنەتەوایەتی

ماف پێشێلکردنی کەمە نەتەوایەتییەکانو بەکەم سەیرکردنیان دەبێتە مایەی بەپەراوێزخستنیانو سنوور دانان بۆ جۆری ژیانیان. پەنابەرانو زۆرکاتیش نەوەکانیان لەژیانی ڕۆژانەدا زیاتر گرفتاری بێکاری دەبنەوە، یان ناچار دەبن ئەو کارانە بکەن کە لەئاستی خوێندەوارییاندا نییەو لەژیانی کۆمەڵایەتیشدا بە ئاشکرا ئەوە دیارە کە ئەو دانیشتوانانەی لەبنەڕەتدا خەڵکی سوید نین لەهەندێ گەڕەك یان شوێنی نیشتەجێبووندا بەناچاری گرد دەبنەوە.



مەکتەبی بیروهۆشیاری

بەکەم سەیرکردن بەهۆی باری سێکسواڵ، کەم ئەندامی، یان بەساڵاچوون، فاکتەری ترن کە هەندێ لەتاکە کەسان دووچاری پەراوێز خستن دەکەن، یان شێوازی ژیانیان سنووردار دەکەن چ لەبواری گشتی کارکردندا یان چ لەبواری ژیانی تایبەتی خۆیاندا.

سیاسەتی یەکسانی دەبێت ئاراستەی هەموو جۆرەکانی ژێردەستەییو سەردەستەیی بکرێت. زۆر لەئەرکەکانی داهاتووی سۆسیال دیموکرات لەبواری کارکردنی لەپێناوی یەکسانی دا خۆی دەبینێتەوە .

## گەشەکردنی بەرەو دوو ئاراستە

بزاڤی کرێکاری، سویدی گۆڕیوە. سویدی سۆسیال دیموکراتەکان، وڵاتێکە تیایدا ژمارەیەکی زیاتری دانیشتوانەکەی بواریان بۆ ڕەخساوە کاریگەرییان هەبێ لەهەڵبژاردنی شێوازی تایبەتی ژیانی خۆیاندا. لەم وڵاتەدا بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی تر دیموکراتی زیاتر لەژیانی ڕۆژانەی خەڵکیدا ڕەگی داکوتاوە.

بەڵام لەلایەکی تریشەوە سوید وڵاتێکە ئاستی گەشەکردنەکەی بەچەند لایەکدا دەڕوات. سوید یەکێکە لەوڵاتە هەرە یەکسانەکانی جیهان. بەڵام لەهەمان کاتیشدا لەکۆمەڵگەدا بەئاشکرا نا یەکسانییەکان لەنێوان چینەکانو لەنێوان ڕەگەزەکانو لەنێوان گروپە ئەتنیکییەکاندا دەبینرێ. ئایینـدە باوەشی بۆ زۆر کەس کردۆتەوە. هەلومەرجی چاكو لەباریان لەبەردەمدایە کە بتوانن سودیان لێ وەربگرن. مۆرکی نەوەی

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

کۆمەڵگەی خۆشگوزەرانی ئێستا بریتییە لەسەربەستی لەژیانداو بەئازادی هەڵبژاردنی دوارۆژە. بەویستو خواستیان بۆ سۆلیداریتی، کە بەهۆیەوە ئەمان بوونەتە خاوەن هەلومەرجی تایبەت، ئازادن، بەهێزن، وەك تاك سەربەخۆن. ئەوا ئەمان داوای زیاتری ئیختیاری هەڵبژاردن لەهەموو بوارەکاندا دەکەن، لەهەمان کاتیشدا بەتوندی پشتگیریی لەچارەسەرە بەکۆمەڵەکان، بەرپرسیارێتی بەکۆمەڵ بۆ پێداویستیە گشتییەکان وەك خوێندنو تەندروستیو پەروەردەی منداڵانو یارمەتیدانی پیرو پەککەوتەکان دەکەن.

بەڵام چینو رەگەزو گروپی کەمە نەتەوایەتی بەردەوام دەبنە هۆی دروستبوونی نایەکسانی. گەورەترین نایەکسانیش لەکاتێکدایە کە ئەم هۆکارانە یەکبگرن.

زۆر کەس، ئازادی هەڵبژاردنیان لەکاروباری ژیانی خۆیاندا کەمە یان هەر نییە. بەربەستو کۆسپەکانیش سەختنو توانایان نییە بەسەریاندا زاڵ بن. ئەو نایەکسانیانەی بەهۆکاری چینایەتی هاتونەتە ئاراوە لەگەورەکانەوە دەگوێزرێنەوە بۆ ناو ژیانی منداڵەکانیان کە دەبێتە هەرەشە بۆ بەردەوامیو تەشەنەکردنی جیاوازییە چینایەتییەکان. لەداهاتوشدا ژمارەیەکی زۆر، توانایەکی کەمی گەشەکردنیان هەیە لەژیانی کاردا. زۆر کەسیش بەردەوام، بەهۆی فشاری ژینگەی کارکردنیانەوە، لەبەردەم هەرەشەی نەخۆشیو تێکچوونی باری فیزیکیو دەرونیدان. ئەم بێ دەرەتانیەی لەژیانی کاردا هەیە بەشێوەیەکی توند دژ



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

بەو گروپە خواپێداوەی نوخبەی بازارە کە رێگا بەخۆیان دەدەن تەواو بەپێچەوانەی داوای کرێکارەکانیان ئەم جیاوازیو نابەرابەرییانە قبوڵ بکەن.

لەژیانی کاردا، ژنان زیاترین کۆسپ دێتە رێگایان، کە ئەمەش لەدابەشبوونی کاردا بەسەر رەگەزەکاندا، لەمووچەی کەمترو لەبواری پلە سەرکەوتنندا خۆی دەنوێنێ. تا ئێستاش ئەرکی هەرە زۆری ناو ماڵو پەروەردەکردنی منداڵان لەئەستۆی ژنانە. گرانبوونی مەرجەکانی بازاڕی کار فشارێکی زۆر دەخاتە سەر زۆربەی خێزانە منداڵدارەکانو چ منداڵانو چ دایکانو باوکان هەراسان دەکات. گەر ئەم شێوازی گەشەکردنە تێك نەشکێنرێ ئەوا زۆر کەس ناچاری هەڵبژاردن دەبن، هەڵبژاردن لەنێوان منداڵ بوون یان پلە بەرزبوونەوە لەکاردا. ئەمە چ بۆ پیاوانو چ بۆ ژنان بەو واتایە دێت کە سنوری توانای بوون وەك دایكو باوکێکی باشو چالاكو لەهەمان کاتیشدا توانای بوون وەك کارگەرێکی باشو چالاك دیسان بەرەو تەسکبوونەوە دەچێت.

شێوازی نوێی تریش دروست بووە بۆ بەکەم سەیرکردنی ژنان. کە دیسان فشار دەخاتەوە سەر ژن ئەو رۆڵە ببینێ لەژیاندا کە دەیەوێت. سەیرکردنی جەستەی ژن وەك بابەتێکی سێکسی دەتوانێ کار بکاتە سەر ژینگەی کارو خوێندن بەشێوەیەك کە رەنگدانەوەو کاریگەری زۆر خراپی هەبێ بۆ گەشەکردنی تایبەتی کەسایەتیو شێوەی هەڵبژاردنی بواری کار.

ئەو پێوەرانەی ئێستا هەن بۆئەوەی ئەبێ ژن چۆن بێو پیاو چۆن بێ لەگەڵ جاراندا جیاوازی هەیە. بەڵام هێشتا لەڕۆڵ گێڕاندا لەنێوان ڕەگەزی نێرو مێدا سەردەستەیی‌و ژێردەستەیی هەیە کە توانای جموجۆڵی تاکەکان سنوردار دەکات.

ئێستا سوید کۆمەڵگەیەکی فرە ئەتنیکە. بەڵام جیاوازی‌و نایەکسانی لەنێوان گروپە ئەتنیکیەکاندا دیارو ئاشکرایی لەزۆربەی ئەو گەڕەکانەی قەراخ شارەکان کە زۆربەی دانیشتوانەکانی لەبنەڕەتدا لەدەرەوەی سویدەوە هاتوون بەپەراوێزکردن لەپەرەسەندندایە چونکە ئەوانەی ئەتوانن کار بکەن لەبازاڕی کاردا دەرگاکانیان بەڕوودا ناکرێتەوەو منالەکانیشیان هیوایان بەدوارۆژی خۆیان نییە لەکۆمەڵگەی سویدیدا. ئەم بەپەراوێز خستنە گەورەترین‌و ترسناکترین جیاوازی‌و کەلێن لەکۆمەڵگەی سویدیدا دروست دەکات، ئەم بەپەراوێز خستنەو ئەم سنوردارکردنەی بوارەکانی ژیان کە پەنابەران بەناچاری تیا دەژین بەتەواوی پێچەوانەی بنەماکانی ئازادی‌و یەکسانی سۆسیال دیموکراتییە. جیاوازییەکان لەنێوان بەشە جیاجیاکانی ولاتیشدا لەزیادبووندایە، دابەشکردنێکی نایەکسانی پەرەسەندنی ئابووری هەرەشەی دروستکردنی جیاوازی گەورەی ناوچەیی دەکات لەهەردوو لایەنی گەشەکردنی مرۆیی‌و خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی‌و ئەم جۆرە جیاوازیانەش ناکرێ لە دروشمی یەکسانی‌و سۆلیدارێتیدا یەکبگرێتەوە،



یان لەگەڵ ئەو داوایەی کە دەڵێت مرۆڤەکان دەبێت ئازادبن لەهەڵبژاردنی شوێنی نیشتەجێ بوون‌و هەڵبژاردنی شێوازی ژیانیان.

## د/ گۆشەنیگای ئەمڕۆی سۆسیال دیموکرات بۆ کۆمەڵگا

### دیموکراسی

هەلومەرجی ژیانی تاکە کەسان لەزۆر ڕووەوە پابەندە بەو کۆمەڵگەیەوە کە تیا دەژین. هەر لێرەشەوە پێداویستی بوونی دیموکراسی دێتە ئاراوە. دەبێ هەمووان هەمان مافیان هەبێ بۆ کارکردنە سەر ئەو شتانەی نرخیان هەیە بۆ سەر ژیانی تایبەتیان. هەرگیز ناکرێ ژیانی تاکە کەسان بەبڕیاری سیاسی ئاڕاستە بکرێن. بەڵام لەڕاستیدا سیاسەت بڕیار لە زۆر لەو بوارانە دەدات کە پەیوەندییان بەژیانی تایبەتییەوە هەیە.

ژیانی تاك‌و کۆمەڵ لەپڕۆسەی دیموکراسیدا یەکدەگرنەوە. ویست‌و قەناعەتی هاوولاتیان ماکی گۆڕینی کۆمەڵگەیە.

دیموکراتی پرۆسەیەکە بۆ بڕیار وەرگرتن سەبارەت بەو شتانەی بەلای هاوولاتیانەوە گرنگن. دیموکراتی پێویستی بەسیستەمی فرە حزبی‌و هەڵبژاردنی گشتییە. دیموکراتی هەر شێوازێکی حوکم یان ڕێکخستنی کاروباری بڕیاردان‌و جێبەجێ کردنیان نییە، بەڵکو دیموکراسی سیستەمێکی ئەخلاقیە. کە دەبێ بەناو هەموو ژیانی کۆمەڵگادا شۆڕ

مەکتەبی بیروهۆشیاری

بێتەوەو بەردی بناغەی ئەم سیستەمەش بەیەکچاو تەماشاکردنی مرۆڤەکانە، کە هەموو وەك یەك بایەخیان پێبدرێ. ئەم بنەما بەهاییە، مافی بەشداربوونی یەکسانی لەکاروباری کۆمەڵگەدا دەبەخشێ بەهەمووان. ئازادیو مافەکانی هاووڵاتیان خاڵی سەرەکی پێکدەهێنن. بەڵام لەهەمان کاتیشدا دەبێ لەسەر بناغەی مافی تاکە کەس بۆ گەشەکردنو ئارامی کۆمەڵایەتیو هاوبەشی لەژیانی کارو لەکولتووردا دابمەزرێ.

هەروەها دیموکراسی داوا لەهەمووان دەکات کە مافە دیموکراتییەکانی ئەوانی تر پەسەند بکات، کە بەشی خۆی لێپرسراوێتی بەرامبەر کاروباری کۆمەڵگە بگرێتە ئەستۆو ڕێزی بڕیارەکان بگرێ گەر تەنانەت وەك خواستە تایبەتیەکانی خۆیشی نەبێ. دیموکراسی مافی ئەوە دەدات کە بیروباوەڕی خۆت دەربڕیتو باس لەبەرژەوەندی خۆت بکەیت. بەڵام ئەرکی ئەوەشت بەسەردا دەدات کە گوێ لەوانی تر بگریت. دیموکراسی کۆتایی بەدژەکانو ناکۆکیەکان ناهێنێ، بەڵام داوا لەهەمووان دەکات کە ئامادەبن ئەو ناکۆکیانە تەنیا بەشێوازە دیموکراسییەکان چارە بکەن.

بڕیار لەسەر دانانی جێبەجێکەرانی دیموکراسی تەنیا بەدیموکراسی خۆی دەبێ. هەموو دەسەڵاتێکی ناو کۆمەڵگە دەبێ لەو مرۆڤانەوە هاتبێ کە کۆمەڵگەکە پێك دەهێنن. نەك بەهۆی یاسای بەناو مافی سروشتی کە هێڵی جیاکردنەوەی نێوان سیاسەتو بازاڕە، ئەم هێڵی



مەکتەبی بیروهۆشیاری

جیاکردنەوانە دەبێ دیموکراسی خۆی دیارییان بکات. مافی مرۆڤ سنورێکە کە بڕیارە سیاسیەکان هەرگیز نابێ بیبەزێنن. بەڵام لەهەمان کاتیشدا هەر دیموکراسییە دەتوانێ ئەم مافانە دەستەبەر بکات. پاراستنی توندوتیژی تاکە کەسیو مافی کەمایەتیەکان بەتەواوی لەئەستۆی بەها دیموکراسییەکانە.

هەروەها دیموکراتی پشت بەدابەشکردنی دەسەڵات دەبەستێت، کۆکردنەوەی دەسەڵات لەناوەندێکدا، جا بەدەست هەر گروپێکەوەبێ، هەمیشە دژی دیموکراسییە.

پێویستە بەچەندین جۆرو ڕێگاو لەبوارە جیاوازەکانداو بەجیاجیا دیموکراسی پیادە بکرێ. دەبێ مرۆڤەکان توانای کار کردنە سەر کۆمەڵگە بەگشتیو ژیانی ڕۆژانەی تایبەتی خۆیان هەبێ، وەك لەخوێندنگەکانو نەخۆشخانەکانو دەزگاکانی نیشتەجێکردنو ترافیكو ژینگەی دەوروبەر. بنیاتنانی پرۆسەی دیموکراسی لەسەر هێزو ڤین (ویست)ی هاووڵاتیان سەبارەت بەبەشداربوونیان لەگۆڕانکاریو چالاکییەکانی ناو کۆمەڵگە، حەزکردن بەکاری داهێنەرانە، زیادبوونی زانیاریو هەست بەبەرپرسیارێتی هەبێت. ئەم وزەو توانایەی تاکە کەسان نە بەهێزە بازرگانییەکانو نە بەئۆرگانە بیرۆکراتییەکانی کۆمەڵگە ناتوانرێ بخرێتە گەڕ، بەڵکو بەڤینی مرۆڤەکان دەبێت. دەبێ کاروباری کۆمەڵگە هەمیشە بەپشت بەستن بەباوەڕبوون بەمافی هاووڵاتیان بۆ بەشداربوونی چالاکییەکانی کۆمەڵگەو ڕێکخراوە

مەکتەبی بیروهۆشیاری

تایبەتییەکان بەبزوتنەوە جەماوەرییەکانو لەئەستۆگرتنی بەرپرسیارێتی هاوبەش بێ.

ئەو بڕیارانەی سەبارەت بەبەرژەوەندییە هاوبەشەکان دەدرێن، چ لەسەر ئاستی دەوڵەت یان شارەوانییەکانو پارێزگاکاندا دەبێ لەچوارچێوەیەکی گشتیو هەمەلایەندا دابڕێژرێنو ئەگەر ئاڵۆزیو کێشەش بێتەڕێ دەبێ لەلایەن ئەو نوێنەرانەوە چارەسەر بکرێن کە خەڵك دەنگی بۆ داونو لەبەردەم خەڵکدا بەرپرسن. ئەویش بەپێی ئەو بەها سیاسییانەی نوێنەرایەتییان دەکەن. بەڵام ئەم شێوازی دیموکراتییە بەردەوام پێویستی بەگفتوگۆی گەرمو گورو هاوبەشی چالاکانەی خودی هاوولاتیانە. ئەم پرۆسە دیموکراتیانەو بەرێوەبردنی کۆمەڵگە پێویستی بەشەفافییەتو چاودێری، بەیاساو دەستووری روونو دادپەروەرانەیە. ئەرکی سیاسیو کارگوزاری نێو نێوەندو فەرمانگە فەرمییەکان دەبێ بەهەمان هەلومەرج لەبەردەم گشت هاوولاتیاندا کراوەبێ. وەك ئەنجامێك بۆ ئەم داوا گشتییەی کۆمەڵگە ئەوا سۆسیال دیموکراتەکان دەیانەوێ کار بکەن بۆ هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی پاشایەتیو دامەزراندنی سیستەمی کۆماری، کە تیایدا سەرۆکی حکومەت بەڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لەلایەن خەڵکییەوە هەڵدەبژێردرێت. ئەم گۆڕانکارییەش وەك هەموو گۆڕانکارییە دیموکراتییەکانی تر پێویستی بەدەنگی زۆرینەی خەڵکییە.



مەکتەبی بیروهۆشیاری

سۆسیال دیموکراتی وەك بزوتنەوەیەکی جەماوەریی پەرەپێسەندووەو هەموو کاتێکیش چالاکییە جەماوەرییەکان بەردی بناغەن بۆ کارە سیاسییەکانمان. هەر بۆیە دەبێ بەردەوام ئەو هێزە جەماوەرییە نوێیانە بەلای خۆماندا ڕاکێشین کە وەك نارەزایی دەربڕین دژ بەو نایەکسانیو گرفتە کۆمەلایەتییانەی لە کۆمەڵگەی ئەمڕۆماندا سەر هەڵدەدەن.

دیموکراتی پێویستی بەهاوولاتی چالاك، بەبزوتنەوە جەماوەرییەکان، کۆنو نوێیەکانە، پێویستی بەرێکخراوە میللییەکانو بەو وزەو هێزی گۆڕانکارییانەیە کە لەگفتوگۆی هاوبەشو کاری هاوبەشی هاوولاتیانەوە دێتە گۆڕێ. هەر بۆیە دەبێ هاوولاتیان ڕۆڵی سەرەکیان هەبێ لەدروستکردنی کۆمەڵگەدا. کە لەئەنجامدا مرۆڤەکان  توانای گۆڕینی دەوروبەر، بواری پێشخستنی ئاستی زانستی خۆیانو لەمیانەی گفتوگۆ لەگەڵ یەکتردا بواری بەرەو پێشچوونی ئاستی بیرکردنەوەی خۆیان دەبێ. ئەم گفتوگۆو کارە هاوبەشانەی کە دوورن لەکارو قازانجی بازرگانییەوە کە هاوولاتیان دەتوانن شارەزاییەکانی خۆیانو داواکانیان پێشکەشبکەن بۆ بەرەو پێشچوونی کۆمەڵگە. لێرەوە کۆ هەستێك سەبارەت بە بەها دیموکراسیەکان دروست دەبێ کە ئەویش دەبێتە هۆی دروستبوونی هەستی بەرپرسیارێتی بۆ پاراستنو جێبەجێکردنی دیموکراتی. تەکنۆلۆژیای ئینفەرماسیۆنی مۆدێرن(IT)بواری نوێی رەخساندووە بۆ بەرفراوانکردنی ئاستی بەشداریبوون لەدێباتەکاندا، بووە بە سەکۆ بۆ بەیەکگەیشتنی دانیشتوانی هەموو لایەکی ولات لەگەڵ

مەکتەبی بیروهۆشیاری

نوێنەرە هەڵبژێردراوەکانیان. هەموو کاتێك بزووتنەوە جەماوەرییەکان کۆڵەکەیەکی گرنگی گفتوگۆی دیموکراتییانە بوون. ئەمڕۆش ئەم ڕۆڵە بەهۆی پەرەسەندنی گرنگی میدیاوە سەنگینتر بووە. میدیا ڕۆڵێکی مەزنی لەدروستکردنی ڕایگشتیو گەیاندنی هەیە. بەڵام چڕکردنەوەی دەسەڵات لە لقەکانی میدیاداوگرێدانی زیاتری میدیاکانیش بە پیشەسازی کات بەسەربردنو لایەنە تەرفیهیەکانەوە دەبنە هۆی ئەوەی گەیاندنی زانیارییەکان یەك لایەنەو یەك چەشنو بەشی زۆری لەسەر بەکاربردنی پاسیڤانە بنیاتنرابێ، نەك پشت ئەستوور بە چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان. ڕاوەستان دژی چڕکردنەوەی دەسەڵات، دیسانەوە دروستکردنەوەی هەمەچەشنیو پاراستنی کەناڵە زانیاری بەخشە جەماوەرییەکانی بواری ڕادیۆییو تەلەفزیۆنی بەشە سەرەکییەکانی سیاسەتی میدیایی سۆسیال دیموکراتەکانە. میدیای نا بازرگانی بۆ پەخشکردنی زانیاریو ڕێکخراوە جەماوەرییەکان سیاسەتی کولتووری دیموکراتی بەهێزدەکەن. هەروەها شوێنی گرنگو هاوسەنگ پارێز لەبەرامبەر بە بازرگانیکردنی دیباتە کۆمەڵایەتیەکان بریتییە لەڕێکخراوە کۆمەڵایەتییە جۆراو جۆرەکان کە لەڕێگایانەوە هاوولاتیان بەشدار دەبن لەبیروڕاو شارەزایی ئاڵوگۆڕکردن. هیچ کاتێك نابێ دیباتو دروستکردنی رایگشتیو وردبوونەوە لەهەڵسوکەوتی سیاسییەکان تەنیا ببێتە تایبەتمەندی کەسە پرۆفیشۆناڵەکان. هەروەك چۆنو کارو ئەرکەکانی کۆمەڵگە لەئەستۆی هاوولاتیاندایە بە



هەمانشێوە بەشداریکردن لەگفتوگۆ کۆمەڵایەتیو کولتوورییەکانیشدا مافی هەموانە.

باوەڕبوون بە دیموکراتی بەندە بە توانای هاوولاتیانەوە بۆ هاوبەشیکردنو هێزی کارتێکردنیان بۆسەر سیاسەت، بە جۆرێك بڕیارە سیاسییەکان بخاتە بواری جێبەجێکردنەوە، مافی هاوبەشیکردنو کارتێکردنە سەر بڕیارەکان بە تەواوی بریتییە لەمافی کارکردنە سەر واقیع. گەر دیموکراتی لەپراکتیکدا توانای چارەسەرکردنی ئەو کێشەو گرفتانەی نەبێ کە لەژیانی ڕۆژانەداو لەکۆمەڵگەدا ڕووبەڕووی مرۆڤەکان دەبنەوە، ئەوا متمانە لەدەستدەدات. بۆیە پێویستەبەردەوام پارێزگاری لەتوانای دینامیکی دیموکراتی بکرێت. لەبەرامبەر ئەو گروپانەی خاوەن دەسەڵاتی گەورەی ئیکۆنۆمینو ئەو گروپانەی بەهۆی تواناو شارەزایی زانستیانەوە پێیان وایە مافێکی زیاتریان لەخەڵکی تر هەیە بۆ کارکردنە سەرسیاسەت.

بەجیهانیبوون تەحەدایەکی ترە بۆسەر بەشداریکردن لەپرۆسەی دیموکراتیدا. زۆر لەو بڕیارانەی کە جاران لەسەر ئاستی وڵات دەدران ئێستا دەبێت هاوکاری نێودەوڵەتی بۆ بەدەستبێهێنرێ. گەرچی ئەمە توانای دیموکراتی زیاتر دەکات، بەڵام دوورکەوتنەوەشە لەدەنگدەران. لای زۆر کەس ئەو هەستە دروستدەبێ کە چالاکیو هاوبەشیکردنیان هیچ شتێك ناگۆڕێو داوای زیاترکردنی هێزی چالاکی دیموکراتی ناکۆك دەبێ لەگەڵ داوای هاوبەشیکردن لەپرۆسەی دیموکراتیدا.

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

هەربۆیە پێویستە شێوەی کارو پرۆسەی بڕیاردان لەئۆرگانە سیاسییە جیهانییەکاندا پیاچوونەوەیان پیابکرێ و بەرەو پێشبخرێن بەو مەبەستەی بواری چاودێریو کۆنترۆڵکردنی زیاتر بێ و بناغەیەکی پتەوتری دیموکراتییانەی هەبێ. ئەمە ئەو مانایەش دەگەیەنێ کە پێویستە شێوازە سیاسییە نەتەوەییەکانو دامودەزگاکانی گۆڕانکارییان تێدابکرێ تا بە هەموو ڕێگا جۆراوجۆرەکاندا بوار بڕەخسێنێ بۆ زیاترکردنی ئاستی هاوبەشیکردنی هاووڵاتیان، ئەمەش ئامادەباشییەکی مەزنی دەوێ بۆ گۆڕینی شێوازی کۆنی کارکردنی دامودەزگا چەسپیوەکان. ئەمە لەهەردوو بواری دەزگا کۆمەڵایەتیەکانو پارتە سیاسیەکانیشدا دەبێ ڕوو بدا.

## ئیکۆنۆمییەکی دیموکراتی

بەرهەمی تەکنیکی بەرزو مۆدێرن پێویستی بە سەرمایەی گەورەیە. بۆ ئەوەی ئەو سەرمایەیە ڕابکێشرێ بۆ ناو پرۆسەی ئەو جۆرە بەرهەمهێنانە، دەبێ لەبەرهەمەکەدا بەشی سەرمایەکە هەبێ، واتە قازانج. کە پارە یان سەرمایە قازانجی بۆ حسابکرێ ئەوا بێگومان پارە لەدەستی خاوەن سەرمایەدا کۆدەبێتەوە.

بەڵام لەمێژە چەمکی سەرمایە، لەدیباتی سیاسیدا، واتایەکی تری هەبووە، جودا لەم واتا بەرتەسکە ئیکۆنۆمییە. سەرمایە واتای سیستەمێکی دەسەڵات دەگەیەنێ، ئەوەی خاوەن سەرمایەیە هەر ئەویش



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

خاوەن مافی بڕیاردانە لەسەر چارەنووسو بەرژەوەندی ئەوانیتر. پێوانەی مافی مرۆڤ بە گوێرەی دەسەڵاتە ئابوورییەکان دەبێ. ئەم سیستەمی دەسەڵاتە نا ئازادی بەرهەمدێنێ بۆ هەموو ئەوانیتری جگە لەسەرمایەدارە گەورەکان. دەبێتە مایەی نا یەکسانی زۆرو گرژی کۆمەڵایەتی، چ لەناو وڵاتداو چ لەنێوان وڵاتاندا. دەبێتە هۆی گەیاندنی زیانی گەورە بە ژینگەو زیاد لەپێویست بەکارهێنانی کانزا سروشتییەکان لەپێناوی زۆرترین قازانجدا.

لەبەرامبەر ئەم مۆنۆپۆلکردنی دەسەڵاتەدا، سۆسیال دیموکراتەکان بەرنامەیەکی ئابووری وایان هەیە لەبەرژەوەندییەکانی خەڵکییە. ئێمە لەهەوڵی داڕشتنو ڕێکخستنی جۆرە ئابوورییەکداین، کە هەموو کەسێك، وەك هاووڵاتی، وەك مووچەخۆرو بەکاربەر مافو بواری کاریگەرێتی هەبێ بۆسەر ئاڕاستەکردنی وەبەرهێنانو دابەشکردنی بەرهەمهێنراوەکانو بۆسەر ڕێکخراوەکانی کارو هەلومەرجی کارکردن. کە ئەمەش جۆرەها شێوازی خاوەنداریێتیو کار بەڕێوەبردن دەگرێتە خۆی. ئەم بەرنامەیە هەستی بەرپرسیارێتی بەرامبەر ژینگە دەکاتە داوایەکی سەرەکی بۆ هەموو بەرهەمهێنانێك.

داوایەکیتر بریتییە لەوەی کە لەبەرهەمهێناندا ڕێز لەکاری هەموان بگیرێت. بایەخبدرێ بە چالاکیو ویستو توانای کاری هەموانو سەرئەنجامی بەرهەمهێنراوەکان بە دادپەروەرانە دابەشکرێ. مەرجی

مەکۆی بیر و هۆشیاری

پێشینەی ئەم بەرنامەیەش ڕێزگرتنە لەو یاساو ڕێسایانەی بە دیموکراتی بڕیاریان لێدراوە.

ئەم داڕشتنو ڕێکخستنەش دژ بە کەرتی تایبەت نییە. ئەمیش وەك هەموو بوارێکی وەبەرهێنانی مۆدێرن پێویستە قازانج بگەیەنێ بە سەرمایەی بەکارهێنراو لەپرۆسەی بەرهەمهێناندا. ئەم وەك بەشێکی گرنگ لەبەشە سەرەکییەکانی بەرهەمهێنان دەڕوانێتە کارگەو کۆمپانیاو بەڕێوەبەرەکانیان. ئیکۆنۆمی بازاڕی ئازادیش بەشێکە لەژیانی ئیکۆنۆمی، بەڵام ڕێگە نادات قازانج ببێتە مەبەستی تەنیاو زاڵ بێ بەسەر لایەنەکانی تردا و ئاڕاستەی شێوازی گەشەکردنی کۆمەڵگە بگرێتە دەست. ڕێگاش نادات بازاڕ ببێ بە پێوانە بۆ دیاریکردنی باشیو خراپیو بۆ دیاریکردنی جۆری ژیانی کۆمەڵگە.

لەناکۆکییەکانی نێوان کارو سەرمایەدا، سۆسیال دیموکراتەکان هەمیشە لایەنگری لایەنی کارکردن دەبن. سۆسیال دیموکراتی ئێستا و داهاتووش حزبێکی ئەنتی کەپیتالیستە، کە بەردەوام دژە هێز دروستدەکات لەبەرامبەر هەوڵەکانی کەپیتالدا بۆ جڵەوکردنی ئیکۆنۆمیو کۆمەڵگە. کۆمەڵگەی دیموکراتی هەمیشە خۆی خاوەنی مافی سەرەکییە بۆ دانانی مەرجو چوارچێوەکان بۆ ژیانی ئیکۆنۆمی. گەر شێوازێکی ڕێکخستنی کارو ئیکۆنۆمی بەرژەوەندییە گرنگەکانی گەل نەهێنێتە دی، ئەوا کۆمەڵگەی دیموکراسی، هەموو کاتێ مافی گۆڕینی هەلومەرجەکانو شێوازەکانی بەدەستە. بەرژەوەندییە



مەکۆی بیر و هۆشیاری

ئیکۆنۆمییەکان هیچ کاتێك مافی سنوردانانیان بۆ دیموکراتی نییە. بەڵکو بەپێچەوانەوە هەموو کاتێك دیموکراتی مافی سنوردارکردنی بازاڕو بەرژەوەندییە ئیکۆنۆمییەکانی هەیە. سوسیال دیموکراتەکان دژی ئەو جۆرە گەشەکردنەی کۆمەڵگەن کە تیایدا سەرمایەو بازاڕ تیایدا سەردەست بنو بازرگانی بەپەیوەندییە کۆمەڵایەتیو کولتووریو مرۆییەکانەوە بکات.

لەپێناوی خۆشگوزەرانی گشتیدا، پێویستە دیموکراتی خاوەنی کاریگەرێتی بێ بۆ سەر ژیانی ئیکۆنۆمی. ناکاریگەرێتی لێرەدا لەنرخی کاری ئەنجامدراو کەم دەکاتەوەو ئەویش دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی بەرهەمو کەمبوونەوەی بەرهەمیش توانای خۆشگوزەرانی کەم دەکاتەوەو لەدەرئەنجامدا بڕوا بەشێوازە دیموکراتییەکان لاواز دەکات. هەروەها لێرەشدا بەتاقیکردنەوە دەسەلمێندرێت کە کاریگەرێتیو زۆریی بەرهەم پێویستی بەکراوەییو شەفافییەتو جۆراوجۆرێتی هەیە. یەکێ لەمەرجە پێشینەکانی بریتییە لەدەسەڵاتی ڕاستەوخۆی بەکاربەران لەپرۆسەی وەبەرهێناندا. واتە پێویستی بەشێوازێکی کارکردنە کە ڕێز بگرێ لەتواناو لێهاتوویيو بیرو چالاکییەکانی ئەوانەی کارەکە ئەنجام دەدەن. واتە مەرجی توانای مرۆڤەکان بۆ بەدیهێنانی بیرۆکەکانی خۆیان لەڕێگای دامەزراندنی کارگەو کۆمپانیای تایبەت بەخۆیان. داوای دیموکراتی لێرەدا ئەوەیە کە بەچەند شێوازو بوارو لایەنی جیا جیا توانای کارکردنە سەر ژیانی

مەکتەبی بیروهۆشیاری

ئیکۆنۆمی هەبێ. تەنیا بەبڕیاری سیاسی یان بەدەستگرتن بەسەر بازاڕدا، ئەو داواکارییە جۆراوجۆرانەی کە بۆ سەر ژیانی ئیکۆنۆمی هەن، نایەنەدی، بەڵکو پێویستییان بەئیکۆنۆمییەکی تێکەڵاوە کە لەسەر بناغەی پێکەوە لکاندنی چارەسەرە کۆمەڵایەتییەکانو میکانیزمەکانی بازاڕو ڕێکخراوی بەتوانای سەندیکاییو بەکاربەری هۆشیارو چالاکو پاڵپشتی یاسایی بەهێزی بەکاربردن دامەزرابن. بڕیاری سیاسی دەبێ لەپێناوی بەرگرتن بێ لەهەموو جۆرە چەوسانەوەیەك. گەرەنتیبێ بۆ بالانس ڕاگرتنی ئیکۆنۆمی کۆمەڵگەو بۆ دابەشکردنی دادپەروەرانەی بەروبوومو بۆ زامنکردنی مافە کۆمەڵایەتییە بنەڕەتییەکان. هەڵبەتە بازاڕیش پێویستە بۆ ئەو بەرهەمانەی توانای خۆشگوزەرانی دێننە کایەوە. سەرمایەو ئیکۆنۆمی بازاڕ دەبێ لێك جودا بکرێنەوە. ئیکۆنۆمی بازاڕ سیستەمی چۆنیەتی دابەشکردنە، کە شمەكو خزمەتگوزارییەکان بەپارە دەگۆڕدرێنەوە. سەرمایە سیستەمێکی دەسەڵاتە کە سوودو قازانج وەرگرتن پێوەری سەرەکییەتی. لەبازاڕی شمەكو خزمەتگوزارییە تایبەتەکاندا، میکانیزمی نرخ بۆ دانان، سیستەمێکی خێراو زیرەکانەی زەنگ لێدانە لەنێوان بەرهەمهێنەرو بەکاربەردا. لەسەر داوای بەکاربەران بۆ بەرهەمێکی دیاریکراو، دەتوانرێ بەخێرایی کارگەو کۆمپانیای نوێ دروست بکرێنو زۆربوونی کارگەکانو جۆری بەرهەمەکانیش ئازادی زیاتر دەدەن بەبەکاربەران بۆ هەڵبژاردنی ئەو بەرهەمانەی دەیانەوێت.



مەکتەبی بیروهۆشیاری

لەبازاڕدا، ژمارەیەکی زۆر لایەنی ئازادو سەربەخۆ هەن کە بوار دەڕەخسێن بۆ هێنانەدی بیرۆکەی زۆرو لەدەرئەنجامیشدا دەبنە هۆی بەدیهێنانی توانای ئیکۆنۆمی گەورە. بەڵام بازاڕ ناتوانێ خۆی خۆی ڕێکبخات، چونکە ئارەزوومەندێتی بازاڕ بۆ چڕکردنەوەی دەسەڵات، خۆی لەخۆیدا دژ بەفرە ڕەهەندییە، کە ئەمەش مەرجە بۆ بەرەوپێشەوەچوونی بازاڕ. میکانیزمی نرخ دانان کە لەبازاڕدا بەڕێوەدەچێ، ناتوانێ ڕێوڕەسمی جێگیر بێنێتە ئاراوە، کە بازاڕ پێویستی پێی هەیە بۆ باش بەڕێوەچوون. تەنیا ئەو ئۆرگانە کۆمەڵایەتییانەی پابەند نین بەبازاڕەوە دەتوانن ئەم ڕێوڕەسمە بێننەدیو کاری پێبکەن. تەنیا ئەو یاساو ڕێسایانە دەتوانن کێبڕکێ دروست بکەنو ئەو هەوڵی چڕکردنەوەیە پوچەڵ بکەنەوە کە میکانیزمی نرخ دانان دەشێوێننو زیان بەبەکاربەران دەگەیەننو ئەو مۆنۆپۆلە تایبەتییانە دروست دەکەن کە بزاڤی کرێکاری هەردەم دژیان خەباتی کردووە.

هەروەها میکانیزمەکانی بازاڕ توانای بەڕێوەبردنی ئەو لایەنانەیان نییە کە نرخیان لەسەر نییە. بۆ نموونە هەواو ئاو، کە لێرەدا پێویستی بەبڕیاری سیاسیو هۆشیاری ڕایگشتی بەکاربەرانە. کەواتە بازاڕ تەنیا بەشێکە لەبەشەکانی ئەو ئیکۆنۆمییە تێکەڵاوەی سۆسیال دیموکراتەکان پیادەی دەکەن. بازاڕ تەنیا دەتوانێ ئەو شمەكو پێویستییانە دابین بکات کە داوای زۆریان لەسەرە. ئەو شتە بەکەڵکانەی تر، کە پێویستن بۆ عەدالەتی کۆمەڵایەتی، واتە ئەو شتە باشانەی کە دەبێ هەمووان، بەبێ

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

گوێدانە ئاستی ئابوورییان، بەشی خۆیان بەربکەوێت. دەبێ لەپرنسیپەکانی شێوازی دابەشکردنی بازاڕیی بەدوور بگرین. لەوانە کەرتی تەندروستی، پەروەردە، دایەنگەو باخچەی منداڵانو خەڵوەتگەی پیران، هەروەها دەزگای دادو دادگاو کولتوورو سیاسەتی وا کە هاتوچۆو گەیاندنو ژێرخانە کۆمەڵایەتییەکان لەسەرتاپای وڵاتدا دابین بکات.

هەڵبژاردن لەنێوان کاروبارە کۆمەڵایەتییەکانو ئیشو کاری بازاڕدا، ئەبێ لەسەر بنەمای باشترین ئەنجام بێ، بەرەچاوکردنی پاراستنی عەدالەت. دەشێ لەنێوان بەشو جۆرەکانی ئیکۆنۆمیدا ئاڵوگۆڕو جێگۆرکێ بکرێ، بەپێی گونجانو وەڵامدانەوەیان بۆ داواو پێویستییەکان. سۆسیال دیموکراتەکان ئەو شێوازە فیندەمینتالییەی ئیکۆنۆمی ڕەت دەکەنەوە کە ڕاست یان چەپ بەتاکە شێواز دادەنێن. ئامانج هەرگیز ڕووکاری دەرەوە نییە، بەڵکو تا چ ڕادەیەك مەبەستەکان دێننە دی.

ئیکۆنۆمی دیموکراتی، ئیکۆنۆمییەکی یەك لایەنەی بێ بەرژەوەندی جۆراوجۆرو بێ کەندو کۆسپ نییە کە پێویستی بەگۆڕینو نوێکاری نەبێ. بەڵام لەئیکۆنۆمی دیموکراتیدا چەوساندنەوەی مرۆڤو ژینگە نییە. لەئیکۆنۆمی دیموکراتیدا بەرژەوەندییە جیاوازەکان پێکەوە کاردەکەنو سەرمایە لەژێر کۆنترۆڵی دیموکراتیدا دەبێت. ئیکۆنۆمی دیموکراتی یارمەتی ئەو کەسانە دەدات کە لەبەر داوای گۆڕانکارییە نوێیەکان



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

پێویستیان بەگۆڕینی جۆری کارەکانیانە. ئیکۆنۆمی دیموکراتی لەسەر بنەمای یەکسانی بۆ هەموو مرۆڤەکانو بۆ هەموو هەرێمو ناوچەکان دادەمەزرێ، بەجۆرێ کە بەشداربن لەدروستکردنی خۆشگوزەرانیو سوودیشی لێوەربگرن.

## یەکسانی هەمە چەشن

کۆمەڵێ فاکتەر هەن کە دەبنە هۆی دروستبوونی نایەکسانی لەکۆمەڵگەدا. بەڵام بنەما سەرەکییەکانی نایەکسانی لەهەموویاندا هاوبەشە. ئەویش ئەوەیە کە تاك پەراوێز دەخرێو وەك کەسایەتییەك نابینرێو بۆی نییە بەپێی بۆچوونو ئیختیارەکانی خۆی گەشە بکات. ئیختیارەکانی دەکەونە ژێر دەسەڵاتو کاریگەری هەندێ گروپەوە، وەك چین، ڕەگەز یان کەمەنەتەوەیی یان کەمئەندامیو تەمەن، یان باری سێکسوالی. ئەم چوارچێوانە، تەنانەت ژیانی کارو پلە وەزیفیو کۆمەڵایەتییەکانی تاکە کەسانیش دیاری دەکەن.

سۆسیال دیموکراتەکان لەهەوڵدان بۆ دابەشکردنی یەکسانی ئەو توانایانەی گرنگن بۆ دەرفەت ڕەخساندن بۆ مرۆڤەکان لەکارکردنە سەر کۆمەڵگەو کارکردنە سەر ژیانی تایبەتی خۆیان. ئێستاش وەك جاران ئەرکەکە بریتییە لەگۆڕینی ئەو شێوازو سترکتوری دەسەڵاتەی ڕێگا نادات هەندێ کەس بەتەواوی گەشە بکاتو پێش بکەوێ. پێویستە هەمیشە سیاسەتی یەکسانی لەخاڵی پێداویستیو هەلومەرجی ئەوانەوە

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

دەست پێبکات کە بونەتە قوربانی نایەکسانی. بەڵام پیادەکردنی ریفۆرمی یەکسانیش پێویستی بەوەیە کە زۆربەی گەل قەناعەت بکا کە کارەکە کارێکی دروستو چاکە، ئەگینا سیاسەتەکە خۆڕاگر نابێ. کاتێك کۆمەڵگەی یەکسان سەقامگیر دەبێ کە ژیانی هەمووان خۆشترو دەوڵەمەندتر بکات.

ئەم سیستەمی خۆشگوزەرانییەی ئێستا هەیە، هێزو گوڕی خۆی لەپێکەوە گرێدانی پێداویستییەکانی قۆناغە جۆر بەجۆرەکانی ژیانی گروپەکانی دانیشتوان بەو چارەسەرانەوە کە دەبنە مایەی دڵنیاییو دەستەبەرکردنی ئازادی بۆ هەمووان دەبینێتەوە. بەهەمان شێوە دەبێ ئەمڕۆ سیاسەتێك پیادە بكەین بۆ پێکەوە گرێدانی پێویستییەکانی ئەوانەی ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر لەبەر سنوورداربوونی تواناکانیانو ژێر دەستەییان گۆشەگیر دەکرێن، لەگەڵ ئەوانەی هیچ پێویستیان بەسیاسەتی سۆسیال دیموکراتەکان نییەو لەکۆمەڵگەدا ئازادو بەهێزن.

سیاسەتێك بۆ یەکسانی بریتییە لەمافو دەرفەتی وەك یەکی هەمووان بۆ کارکردن، کە دەبێتە هۆی ئازادی لەڕووی ئابوورییەوە، لەگەڵ بوار بۆ رەخسان بۆ گەشەکردنو بەردەوام بوون. بریتییە لەبوونی دەسەڵات لەکارە تایبەتییەکەی خۆیو لەژیانی کاردا کە دادپەروەرانە بەهاو رێز دادەنێ بۆ ماندووبوونو چالاکییەکانیان. بریتییە لەمافو بوار بۆ هەمووان بۆ بەشداریکردن لەچالاکی سیاسیو سەندیکاییدا، لەچالاکییە کولتوورییەکاندا، لەچالاکییە کۆمەڵایەتییەکاندا. بریتییە



لەگۆڕینی شێوازی رایەڵی چینایەتیو تێکشکانی رۆڵی سنوورە تەقلیدییەکانی رەگەزی نێرو مێو نەهێشتنی حوکمە پێشینەییەکان سەبارەت بەکەمایەتییەکانو جۆرەکانی تری بەنزم تەماشا کردن.

خستنەگەڕی تەواو، مووچەی وەك یەك بۆ کاری هاوچەشنو ئۆرگانێکی کار کە دەرفەت بدا بەهەمووان بۆ توانای کارکردنە سەر کارو پێشچوون لەکاردا، بەردی بناغەیە. هەروەها بنەمایەکی سەرەکی تر سیستەمێکی خوێندنە کە بوار بدا بەهەمووان بۆ هەڵبژاردنی شێوازی ژیانیان، چ لەتەمەنی لاویدا بۆ جۆری خوێندن یان چ لەتەمەنی گەورە ساڵیدا کە بیانەوێ فێری پیشەی نوێ بن.

سیاسەتێك بۆ یەکسانی بریتییە لەوەی بەدادپەروەرانەو هاوکارییانە خەرجی خۆشگوزەرانی یەکتری دابین بکرێو سیاسەتێکی دابەشکردنی هۆشیارو کاریگەر پیادە بکات. ئەو باجانەی بۆ دابینکردنی خەرجی خۆشگوزەرانی وەردەگیرێن، دەبێ بەپێی تواناو هەبوویی بێو دابەشکردنی خزمەتگوزارییەکانی خۆشگوزەرانیش بەپێی پێویست بن.

سیاسەتێك بۆ یەکسانی بریتیە لەمافی یەکسانی ژنانو پیاوان بۆ هەردوو ژیانی کارو ژیانی ناو خێزانو بەرپرسێتی وەك یەك بەرامبەر ماڵو خێزانو منداڵ.

ئەمەش پێویستی بەجۆرە ژیانێکی کارە کە تیایدا بتوانرێ پیشەو ژیانی خێزانیو سیستەمێکی باش دامەزراوی بایەخدان بەمنداڵو پەروەردەکردنیان پێکەوە گرێ بدرێ.

سیاسەت بۆ یەکسانی بریتییە لەسیاسەت بۆ پێکەوە گونجان کە لەسەر بنەمای هەمە چەشنیو ڕێز لەیەکگرتنی دوو لایەنەی نێوان پەنابەرانو ئەوانەی لەولاتەکەدا لەدایك بوون. کولتوورو ئایین دەبنە یاریدەدەر بۆ دۆزینەوەی مرۆڤەکان بۆ خودو ناسنامەی خۆیانو دەتوانێ ژیانی کۆمەلایەتی دەولەمەندتر بکات. هەمەچەشنی لەئایینو کولتووردا لایەنێکی پۆزەتیڤە لەهەموو ئەو پانتاییانەدا کە سنوور دانەر نین بۆ مافو بوارەکانی مرۆڤەکان لەهەلبژاردنی ژیانی تایبەتی خۆیاندا.

سیاسەت بۆ یەکسانی بریتییە لەکارکردن بۆ ئەو کۆمەلگەیەی کەمئەندام تیایدا، وەك ئەوانی تر، بەسەرمایە حساب دەکرێنو وەك هاوولاتی سەربەخۆو ئازاد سەیر دەکرێن. بەهەمان مافەوە بۆ ژیانێکی چالاكو سەربەست.ماف بۆ کارکردنو مالی تایبەت بەخۆیو ئازادی تەواو بۆ جموجۆل لەکۆمەلگەدا. سیاسەتێکە بۆ مافی یەکسانی لەبواری سێکسوالێتیدا کە مرۆڤەکان بەئازادی جۆرو شێوازی ژیانو هاوسەرگیری خۆیان هەلدەبژێرن بێ ترسی ئەوەی بەکەم سەیربکرێن، یان پەراوێز بخرێن. سیاسەتێکە کە یارمەتیدەرو پالپشتە بۆ توشبووان بەنەخۆشییە دەروونییەکان. سیاسەتێکە کە هەموو قۆناغەکانی تەمەن لەخۆدەگرێت بۆ دامەزراندنی کۆمەلگە. بایەخ دەدات بەشارەزاییو لێهاتوویی بەسالاچووانو خەمخۆری پێداویستییەکانو مافەکانی منالانە لەپێناوی پێگەیاندنیاندا.



سیاسەتی یەکسانی پێویستی بەسنوور دیاریکردنێکی بەهێزو پتەوە دژ بەهەموو شێوازەکانی ڕاسیستی و ڕەگەزپەرستیو دژایەتیکردنی غەریبان، دژ بەتوندوتیژی دژ بەژنانو دەست درێژ کردنەسەرە. پێویستی بەخەباتە دژ بەهەموو شێوازێکی بەکەمزانینو حوکمی پێشینە، کە دەبنە هۆی سنووردارکردنی ئازادییەکانی ژیانی مرۆڤ. سیاسەتێکە بۆ هەمەچەشنەیی، کە تیایدا هەر کەسێك وەك تاك سەیر دەکرێ، کە خاوەنی مافە بۆ گەشەکردن بەو جۆرەی خۆی دەیەوێو لەهەمان کاتیشدا خاوەنی مافە بۆ دەست بەکاربوونو چالاکییە هاوبەشەکانی کۆمەلگە، بەهەمان ئەو مەرجانەی کە بۆ ئەوانی تر هەیە.

یاساکانی کۆمەلگە دەبێ بەجۆرێك دابرێژرێن کە پالپشتو یاریدەدەر بن بۆ گەشەکردنو بەرزکردنەوەی ئاستی یەکسانیو هەمەچەشنەیی. بازاڕی کارو بواری پەروەردە ڕۆلی سەرەکییان هەیە بۆ کارکردن بۆ تێکشکاندنی دژایەتی چینایەتیو نایەکسانی لەڕووی ڕەگەزی نێرو مێوە یان لەڕووی کەمەنەتەوەییەوە یان بەهۆی کەمئەندامییەوە.

بەلام کارێکی زۆریش پێویستە بۆ گۆڕینی بەهاکانو هەلسوکەوتەکانو بۆ تێکشکاندنی ئەو ڕەفتارانەی بنەماکانیان سەر بەم گۆشەنیگایانەن. بزاڤە میللییەکانو حزبە سیاسییەکانو کارگەو کۆمپانیاکانو ڕێکخراوە سەندیکاییەکانو خوێندنگاکانو باخچەی منالان هەموو پشکی خۆیان هەیە لەبەرپرسیارێتی.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

ئەرکی سۆسیال دیموکراتەکانە، وەك بزاڤێکی میللی، دەرگای گفتوگۆ بکەینەوەو لەناو بزووتنەوەکەی خۆماندا کار بکەین بۆ هێنانەدی داوای هەمەچەشنیو یەکسانی.

ئەم پێویستییانەی گەیشتن بەیەکسانی، لەهەموو ڕەهەندەکانیدا، دەبنە هەوێن لەهەموو بوارەکانی سیاسەتی سۆسیال دیموکراتەکاندا.

## سیاسەتی خۆشگوزەرانی

سیاسەتی خۆشگوزەرانی سۆسیال دیموکراتەکان، بەرجەستەکردنی هەرسێ پرەنسیپی ئازادیو یەکسانیو سۆلیدارێتییە، ئەمیش لەڕوانگەی ئەو بیرۆکە دێرینەوە هاتۆتە کایەوە کە هەموان بەشدارن لەبنیاتنانی کۆمەڵگەدا. ئەم سیاسەتە بەدیهێنەری بەرژەوەندییەکانی تاكو کۆمەڵگەیە، ماف دەبەخشێو داوای ئەرکیش دەکات. هەموان دەگرێتەوە، نەك تەنیا ئەوانەی داهاتیان لاوازە، هەموان بەشدارن چ لەمافو چ لەئەرکەکاندا. بۆ هەموان هەمان مەرج هەیە. هاووڵاتیان بەگوێرەی پارە وەرگرو پارە بەخش جیاناکرێنەوە، کە ڕەنگە بەرژەوەندییەکانیان دژ بەیەك بوەستێتەوە. سیاسەتی خۆشگوزەرانی ئەوەیە کە هاووڵاتیان بەشێوەی سۆلیدارێتی بەپارە هاوبەشی دەکەن، کە هەست بەبایەخو گرنگی خۆیان دەکەن لەدروستکردنی ئازادیو ئاسودەیی بۆ تاکەکانو بۆ یەکگرتوویی کۆمەلاّیەتی.

سیاسەتی خۆشگوزەرانی بریتییە لەئاسوودەیی ئیکۆنۆمی. هەروەها بریتییە لەدابەشکردنی عادیلانەی چانسەکانی ژیانو دابینکردنی



مەکتەبی بیروهۆشیاری

هەلومەرج بۆ هەڵبژاردنی ئازادانەی لەقۆناغەکانی ژیاندا. هەموان مافی کارکردنیان دەبێ. هەموان مافی گەشەکردنیان لەکاردا دەبێ. هەموان مافی سەردەمێکی ئاسوودەیی منداڵیو گەورەبوونێکی ئارامیان دەبێ، بەگوێرەی یاساکانی نەتەوە یەکگرتووەکان. هەموو منالاّنو گەنجان مافی پەروەردەکردنو گەورەبوونیان هەیە دوور لەبەکارهێنانی ماددەی بێهۆشکەرو دوور لەزەبرو زەنگ. هەموان خاوەن مافی زانیاریو زانست بەدەستهێنانو بەشداری لایەنە کولتورییەکانن، هەموان مافیان هەیە بۆ دەستکەوتنی شوێنێکی شیاوی نیشتەجێبوون بە نرخێکی گونجاو، لەژینگەیەکی ئارامو ئاسوودەدا. هەموان مافی پیربوونێکی ئاسوودەو بەرزنرخێنراویان هەیە. هەموان مافیان هەیە بۆ هەڵبژاردنی شێوازی ژیانی تایبەتی خۆیان بەبێ ڕووبەڕووبوونەوەی حوکمی پێشینەو بەنزمسەیرکردن بێ ڕووبەڕووبوونەوەی پەراوێزخستنی کۆمەلاّیەتی. هەموانیش دەبێ بەرپرسیارێتی خۆیان بگرنە ئەستۆ بۆ دابینکردنی ئەم سیستمی خۆشگوزەرانیەو بەخراپ سوود لەدەستکەوتەکان وەرنەگرن.

سیاسەتی خۆشگوزەرانی لەوە زیاترە کە تەنیا راستکردنەوەی ئەو ناعەدالەتیانەبێ کە لەژیانی ئیکۆنۆمیدا هاتونەتە ئاراوە. سیاسەتی خۆشگوزەرانی بریتییە لەیەکسانی، بریتییە لەزیاتر دەسەلاّت شکانی خەڵك بەسەر ژیانی تایبەتی خۆیاندا، کە بەهۆیەوە دەتوانرێ کاربکرێتە سەر جۆری دەسەلاّت لە ئیکۆنۆمیو لەکۆمەڵگەدا.

بیمەو خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکانی وەك خوێندن، تەندروستیو بایەخدان بەمناڵو پیرو پەککەتووان نابێ هەرگیز بخرێنە ئاستی کاڵای ناو بازاڕەوە،کە لێرەدا کۆمەڵگە تەنیا ئەرکی پارە بەخشینەوە بێ تا تاك توانای کڕینی کاڵاکانی هەبێ. بەڵکو سیستمی خۆشگوزەران پێویستی بە هەستی بەرپرسیارێتی هاوڵاتیانە، نەك تەنیا بۆ سوودو بەرژەوەندی خۆیان بەڵکو بەرپرسیارێتی بۆ مافی هەموان. دەبێ ئەوەش بەشێوەیەك دابڕێژرێ کە ببێ بە بەرپرسیارێتی هاوبەشو گونجاو بۆ جێبەجێکردن. بە بازاڕکردنی ئەم خزمەتگوزارییانە لەگەڵ داوای هەست بە بەرپرسیارێتی سۆسیال دیموکراتیدا یەکناگرێتەوە.

بازاڕو پرنسیپەکانی کێبڕکێ نابێ ببێتە مۆرکی کەرتی گشتی، بە پێچەوانەوە کراوەییو شەفافی لەبەرپرسیارێتی پیادەکردندا پێوەر دەبێ.

ئێمە ناتوانین گەشەکردنی بیمەی تایبەتی لەبوارەکانی خۆشگوزەرانیدا پەسەند بکەین، چونکە بیمەی کەرتی تایبەتی دەبێتە هەڕەشە بۆ خۆشگوزەرانی گشتیو دەبێتە مایەی دروستبوونی نابەرابەریو ناعەدالەتی لەنێو هاوولاتیاندا، لەڕووی بەدەستهێنانی خۆشگوزەرانیدا.

کەرتی خوێندنو تەندروستیو کەرتی بایەخدان بە منالانو پیرویەککەوتووان رۆڵێکی ناوەندییان هەیە لەبەدەستهێنانی هەلومەرجەکانی ژیاندا.



هەلومەرجی نایەکسان بۆ زانست وەرگرتن یان لە کەرتی تەندروستی و بایەخدان بە منالان و پیروپەککەوتەکان دەبنە مایەی دروستبوونی نایەکسانی لەگەشەکردنی کەسایەتیو لەژیانی ناو کۆمەڵگەو لەبازاڕی کاردا. ئەم جیاوازییانە زیان بە تاکەکان دەگەیەننو لەوانیشەوە زیان بە کۆمەڵگە دەگەیەنن. گەیشتن بەو لایەنە بەکەڵکانە بە کوالیتی بەرز بۆ هەموان بەردێکی بناغەی سیاسەتی یەکسانییە، واتە کەرتی خوێندنو تەندروستی، کەرتی بایەخدان بە منالانو پیروپەککەوتوانیش دەبێ هۆشیاربن سەبارەت بە تەونو رۆڵو کاریگەرییەکانی چینو جێندەرو بە وریاییەوە کار بکەن بۆ گۆڕینیان. چونکە ئەم کەرتانە پەیوەستن بە ژیانی ناو کۆمەڵگەوە. جۆری دابەشکردنیان بەسەر هاولاتیاندا هەرگیز نابێ بدرێتە دەست بازاڕو میکانیزمی نرخ بۆ دانان. یان بدرێتە دەست لایەنێکی بەرهەمهێنەری خاوەن بەرژەوەندی بۆ قازانجی تایبەتی. کەرتی پەروەردەو تەندروستیو بایەخدان بە منالانو پیرو یەککەوتووان لەو دەرامەتەی لەباج وەرگرتنەوە هاتونەتە ناو گەنجینەوە، بە شێوەی سۆلیدارێتی، پارەیان بۆ خەرج دەکرێو ئەو سیاسیانەی گەل هەڵبژاردون بەرپرسیارن لەدابەشکردنی عادیلانەی ئەو دەرامەتە لەنێوان بوارە جۆراو جۆرەکاندا. بۆ ئەوەی پارەی باج شوێنی خۆی بگرێتو یەکسانیو کوالێتی بەرز بەدیبهێنرێ. توانای کۆمەڵگە بۆ پێشکەشکردنی ئەم پێداویستیانە بۆ هاوولاتیان بنەمایەکە بۆ پرنسیپی دابەشکردنی باشی داهات بەپێی پێویستی. هەموو هاولاتیانی

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

سەرانسەری وڵات دەبێ هەمان مافیان هەبێ بۆ سوود وەرگرتن لەم سێ کەرتەی خزمەتگوزاری. ئەمەش پێویستی بە ڕێکخستنی هاوکاری هەموو ئەنجومەنی شارەوانییەکانە لەبارەی دابەشکردنی داهاتەکانی باج وەرگرتنەوە* دەنا توانای دەرامەتی جۆراو جۆر دەبێتە هۆی جیاوازی خۆشگوزەرانی هاووڵاتیان لەیەکە ئیدارییە جیاجیاکاندا.

ئێمە دەمانەوێ کەرتی گشتی بەشێوەیەك پەرەپێبدەین کە وەڵامدەربێ بۆ داوا کلاسیکییەکە بۆ عەدالەت، لەهەمان کاتیشدا وەڵامدەربێ بۆ داوا نوێیەکان سەبارەت بە ئازادی هەڵبژاردن. توانای کارکردنە سەر خوێندنگەو تەندروستیو کەرتی بایەخدان بەمناڵانو پیروپەککەتووان بەشێکە لەدەسەڵات پراکتیزەکردنو مرۆڤ بەهۆیانەوە توانای کارکردنە سەر ژیانی تایبەتی خۆی دەبێو کارێکی پێویستە بۆ هەستکردن بە بەشداریکردنو بەرپرسیارێتی بەرامبەر بەکۆمەڵگە.

مرۆڤەکان وەك یەك نین، داواکانیان و پێشبینیەکانیان جۆراو جۆرە. بۆیە پێویست بەشێوازو پرۆگرامی جۆراو جۆرە، پێویست بە شێوازو بنکەی جۆراو جۆری تەندروستیو جۆرەکانیتری بایەخدانە بە مرۆڤەکان. دەبێ بواری سوود وەرگرتن و هەڵبژاردن هەبێ لەجۆرو شێوازی

---

* ـ داهاتی سەرەکی حکومەتی سوید ئەو باجانەیە کە لەهاووڵاتیان وەردەگیرێت. داهاتی شارەوانییەکان یان پارێزگاکان لەباج وەرگرتن وەك یەك نییە بەپێی دەوڵەمەندیو چڕی دانیشتوان دەگۆڕێت. لەسوید سیستەمێك هەیە کە شارەوانییە دەوڵەمەندەکان بەشێك لەداهاتەکانی خۆیان دەدەن بەشارەوانییە هەژارەکان تا هەموویان وەك یەك داهاتیان هەبێو بتوانن بەهەمان کوالیتی خزمەتگوزارییەکان پێشکەش بە هاووڵاتیان بکەن. (وەرگێڕ).



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

جیاجیای کەرتی تەندروستیو پەروەردەو بایەخدان بەمناڵانو پیروپەککەتووان. دەبێ ئەلتەرناتیڤ بۆ هەر لایەنێك هەبێ، هەر بەم پێیە پێویستی هاووڵاتیان لەشوێنە چۆڵ ودوورە دەستەکان وەك شوێنە قەرەباڵغەکان نیە.

هەمە چەشنەییو بوونی جیاوازی لەداڕشتنی شێوازەکاندا گرنگی خۆی هەیە چ بۆ یەکسانیو چ بۆ ئازادی هەڵبژاردن.

بەشێکی گرنگی ئەرکەکانی کەرتی گشتییە کە لەچوارچێوەی کارەکانی خۆیدا ، ئەلتەرناتیڤ بێنێتە ئاراوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی خواستو داواکارییە جۆراو جۆرەکانی هاووڵاتیان. هەروەها کاری هەرەوەزیو گروپە خۆبەخشەکانو تەنانەت تاکە کەسەکانیش ڕۆڵی خۆیان هەیە، هەربۆیە ئەمانیش مافیان هەیە بۆ وەرگرتنی یارمەتی ئابووری بەمەرجێك هەمان یاساو ڕێساکانی کەرتی گشتی پیادە بکەن. ڕەخساندنی بوار بۆ دروستبوونی ئەلتەرناتیڤ بریتییە لەبوار ڕەخساندن بۆ هاووڵاتیان بۆ هەڵبژاردنی قوتابخانەو خەستەخانەو جۆری بوارە کۆمەڵایەتییەکانی تر. نەك خاوەن کۆمپانیا تایبەتەکان ئەو خوێندکارانە یان ئەو نەخۆشانە هەڵبژێرن کە گیرفانیان پڕترەو قازانجی زیاتریان لێدەکەن.

نابێ ڕێگا بدرێ کۆمپانیا تایبەتییەکان بۆ قازانجی خۆیان سیستمی خۆشگوزەران ئاراستە بکەن.

مەکۆی بیروهۆشیاری

ئەو دەزگایانەی لەڕووی ئابوورییەوە پشتیان بەکەرتی گشتی بەستووە، دەبێ لەئاستی چاوەڕوانکراودا بن لەڕووی دابین کردنی هەلومەرجی باشی کارکردنو بوار رەخساندن بۆ گەشەکردن لەکاردا. ئەمان دەبێ گرنگی بدەن بە چالاکیو تواناکانی کارمەندەکانیانو بواریان پێبدەن بۆ تاقیکردنەوەی بیرۆکەو چارەسەری نوێ، چ لەکەرتی گشتیوچ لە لایەنە تایبەتەکانی تردا، پێویستە پشتگیری سەربەخۆییو هێزی داهێنان بکرێ... داموەدەزگاکان دەبێ مۆرکی کراوەییو شەفافیەتیان پێوە دیاربێو مافو ئازادییەکانی کارمەندان نابێ پێشێل بکرێن.

بێگومان پارەی حکومەت کە سەرچاوەکەی باج وەرگرتنە** سنوردارەو بەشی هێنانەدی هەموو ئاواتو ئامانجەکانی ناکات. هەردەم دەبێ خەریکی هەڵسانگاندنی گرنگێتی داخوازییە جۆراو جۆرەکان ببین بۆ هەڵبژاردن لەنێوانیاندا. ئەویش هەمیشە بە لەبەرچاوگرتنی داوای سەرەکی کە بریتییە لەپاراستنی دادپەروەرییو یەکسانی لەدابەشکردنو خزمەتگوزارییەکاندا، بە هەمان کوالیتی بەرز بۆ هەمووان.

---

** ـ حکومەتی سوید باج لەهاووڵاتیان وەردەگرێتو بەو پارەیە سیستمی خۆشگوزەرانی بۆ میللەت دابین دەکات. ئەگینا سوید نەوتی نیەو لەژێر زەوییەوە پارەی بۆ هەڵناقوڵێ. (وەرگێڕ).



مەکۆی بیروهۆشیاری

بڕیاری لەو جۆرە پێویستی بە پرۆسەیەکی کراوەی دیموکراتیانەیە کە هەمووان توانای کاریگەرییان هەبێ، واتە لەشێوازی دیموکراتی نوێنەرایەتیدا دەکرێ. توانای یارمەتیدانی ئابووری لایەنەکانی کەرتی تایبەت نابێ ببێتە هۆی دروستبوونی بڕیارگەلێکی ئەلتەرناتیڤ بۆ پرۆسەی دیموکراتی.

لەبەر هەردوو لایەنی ئیکۆنۆمیو کاریگەرێتی، دەبێ شارەوانییەکانو پارێزگاکان ئازادییەکی زۆریان هەبێ بۆ داڕشتنی شێوەی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان، بەپێی داواو پێشبینییە ناوچەییەکانی خۆیان. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەرگیز ناکرێ بەرژەوەندییە گشتییەکانی وڵات لەلایەن هێزە ناوچەییەکانەوە وەلاوە بنرێن.

مافەکانی تاکە کەسی کەراستەوخۆ لەلایەن پەرلەمانو حکومەتەوە دیاری دەکرێن یان لەئامانجە سەرەکییەکانی کۆمەڵگەیە وەك پەروەردەو تەندروستیو بایەخدان بە منداڵانو پیروپەککەوتوان ناکرێ بەبڕیاری لایەنە ناوچەییەکان لاوازبکرێن.

لەحاڵەتی لەدەستدانی سەرچاوەی داهاتدا، یارمەتیدانێکی ئیکۆنۆمی رێكو پێك بەردی بناغەیە بۆ دڵنیاییو ئازادیی تاکە کەس. سیستمی بیمەی کۆمەڵایەتی ئەم یارمەتییە ئیکۆنۆمییە بەپێی پرنسیپی رادەی لەدەستدانی سەرچاوەکان، داهات پێشکەشی هەمووان دەکات. تەنیا سیستمی بیمەی کۆمەڵایەتی گشتییە دەتوانێ ئەم ئامانجە بپێکێو داخوازییە ئیکۆنۆمییەکانی تاکەکان بێنێتە دیو

مەکتەبی بیروهۆشیاری

سیاسەتێکی یەکسانی دابەشکردنیش دابڕێژێ بۆ ئەو گروپانەی زیاتر پێویستیان بە یارمەتی ئیکۆنۆمی هەیە.

ئەم سیستمی دڵنیاییە دەبێ بگونجێنرێ لەگەڵ بازاڕی کاردا، لەبازاڕی کاردا زۆر کەس لەقۆناغی جۆر بەجۆردا لەجێگاگۆڕکێدان لەنێوان خوێندنو کارکردنو خەڵکیش هەیە کار لەکارگەو دامەزراوەکاندا دەکاتو کاری تایبەتیش دەکات. لەهەندێ لەقۆناغەکانی ژیاندا ئازادیو دڵنیایی بریتییە لەیارمەتی بەدەستهێنان بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ بورای نوێدا. ئەوانەی لەسەر کار دەردەکرێنو بێکار دەبن دەبێ مافی بەدەستهێنانی زانستی نوێیان هەبێ بۆ دۆزینەوەی کاری نوێ، یان مافی کات بۆ گەڕان بە دوای کاری نوێی گونجاودا، کە لەو کاتی گەڕانەدا، یارمەتی.

ئیکۆنۆمی وەربگرێت. ئەوانەش کە توانای کارکردنیان کەم دەبێتەوە، چ بەهۆی نەخۆشی یان بەهۆی رووداوێکەوە بێ، مافیان هەیە بۆ دووبارە راهێنان، یان ئەوانەی کەمئەندامن دەبێ یارمەتی بدرێن، بۆ ئەوەی بە ئازادیو سەربەخۆیی بژینو بەپێی توانای خۆیان هاوبەشی ژیانی کار بکەن. ئەوانەی کە منداڵیان دەبێ، دەبێ مافیان هەبێ بۆ مۆڵەتی منداڵبوون بە مووچەو ئەوانەش کە منداڵی وردیان هەیە مافیان هەبێ بۆ بردنی منداڵەکانیان بۆ شوێنی بایەخدان بە منداڵان، وەك دایەنگەو باخچەی ساوایان، تا بتوانن لەهەمانکاتدا منداڵ بەخێو بکەنو لەکارو پیشەش دوانەکەون. سیاسەتی نیشتەجێبوون بەشێکی دانەبڕاو. لەلایەنی



مەکتەبی بیروهۆشیاری

خۆشگوزەرانی گشتیو چوارەم کۆڵەکەیە لەسیاسەتی خۆشگوزەرانیدا، دوای کەرتەکانی تەندروستیو پەروەردەو بایەخ دان بە منداڵانو پیروپەککەوتووان. شوێنێکی نیشتەجێبوون مافێکی کۆمەڵایەتییە. لەبەر ئەوە لەئەرکەکانی کۆمەڵگەیە شوێنی نیشتەجێبوون دابین بکات. دامەزراوەی گشتی نیشتەجێبوونو کۆمپانیای هەرەوەزی نیشتەجێبوون پێویستە بۆ دروست نەبوونی جیاوازی زەق لەڕووی نیشتەجێبوونەوەو بۆ رێگە نەدان بەگرانبوونی کرێی خانوو. دەبێ توانای کاریگەرێتی دانیشتووان بەسەر خانووەکانیانو شوێنو گەڕەکی نیشتەجێبوونیاندا زیاتر بێ.

هەروەها ئەو کارانەی پێویستن بۆ بەرگرتن لەڕووداو لەشوێنی کاریان بۆ بەرگرتن لەنەخۆشی یان بۆ پەراوێزنەخستن لەبازاڕی کار، ئەمانە هەموو لەبوارەکانی سیاسەتی خۆشگوزەرانین. کە بایەخدان بە لایەنی تەندروستیو یاساکانی کارکردنو راهێنانی پیشەیی بەپێی بازاڕو خوێندنی گەورە ساڵان دەگرێتەوە. هەروەها بوونی ئارامیو دڵنیایی لەماڵو لەدەرەوەی ماڵ، لەشەقامو بازاڕەکاندا، بەشێکە لەسیاسەتی خۆشگەزەرانی. بەرەنگاربوونەوەی توندو تیژیو تاوان بەشێکە لەسیاسەتی دڵنیایی. بەڵام لێرەدا دەبێ بەرەنگاری هۆکارەکانی تاوانیش بوەستین. پێویستە بەئاشکراو بەڕوونی کۆمەڵ دژ بە تاوانەکانو سەرپێچییەکان بوەستێتەوە. بەڵام چاکترین دژایەتی تاوان نەهێشتنی هۆکارەکانێتی، ئەویش بە دامەزراندنی کۆمەڵگەیەك کە

تیایدا جیاوازییە کۆمەڵایەتیەکان بچووکن، کە هەمووان مافیان هەبێ بۆ کارکردن‌و توندوتیژی جێندەری تیا نەمابێ‌و منالآن‌و گەنجان هەلومەرجی بەئارامی گەورەبوون‌و گەشەکردنیان هەبێ.

## کارو گەشەکردن

ئابوورییەکی بەهێزو بەرهەمهێنانێکی بەهێزی خاوەن توانای کێبڕکێ لەگەڵ بەرهەمە ئینتەرناسیۆنالییەکان بەردی بناغەن بۆ بەردەوامبوونی گەشەکردنێکی باش لەڕووی کار، مووچەی عادیلانەو خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتیەوە.

خۆشگوزەرانیش بە دەوری خۆی زەمینە خۆشکەرە بۆ گەشەسەندن. کاتێ کە کەسانی زیاتر توانای خوێندن‌و زیادکردنی شارەزاییەکانی خۆیان دەبێ، ئابووری بەهێزتر دەبێ. سیاسەتێکی چالاکی بازاڕی کار، کار ئاسانی دەکات بۆ بێکاران کە کاری نوێ بدۆزنەوەو ڕێگا خۆشکەرە بۆ خاوەن کاران کە کەسی شیاو بە پێی پێویستییەکانی خۆیان بدۆزنەوە بۆ شوێنی کارەکانیان. دڵنیایی تەندروستی بوار بە مرۆڤەکان دەدات کە بەتەنگ تەندروستی خۆیانەوە بن‌و بەو پێیە ژمارەی بێکاران بە هۆی نەخۆشییەوە کەم دەبێتەوە.

ڕێژەی منالّ بوون پابەندە بە خۆشگوزەرانی‌و بوارە ڕەخساوەکانی ژیانەوە، هەروەها بریتییە لەدوارۆژو جۆری گەشەسەندنی ئابووری.



ژیانێکی کاری گونجاو لەگەڵ منالّ بەخێوکردن مەرجێکی سەرەکییە بۆ ئەوەی ژنان‌و پیاوان ئاواتەکانی ژیانیان بهێننە دی لەڕووی منالّ بوون‌و باوکایەتی‌و دایکایەتییەوە. هەربۆیە سۆسیال دیموکراتەکان لەخەباتدان بۆ بەدیهێنانی کۆمەڵگەیەکی منالّ دۆست.

هەڵوێست سەبارەت بە پەیوەندی نێوان هێزی ئابووری‌و خۆشگوزەرانی سیاسەت بەڕێوە دەبات ئەمەش بریتییە لەداواکاری بۆ چۆنییەتی شێوازەکانی گەشەکردن. ئامانجی گەشەکردن زیاترکردنی خۆشگوزەرانی مرۆڤە، لەبەر ئەوە ناکرێ ئەو میتۆدانە بەکاربهێنرێن کە زیان بە تەندروستی‌و کوالێتی ژیانی مرۆڤ دەگەیەنن، یان تێکدەری ژینگە بن یان سەرچاوە سروشتییەکان بنبڕ بکات. ئەم جۆرە گەشەکردنە گەشەکردن نییە. نرخە مرۆڤایەتییەکان‌و ئیکۆلۆگییەکان‌و تێچوونە کۆمەڵایەتییەکانی ئەم جۆرە گەشەکردنە لەو قازانجە کورت خایەنە زیاترە کە دەست دەکەون.

هەموو گەشەکردنێك بەرهەمی ڕەنجی مرۆڤە، بەهۆی پێشکەوتنی تەکنیکی‌و داهێنانەکانی مرۆڤەوەیە، بەهۆی ئەو سیستەمە کۆمەڵایەتییەی مرۆڤ دروستی کردوە بۆ بەرهەمهێنان‌و بەکاربردن، بەهۆی ئەو سەرمایەیەی کە لەم سیستەمەوە بە دەست دێت‌و بەپلەی هەرە یەکەمیش بەهۆی کاری مرۆڤەوە، کە هەر مرۆڤە دێتە دی سەرمایەو تەکنیك دەخاتە گەڕ. واتە کاری مرۆڤ سەرچاوەیە بۆ هەموو خۆشگوزەرانی‌و هەموو کلتوورێك. هەر بۆیە دەبێ هەموو سیاسەتێکی

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

گەشەکردن بریتی بێ لەدابینکردنی هەلومەرجی باش بۆ کاری مرۆڤەکان، بۆ داهێنانو کارگوزارییان لەهەموو وڵاتدا.

گەشەکردن کۆی بەرهەمی کۆمەڵێ جۆری تێکۆشانە لەهەموو بوارەکانی کارکردندا، لەهەموو ناوچەکانەوە. بۆیە پێویستی بە خستنەسەرکاری هەمووانو شێوازێکی کارکردنە کە بایەخ بدات بە تواناو زیرەکیو لێهاتوویی هەموو ئەوانەی دەیانەوێ کار بکەن.

خستنە سەرکاری هەمووان ئامانجێکی کۆمەڵایەتیو لەهەمان کاتدا ئابوورییشە. لەم ڕێگەیەوە هەمووان بەشدار دەبن لەدروستکردنی خۆشگوزەرانی داو ڕێگا لەبێکاریو بەپەراوێز خستن دەگرێ لێرەشەوە ڕزگارمان دەکات لەو نایەکسانیو لەو زیانانەی بە مرۆڤەکان دەکەوێ کە لەبێکاریو پەراوێزخستنەوە پەیدا دەبن. دەبێتە پاڵپشت بۆ خەباتی دژ بە نایەکسانی جێندەرو ئەتنیکیو بەکەمسەیرکردن لەڕێی ڕێگەنەدان بە جیاکردنەوەی خەڵك، وەك لەهەندێ بازاڕی کاری لاوازدا هەیە، کە جیاکردنەوەکان لەسەر بنەمای ڕەگەزی نێرو مێو کەمایەتیو زۆری نەتەوایەتیو تەمەنو لەش ساغی یان پەککەوتوویی دەبێت.

بناغەی سیاسەتی گەشەکردن لای سۆسیال دیموکراتەکان، بریتییە لە مافی هەمووان بۆ کارێکی بەسوود، لەهەلومەرجی کارکردنی باشدا، لەهەموو قۆناغەکانی ژیانی کارکردندا. هەلومەرجی باش بۆکارگوزاری، ژینگەیەکی کارکردن کە برست لەکرێکاران نەبڕێ. ڕەخساندنی بورای پێشڤەچوون بۆ هەمووانو ڕێزگرتن لەبەشە کاری



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

هەریەکێك. هەموو کارمەندەکان دەبێ توانای کاریگەرێتییان هەبێ بۆ سەر کارەکانی خۆیان، دەبێ هەمووان بواریان هەبێ بۆ بەدەستهێنانی زانستیو بڕوانامەی بەرزترو پەرەدان بەتواناکانیان. دەبێ ژیانی کارکردن وا دابڕێژرێ کە بایەخ بدا بە هەردوو لایەنی بڕوانامەو شارەزایی کارمەندەکانو شوێنی کارەکانیان. لەڕۆژی ئیمڕۆدا گەرچی توانای زانستی داوای زۆری لەسەرە، بەڵام ئەم بایەخ پێدانە دوو لایەنییە مەرجە بۆ ئیکۆنۆمی بەهێزو مەرجێکی یەکسانیشە، لەهەمان کاتیشدا یەکسانی پێویستی بە مافی هەلومەرجی لەباری کارکردنو خۆ بەخێوکردنە. بێگومان بۆ ئەوانەش کە جۆری کارەکانیان پێویستی بە بڕوانامەی بەرزو خوێندنی زۆر نییە، ئەم جۆرە کارانەش تەواوکەری کارن بۆ گەیشتن بە ئامانجی بەرهەمهێنان، دەبێ نرخی ڕۆڵی ئەمانیش لەدیاریکردنی مووچەو هەلومەرجی خستنە سەرکاردا ڕەنگ بداتەوە.

شێوازی بەرهەمهێنان بە جۆرێك بنیات دەنرێ کە بایەخ بدات بە بیری داهێنانو سەربەخۆ بێ لەکاریگەرییەکانی کارمەندەکانو خاوەن کارەکان. یاسای کۆمپانیاکان دەبێ ڕوونو ئاشکراو بەرچاو بێ، دەبێ توێژینەوەو کاری گەشەکردن هانبدرێت.

کۆمپانیاو بەڵێندەرە نوێیەکان یارمەتی بدرێنو کارە هەرەوەزییەکانیش پشتگیری بکرێن. یاسایەکی کاریگەری کێبڕکێ کردن، ڕێگا نادات بە چڕکردنەوەی دەسەڵاتو مۆنۆپۆڵ کردن، ڕێکخراوی سەندیکای بەهێز زۆر پێویستە بۆ پاراستنی بەرژەوەندی

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

هاوبەشی کارمەندەکان لەڕووی مووچە، ژینگەی کار، کاتەکانی کارو هەلومەرجی دامەزراندن. ئەمانە پرسە سەرەکییەکانی ناو پەیوەستنامەی کارکردنن لەنێوان کرێکاران‌و خاوەن کاراندا.

هەروەها پەیوەستنامەی گشتی پێویستییەکی سەرەتاییە بۆ ئەوەی هەر لایەنە لەیاسای کاردا پێناسەو سنووری خۆی بۆ دیاری بکرێ‌و بەئاسوودەیی کار بەڕێوەبچێ، یاسایەکی بەهێزی مافەکانی کار پێویستە بۆ پاراستنی کارمەندەکان.

سیستمی باج دەبێ یاریدەدەر بێ بۆ بازاڕێکی کاراو دادپەروەر لەدابەشکردنی ئەو توانایانەی ژیانی بەرهەمهێنان دەیهێنێتە ئاراوە. ئەبێ بەشێوەیەك دابڕێژرێت کە کەشێکی عاقڵانەی ئیکۆنۆمی بڵاو بکاتەوەو بودجەش دابین بکات بۆ لایەنە گرنگەکانی خۆشگوزەرانی، سادەیی‌و ئاشکرایی لەباسەکاندا، یەك شێوازی‌و گشتگیری باجەکان پرنسیپی بنەڕەتین. ئەو باج‌و رەسمانەی وەردەگیرێن‌و یاساکانی کۆمەك کردن نابێ کاریگەری نێگەتیڤیان هەبێ لەسەر کارو کارگوزاری.

ژیانێکی کار کە بایەخ بەتواناو لێهاتوویی هەموو مرۆڤەکان دەدات، دەبێ ڕەچاوی جیاوازی تواناکان‌و جیاوازی قۆناغەکانی تەمەنی مرۆڤەکان بکات. ئەوانەی منالیان هەیە دەبێ بتوانن منالەکانیان بەخێو بکەن‌و کاریش بکەن. ئەوانەی نزیك تەمەنی خانەنشینن دەبێ بکارن کاتی کارکردنیان کەم بکەنەوەو یان گەر هەستیان کرد بەرەو بێهێزی دەچن کاری سوکتر بکەن، بەتەواویش دەبێ بایەخ بدرێ



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

بەبەکارهێنانی توانا تەکنیکیەکان بۆ گونجاندنی کارو شوێنی کار بۆ ئەوانەی کەمئەندامن. ئەمانە هەموو هاوبەشی دەکەن لەهێنانەدی ژیانێکی باش‌و بەکوالێتی بەرز بۆ کرێکاران‌و کاریگەرییەکی زیاتریش بۆ کۆمپانیا یان خاوەن کارەکان. کە شێوازێکی مۆدێرنی ئیشکردنە لەڕووی هەمەجۆریی کارمەندان‌و سوودوەرگرتن لەکات. هیچ پاساوێك نییە بۆ کارکردن لەهەلومەرجی نائاسوودەو نائارامدا. بەنزم تەماشاکردن‌و حوکمی پێشینە یان پشتگوێ خستنی وزەو تواناو لێهاتوویی هەندێ کەس بەفیڕۆدانێکی ناپەسەندی وزەی مرۆڤە کە بەتوندی دەبێ دژی بوەستین. پێشێلکارییەکی بەها مرۆڤایەتییەکان‌و هۆکارێکی زەقی دروست بوونی ناعەدالەتی کۆمەڵگا ئەوەیە کە بازاڕی کار دەست بەڕووی ئەو جۆرە کەسانەوە بنێ‌و وەلایان بخات کە خۆیان دەیانەوێ‌و دەتوانن کار بکەن* دەبێ هەموو یەکێك دەسەلاتی هەبێ بەسەر کاتەکانی کارکردنی خۆیدا، ئێمە ئەمانەوێ ماوەی کارکردن بەجۆرێك کەم بکەینەوە کە ئەو دەسەلات بەسەردا شکاندنە زیاد بکات. ئاماجمان کورتکردنەوەی کاتی کارکردنە کە لەهەفتەیەکدا تەنیا سی (٣٠) سەعات کار بکرێ. بەرژەوەندی هەموو دانیشتوان لەوەدایە کە

* لەولاتە ئەوروپییەکاندا، بەتایبەتی ولاتانی سکەندنافیش زۆر کەسی بیانی هەن کە خاوەن بروانامەی بەرز یا شارەزاو لێهاتوو توانای کاریان هەیە، بەلام لەبەر رەنگی پێست‌و قژو شێوەی دەموچاویان پەراوێز دەخرێن‌و ئەو کارەیان دەست ناکەوێ کە مرۆڤێکی هاو تواناو بروانامەی خۆیان دەستی دەکەوێ. (وەرگێر).

هەموو وڵاتەکەمان بژیو گەشە بکات. گەشەکردنێکی یەکسانی هەرێمەکان بواری کاری زیاتر دەڕەخسێنن. وزەو تواناکانی وڵاتەکەمان چاکتر سوودی لێ وەردەگیرێو بەپێچەوانەوە توانای زیاتر دەستگیر دەبێ بۆ خۆشگوزەرانی گشت لایەك. بە نایەکسانی دابەشکردنی تواناکان بەسەر هەرێمەکاندا، دەبێتە هۆی کێشە نانەوە بەهۆی هەڵچونی باری ئابووری لەهەندێ هەرێمو قەتیس بوونو مەیینی ئەو بارە لەهەندێ لای تر. هەر دوو حاڵەتەکە دەبێتە هۆی سوود وەرنەگرتنی تەواو لەتواناکانو تێچوونی زیاتر بۆ سەرانسەری وڵات. هەربۆیە پێویستە هەموو هەرێمەکان بواری باشیان بۆ برەخسێنرێ بۆ کارکردنو بۆ خاوەن کارانو بۆ خوێندنو هەلومەرجی ژیانی باشیش پێشکەش بە دانیشتوانەکەی بکرێ.

چەندین فاکتەر لە ئیکۆنۆمی مۆدێرندا رێگەخۆشکەرن بۆ بڵاوکردنەوەی گەشەکردن بەسەر هەموو وڵاتدا، کە ئەوەش بواری باش دەڕەخسێنێ بۆ پێشکەوتنی ئیکۆنۆمی هەرێمە جیاوازەکان. تەکنۆلۆژیای ئینتەرناسیۆنالی مۆدێرن لەگرنگی پێگەی جوگرافی ناوچەکان کەم دەکاتەوە. برەو دان بە گەشەکردنێکی ئیکۆنۆمی پشت بەوە دەبەستێ کە ئەو توانا سروشتیانەی، وەك دارستانو کێڵگە، بەکاربهێنرێن کە لەشوێنە قەرەباڵغەکانەوە دوورن. هەروەها زیادبوونی گەشتو گوزار بواری کاری زیاتر دێنێتە ئاراوە. ئەمانە هەموو پێکەوە بازاڕی کاری زیاترو جۆراو جۆرتر لەهەموو هەرێمەکاندا دروست دەکەن.



پێش مەرجیش لێرەدا سیستەمێکی باشی گواستنەوەو گەیاندنو پەیوەندی پێکەوەکردنی ناوچە جۆراو جۆرەکانی ئەو بازاڕی کارەیە، چ لەناو هەرێمەکەو چ بەستنەوەی هەرێمەکە بە ناوچەکانی ترەوە.

دروستکردنو دابینکردنی مەرجە بنەڕەتییەکانی گەشەکردن کە بریتین لەبنیاتنانی ژێرخانێکی بەهێزو دابەشکردنی وەکیەکی سەنتەرەکانی فێرکردن لەسەرتاپای وڵاتدا بەرپرسیارێتییەکی نەتەوەییە. سیاسەتی گەشەکردنی هەرێمەکان دەبێ بە جۆرێك دابڕێژرێتو پەرەی پێبدرێ کە ئازادییەکی بەرفراوان ببەخشێ بە هەرێمەکان بۆ دۆزینەوەی چارەسەری کێشە تایبەتیەکانیانو بواری بە پیشەسازی کردنی کانزا سروشتییەکانیان پێ ببەخشێ. تۆڕێکی کارای کارکردن لەناوچەکەدا گرنگی خۆی هەیە بۆ خاوەن کارەکانو کارگوزاریو بازاڕی کار. کۆمەڵە هەرەوەزییەکانو لایەنە سۆسیۆئیکۆنۆمییە چالاکەکانی تر رۆڵی گرنگیان بۆ گەشەکردنی ناوچەیی هەیەو هەر لەبەر ئەوەشە دەبێ پشتگیری بکرێن.

## خانەی سەوزی گەل

بەکارهێنانێکی عاقڵانەی وزەو تواناکانی زەوی مەرجێکی سەرەکییە بۆ داهاتووی مرۆڤایەتی. گەشەکردنی ئابووری دەبێ هەماهەنگ بێ لەگەڵ پاراستنی پارسەنگی ئیکۆلۆگی. گەر بڕیار وایە نەوەکانی داهاتووش لەژینگەیەکدا بژین کە ئاوی پاكو هەوای پاکی تیابێو



مەکتەبی بیروهۆشیاری

مەکتەبی بیروهۆشیاری

کەشێکی سروشتیو جیهانێکی بایۆلۆجی سروشتی هەبێ،ئەوا ئەبێ ئێستا ئەو بەکارهێنانە ئاقلانەبێ. بەلاّم بە پێچەوانەوە. ئەمڕۆ توانا سروشتییەکانو سیستەمی ئیکۆلۆگی بە شێوەیەکی زیادەڕەویو سنوور بەزاندنن بەکار دەبرێنو ئەگەر ئەم شێوازە گۆڕانی بەسەردا نەیەت ئەوا لەبەرامبەر هەرەسێکی ئیکۆلۆگیدایین. ئەو گۆڕانەش بەرەو سیستەمێکی خۆراگر لەڕووی ئیکۆلۆگییەوە بەرپرسیارێتی هەموو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیەو ئەرکی سۆسیال دیموکراتەکانە لەهەموو بۆنە نێونەتەوەییەکاندا خەباتی بۆبکەن. داوای سەرەکیش گۆڕینی سیستەمی وەبەرهێنانو سیستەمی وزەو سیستەمی گواستنەوەیە کە بە جۆرێك گۆڕانکارییان تیابکرێ کەمتر وزە هەڵبلوشێنو کاریگەرتر بن، بەمەرجێکیش لەگەڵ داوای عەدالەتی کۆمەلاّیەتیدا ناکۆك نەبن. بۆ ئەمەش پێویستە بەکارهێنانی وزەو توانا سروشتیەکان وەك ئێستا نەمێنێو بە تەواوی کەمبکرێتەوە بۆ ئەمەش پێویست بەگۆڕانکاری زۆرە لەجۆری بەرهەمهێنانو جۆری بەکاربردنی بەرهەمدا. پێویستی بە تێڕوانینێکی نوێیە بۆ ئیکۆنۆمییەکی ئاقلانە. شێوازی نوێی پلاندانان لەکۆمەڵگەدا لەگەڵ هەستی تاك بە لێپرسینەوە لەبەرامبەر بەکاربردنی وزەو توانا سروشتییەکان.

لەپرۆسەی بەرهەمهێناندا، هەر لەسەرەتاوە دەبێ حساب بۆ ژینگە بکرێو توانا سروشتیەکان بە شێوەیەکی زیاتر کاریگەرانە بەکاربهێنرێن. دەبێ پێداچوونەوە بە چۆنیەتی بەکارهێنانی وزەدا بکرێو



مەکتەبی بیروهۆشیاری

هەمەڕەنگی ژیانی بایۆلۆجیش بپارێزرێ. سیاسەتی کشتوکاڵی بەجۆرێك بەرنامەڕێژی بۆبکرێ کە لەڕووی سایکۆلۆژییەوە خۆراگرێو خۆراکێکی تەندروستیش بەرهەم بهێنێو ئاژەڵداریش بەجۆرێکی وابێ کەئاژەڵ بەسروشتی خۆی بژیو لەئازارو ئەشکەنجە بپارێزرێ. سیستەمی گواستنەوە روو لەترافیکی یەکۆمەڵ (مەبەست زیاتر بەکارهێنانی پاسو شەمەندەفەرو جۆرەکانی تری گواستنەوەی بەکۆمەڵی خەڵکە وەرگێڕ)، لەهەمان کاتیشدا بایەخ بدرێ بە دروستکردنی ئۆتۆمبێلی وا کە سوتەمەنی کەم سەرف بکات. یان ئەلتەرنەتیف بدۆزرێتەوە بۆ بەکارهێنانی سووتەمەنیو تەکنیکێکی باشتر بۆ سیستەمی پاککردنەوەو دەردانی ئەو گازانەی خراپن بۆکەشو هەوا.. ئەمانە لەپێشینەی ئەرکەکانن. چەند لەتوانادا بێ دەبێ ئەو پاشەڕۆو پاشماوانەی کاریگەری خراپیان بۆسەر ژینگە هەیە کەم بکرێتەوە. هێزی بازاڕی سوید پابەندە بە بەکارهێنانی وزەو، پێگەی جوگرافی سویدیش وایە کەوزەیەکی زۆری پێویستە بۆ گەرمکردنو ڕوناکیو گواستنەوە. بەلاّم داوا سایکۆلۆجیەکان سنور دادەنێن بۆ بەکارهێنانی وزە. وزەی ئەتۆمی بۆ بەکارهێنانی کارەبا دەبێ رابگیرێو سوتەمەنیە کانزاییەکان (وەك نەوت، بەنزین، خەڵوزی بەردین ....وەرگێڕ) دەبێ کەم بکرێنەوە. ئەم ئامانجانە پێویستییان بەیاسای نوێی سوتەمەنیو گەڕانە بەدوای دۆزینەوەی میتۆدی کاریگەردا بۆ بەکارهێنانی وزە. دەبێ پرۆسەی

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

بەرهەمهێنان واگەشەی پێبدرێ کەوزەی کەمتری بوێت‌و گەرمکردنی ماڵ‌و شوێنەکانیش بەشێوەیەکی کاریگەرانەتربێت.

گۆڕانکارییەکان بۆگەشەکردنێکی باش کەلەڕووی سایکۆلۆجیەوە پەسەند بێ، هێزو تواناش دەبەخشێ بەگەشەکردنی سایکۆلۆجی، ئەوەش لەڕوانگەیەوە کەبازاڕ گەرم دەبێت بۆ ئەو ئامێرە تەکنیکیانەی بەسوتەمەنی‌و وزەی کەمتر کاردەکەن‌و بۆ ئەو ئۆتۆمبێل‌و ئامێرانەی گوێزانەوە کەلەگەڵ داواکارییە ژینگەییەکاندا گونجێنراون، لەگەڵ داواکاری زۆرتریش بۆ شێوازە نوێیەکانی سەرچاوەی ووزە. چاککردنی خانوەکان‌و دروستکردنی بیناو شوێنی کاری نوێ بەجۆرێك کەچارەسەرە سایکۆلۆجیەکانیان تیا بەکاربهێنرێ. ئەمانە هەموو پێویستییان بەستراتیژێکە بۆسیاسەتی ژینگە، کەگەشەکردنی ئیکۆنۆمی‌و کۆمەلایەتی‌و ئیکۆلۆجی پێکەوە گرێ بدات‌و لەکارگەو کۆمپانیاو شوێنی کارەکاندا پرۆسەی گەشەکردنەکە پیادە بکات. بودجە تەرخانکردن بۆ توێژینەوەو یاسادانان‌و جۆرەکانی بەڕێوەبردنی ئیکۆنۆمی هەموو ئامێری گرنگن بۆ ئەم ئامانجە. هاریکاری نێو نەتەوەیی زۆر پێویستە بۆ ئەوەی سیاسەتی ژینگە کاریگەری خۆی هەبێ. لێرەدا بەرپرسیاریەتی ولاتە دەوڵەمەندەکان ئاشکرایە کەیارمەتی ولاتە هەژارەکان بدەن بۆ بەدەستهێنانی تەکنیکی گونجاو لەگەڵ ژینگەدا، چ لەبواری کشتوکاڵی‌و چ لەبواری پیشەسازیدا.



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

ولاتە دەوڵەمەندەکان کە گەورەترین بەکاربەرو هەڵلوشەری تواناو وزەکانن دەبێ بەرپرسیارێتی بگرنە ئەستۆو بەشێوازی بەرهەم هێنانی‌و بەکاربردنی خۆیاندا بچنەوە.

## کۆمەڵگەی زانست

زانست‌و کلتور ئامێری دەستی مرۆڤن بۆگەیشتن بەئازادی گەشەکردن‌و هەروەها پەرەسەندنی کۆمەڵگەو بۆ پێشکەوتنی ئیکۆنۆمی‌و خۆشگوزەرانی. زانست‌و کلتور بوار بۆ مرۆڤ دەڕەخسێنن بۆ گەشەکردن‌و بۆفراوانبوونی گۆشەنیگای. هەروەها بیری مرۆڤ ئازاد دەکات‌و توانای داهێنانی بەهێز دەکات‌و ڕێگە نادات بەهیچ لایەنێکی ئیکۆنۆمی یان کۆمەلایەتی بیر بۆ خۆی پاوان بکات. بواردان بۆ هەموان بۆ بەدەستهێنانی زانست خاڵێکی سەرەکییە لەتێکشاندنی شێوازی چینایەتیدا زانست‌و شارەزایی ئێستا زیاتر بووە بەکەرەسەی کارکردن کەبەهۆیانەوە بڕیاری چارەنووسی جۆری کاری تاکە کەسان دیاری دەکرێت.

جیاوازی گەورە لەدەستکەوتنی ئەم کەرەستەیەدا دەبێتە مایەی دروست بوونی پلەو پایە لەژیانی کارکرندا لەوێشەوە پەیدابوونی جیاوازی لەنێو کۆمەڵگەدا. بەپێچەوانەشەوە بەرزی ئاستی زانست‌و شارەزایی لەهەمووان لەژیانی کارکردندا دەبێتە هۆکاری گۆڕینی ئەو تەون‌و ڕایەڵە چینایەتییەی بەهۆی شێوازی بەرهەمهێنانەوە هەبووە.

بەرزی ئەو ئاستانە لای هەمووان دەبێتە هۆی بەهێزکردنو زیاد بوونی بەرهەمهێنانیش کەئەویش وزەو توانایەکی زیاتر دەبەخشێ بەخۆش گوزەرانی.

ئەو شێوازی بەرهەمهێنانەی ئێستا لەبرەودایە پشت دەبەستێ بەمامەڵە کردن لەگەڵ زانیاریدا. هیچ کاتێك زانیاری وەك ئەمڕۆ زۆرو بەربلاو نەبووە. ئەم تەکنیکە مۆدێرنەی زانیاری لەڕاستیدا بەدیموکراتیزە کردنی گەیشتنە بەزانست. ئەو دەسەڵاتەش کە لەزانستەوە دەست دەکەوێت، گەیشتن نییە بەزانیارییەکان بەڵکو هەروەها چۆنیەتی لێتێگەیشتنیانە. هەموو زانست گەیاندنو فێرکردنێك دەبێت ڕێز لە (فاکتەرەکان) راستیەکان بگرێت، بەڵام دەبێ هەمووان وائامادە بکات کەسەربەخۆیانە لەزانیاریەکان بگەنو هەڵیان بسەنگێننو تەونە کۆمەڵایەتیەکان ببیننو جیاوازی بکەن لەنێوان راستیەکانو لێکدانەوەیاندا، گەر ئەمانە ئەنجامدران ئەوکاتە دەتوانرێ باس لەدیموکراتیزەکردنی زانست بکرێ.

ئەرکی نیشتمانیی سۆسیال دیموکراتەکانە کۆمەڵگەی زانستی دروست بکەن. ئەویش بەپشت بەستن بەپێگەیاندنو داهێنانو فێرکردن، کەتیایدا بەهەمان هەلومەرج دەرگا بۆهەمووان کراوەبێت. پێگەیاندنو فێرکردنێکی بەرفراوان پێویستی بەخستنەگەڕی توانای زۆرە، واتە بەرپرسیارێتی بۆ بوونی فێرگەو مامۆستاو کارمەندو ژێرخانی تەکنیکی کەهەموو کەسێك بتوانێ دەستی پێ بگات. بریتییە لەبەر



پرسیارێتی بۆ دابینکرنی گەیاندنی راستییەکانو ڕاهێنانی فێرخوازان بۆ تێگەیشتنو لێکدانەوەو مامەڵەکردنی سەربەخۆیانە لەگەڵ ئەوشتانەی فێرکراون. پەروەردەو فێرکردن دەبێ بەتەواوی بوار بڕەخسێنێ بۆهەموو منالاْنو گەنجان بۆ وەرگرتنو تێگەیشتنی ئەو زانیارییانەی لەبەرنامەی قوتابخانەکاندان. هەروەها ڕیگا خۆش دەکات بۆ هەموو گەورەو منالاْن بۆ بەردەوامیدان بەخوێندن یان بۆ زیادکردنی شارەزاییە زانستیو پیشەییەکانیان. دەبێ بوار بۆ هەمووان بڕەخسێنن بۆ چالاکی داهێنەرانەو بەشداری پرۆمیشۆنالاْنە لەلقە جۆراو جۆرەکانی کلتوردا.

## فێرکردنی بەدرێژایی تەمەن

کوالیتیی بەرز بەردی بناغەی هەموو فێرکردنێکە کەپێویستی بەئامادەکردنی مامۆستای باشو توێژینەوەی پەروەردەییە، بۆبەردەوام گەشەدان بەپەروەردەو فێرکردنو دۆزینەوەی میتۆدی فێرکردنی نوێ. کوالیتیی فێرکردن پابەندیشە بەژینگەی قوتابخانەکانو ئۆرگانی بەڕێوەبردنەوە کە وەکویەك بایەخو گرنگی بەتوانستو لێهاتوویی مامۆستاکان دەدات.

فێرخوازە منالْو گەورە ساڵەکانیش دەبێ هەمان مافی کەسانی کارکەری تریان هەبێ بۆشوێنێکی ئارامی کارکردنو دەسەڵات شکان بەسەر کاری تایبەتی خۆیاندا. فێربوون پرۆسەیەکە پێویستی بەبەشداریو چالاکی فێرخواز هەیە. پرۆسەی فێرکردن کارێکی

بەکۆمەڵە کەدەبێ لەسەر بناغەی ڕێز گرتن لەتوانا زانستیەکەی مامۆستایانو ڕێزگرتن لەویستو بەرپرسیارێتی فێرخوازان دابمەزرێت. لەپێناوی منالاَندا دەبێ نەخشەیەکی هەمەلایەنە هەبێ بۆسەردەمی منالّیو لاوێتی. هەربۆیە پێویستە هاوکاری هەبێ لەنێوان قۆناغو شێوازەکانی خوێندندا. ڕێگا لەقوتابخانەی سەرەتاییەوە بەرەو ناوەندیو دواناوەندی بەپێی پێشبینییەکانو پێویستییەکان جۆراوجۆرن. بەلاّم ئامانجیان قوتابخانەیەکی بێ قۆناغە.

فێربوونو بیرکردنەوە پرۆسەیەکی تاك کەسییە، بەلاّم ئارەزووی فێربوونو بوار بۆ خوێندن بەزۆری بەندەبە فاکتەرە کۆمەلاّیەتیو کلتورییەکانەوە. ئەمڕۆ بەپێی یاسا هەمووان مافی وەك یەکیان هەیە بۆ فێربوونو چوونە قوتابخانە، بەلاّم لەواقیعدا ئەمە پابەندی کۆمەلّێ هۆکاری کۆمەلاّیەتییە. هەربۆیە پێویستە بەتوندی داوا لەکەرتی پەروەردە بکەین کاربکاتو میتۆدی جۆراوجۆر بگرێتە بەر بۆ نەهێشتنی ئەو هۆکارە نێگەتیڤە کۆمەلاّیەتیو جێندەریانەی ڕێ لەخوێندنی هەندێ کەس دەگرن. هەروەها دەبێ ژینگەی خوێندن خالّی بێ لەگالّتە پێکردنو دەستدرێژیکردنی سێکسیو نەژاد پەرستیو دژایەتیکردنی بیانی. قوتابخانەو پەیمانگاکان دەبێ لەگەلّ کۆمەلّگەی دەوروپشتو بازاڕی کاردا هاوکاربن. ئەو قوتابخانانەی منالاّنی لەژینگەی جیاوازەوە بۆهاتووەو پێکەوە فێردەبنو دوایش پێکەوە



کاردەکەن دەبنە هۆکارێك بۆ نەهێشتنی بەجیا ژیانی گروپە کۆمەلاّیەتییەکان.

دوای قوتابخانەی سەرەتایی دەبێ قوتابییەکان گەیشتبنە ئاستی خوێندنی پلان بۆداڕێژراو. لەخوێندنی ناوەندییدا دەبێ قوتابییەکان بواری ئەوەیان هەبێ کەبەئارەزووی خۆیان بچنە بەشێك لەبەشەکانی دواناوەندیو دەبێ هەمووان ئەو زانستە پێویستانە وەربگرن کەلەژیانی ڕۆژانەو کارکردنی ئەم سەردەمەدا پێویستییان پێی دەبێ.

بەلایەنی کەمەوە دەبێ نیوەی دەرچووانی دوا ناوەندی بڕۆن بۆخوێندنی بەرزتر. دەبێ کاربکرێ بۆ نەهێشتنی جیاوازی کۆمەلاّیەتیو لەو قوتابیانەی دەیانەوێ بەردەوامی بەخوێندن بدەنو هەروەها نەهێشتنی جیاوازی لەڕووی جێندەریو تەنکیکی یەوە بۆخوێندنی بالاّ*. باخچەی ساوایان، کەتیایدا منالّ دەتوانێ وەك منالّ هەلّسوکەوت بکات، شوێنێکە بۆ دروستکردنی بنەمای فێربوون بەدرێژایی تەمەن. بۆیە دەبێ وەك بەشێك لەپرۆگرامی سیاسەتی خۆشگوزەرانی تەماشا بکرێ هەروەك قوتابخانە. قوتابخانەی سەرەتاییو ناوەندیو ئامادەیی ئەبێ بەخۆڕایی بن، هەروەها ئەو خوێندنە بالاّیانەی کە کۆمەلّگە پێویستی پێیانە. بۆداهاتوو دەبێ باخچەی ساوایانیش بەخۆڕایی بێ.

* ـ ماوەیەکە لەسوید گفتوگۆ هەیە لەسەر ئەوەی کەڕێگە زەحمەت کراوە لەبەردەم ژنانو خوێندکارانی بە رەچەلّەك سویدی نین بۆ گەیشتنە بەپلەی پرۆفیسۆر لەزانکۆکاندا (وەرگێڕ).

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

پەرەسەندنی ئەمڕۆی زانست ڕێگا نادات فێرکردن تەنیا بۆقۆناغە سەرەتاییەکانی تەمەن بێ، بەڵکو پرۆسەیەکە بەدرێژایی ژیان بەردەوام دەبێ، کەقۆناغەکانی کاروپیشەو خوێندنو سیستەمی بودجەکەی لەگەڵ ئەو بارە نوێیەدا بگونجێنرێ. بەجۆرێك کەخەڵکی هەلومەرجی هەڵبژاردنی شێوازی ژیانی خۆیان بۆبلوێ. ئەو گەورە ساڵانەی دەگەڕێنەوە بۆناو فێرگە لەقۆناغی ژیانی جیاوازدا لەچاو ئەو لاوانەی لەخوێندن دانەبڕاون. بۆیە پێویستە جۆری خوێندنەکە بەجۆرێك بگونجێ کە گەورە ساڵان بتوانن بەپێی پێویست خوێندنو کار پێکەوە ئەنجامبدەنو سوود لە تەکنیکی زانیاری نوێ وەربگرن بۆ خوێندن لەدوورەوە(خوێندن بەمراسەلە).

هەموو گەورە ساڵان، لەهەموو قۆناغێکی ژیانی کاردا، دەبێ هەلی خوێندنو بەردەوام بوونی خوێندنیان هەبێ، بەتایبەتی دەبێ بایەخبدرێ بەوانەی کەخوێندەوارییان کەمە. پێویست بەفراوانکردنو بەهێز کردنو پەرەدانە بەخوێندنی گەورە ساڵان بۆ زیادکردنی زانستو شارەزاییو تایبەتمەندێتی پیشەیی. بۆ ئەم مەبەستەش پەیمانگاکانو خوێندنە پیشەییەکانو قوتابخانە میللییەکان هەموو پربایەخن. توێژینەوەو دۆزینەوە بناغەن بۆ گەشەکردنی زانست چ لەکۆمەڵگەو چ لەژیانی بازاڕدا. بۆ ئەوەی پێگەی سوید وەك وڵاتێك لەوڵاتەکانی ڕیزی پێشەوەی زانستو پێشکەوتندا بەهێزو جێگیربێ پێویستە چ حکومەتو چ کەرتی تایبەت گرنگی زۆر بەم بابەتە بدەن. بەرپرسێتی تایبەت بەحکومەت



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

ئەوەیە کەگەرەنتی ئازادی توێژینەوە دابین بکاتو پشتگیری زانایان بکاتو هانی توێژینەوەی هەمەلایەن بداتو پردی نێوان توێژینەوە تەکنیکیو مرۆڤایەتییەکان بەهێزتر بکات.

کەرتی تایبەتی سویدی بایەخی زۆر بەتوێژینەوە دەدات، هاوکاری لەم ڕووەوە لەنێوان پەیمانگەو زانکۆکانو کەرتی تایبەتدا دەبێ پتەوتر بکرێتو کۆمپانیا بچوكو مام ناوەندییەکانیش دەبێ بواریان پێبدرێ بۆ هاوبەشیکردنو سوود وەرگرتن لەئەنجامەکانی توێژینەوەو گەشەدان بەکار.

## کلتوور

کلتوور زۆر ڕەهەند لەخۆ دەگرێ، کەناکرێ دژ بەیەك رابگیرێن .. ڕەهەندی روناكو ئاسانو گرانو سەختی تێدایە. کلتوور پێویستی بەبیرکردنەوەو چالاکی تاکە کەسانەو لەهەمان کاتیشدا بۆخۆشیو پشودانو کات بەسەر بردنیشە. کلتوور بوار بۆ مرۆڤەکان دەڕەخسێنێ کە لەسەختی ژیانی ڕۆژانە دوور بکەونەوە.

بەڵام نابێ بکرێ بە بەشێك لەسەرو ژیانی ئاساییەوە. نابێ بەها کلتوورییەکان لەلایەن نوخبەیەکی کەمەوە پێناسە بکرێو چوارچێوەی بۆ ئامادە بکرێو ببێ بەدیوارێك لەبەردەم ئەوانەی لەزمانو دەربڕینەکانی ئەم نوخبەیە تێناگەن. چونکە لەم حاڵەتەدا زۆر کەس پەراوێز دەخرێنو کلتوور هێزو دینامیکی خۆی لەدەست دەدات.

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

تێکۆشـان بـۆ بەشـدارییپێکردنی هـەمووان لـەناوەڕۆك‌و کرۆکـی کلتووردا، واتە بوار رەخساندن بـۆ هـەمووان، بۆیـە ئـازادی بیرکردنـەوەو دەربـڕین، کـارێکی سـەرەکی دیموکراتییـە. چـونکە بـەبازرگانیکردنی کەرتی میدیاو زانیاری گەیاندن، هەڕەشەی ئـەوە دەکـەن کەبیرکردنـەوەی یەك لایەنە زاڵ ببێ.

گشت منـاڵان‌و گەورە سـاڵان، لەهـەموو وڵاتـدا، (مـافیـان هەیـە بـۆ بەدەستهێنانی بەها کلتوورییەکان ـ کلتوور کوالێتی دەبەخشێ بـەژیان‌و مرۆڤەکان، لەنەوە جیاجیاکان‌و هەموو وڵاتانەوە لەیەکتر نزیك دەکاتەوە. کلتوور دەتوانێ خەڵکی ناوچەیەك بەیەکەوە ببەستێ‌و ببێ بەفاکتەرێکی گرنگ بۆ پەرەسەندن‌و گەشەکردنی ناوچەیی. سیاسەتی کلتـووری دەبـێ وا دابڕێـژرێ کـە بـواری فـراوان دابـین بکـات بـۆ ئەفرانـدنی کلتـوورو فێرکردن‌و پێگەیاندنی ناوچەی تایبـەت‌و هـەروەها یارمـەتیـدەر بـێ بـۆ ژیانێکی کلتووری برۆفدیـشۆنالی بەئاسـت‌و کـوالێتی بـەرز. دەبـێ کولتـوور شـوێنی خـۆڕایی‌و سـەربەخۆی هەبـێ بـۆ بەیەکگەیـشتنی مرۆڤەکان بـۆ ئەنجامـدانی دانوسـاندن‌و کۆبوونـەوەو را دەربـڕین لەگـەڵ یەکتری. سوود وەرگرتن لەکتێبخانە گشتییەکان دەبـێ بـەخۆڕایی بـێ، دەبێ هۆڵی کۆبوونەوەکان بە مەرجی ئاسان ئاوەڵا بن بۆ کۆمەڵـەکان‌و داهێنەران‌و ئارەزوومەندانی بوارە کولتوورییەکان. پەیمانگە کولتوورییـە پرۆفیشۆنالییەکان، وەك ئەوانەی بۆ تیاترو مۆزەخانەن دەبـێ لەهـەموو لایەکی وڵاتدا هەبن. پەیمانگە کولتوورییەکان‌و ژیانی کولتووری دەبـێ



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

رەنگدانەوەی هەمەچەشنی کولتـوور بـن. لەئێـستای سـویدا، هـەر وەك دەبـێ کەلەپووری کولتووری خۆمان بپارێزین، لەهـەمان کاتـدا، دەبـێ پـشتگیری کولتـووری کەمـە نەتەوایەتییـەکان بکـەین‌و دەرفـەتیان بـۆ بڕەخـسێنین بـۆ پاراسـتنی‌و گەشـەدان بـە زمـان‌و کولتـووری تایبـەتی خۆیـان. فێرگـەی میـوزیکی‌و کولتوورییـەکان دەبـێ دەرگایـان لەسـەر پشت بـێ بۆ هەموو منـاڵان.

## ئینتەر ناسیۆنالیزم

داواکارییەکانی وەك ئازادی‌و یەکسانی هیچ سنوورێکی نەتەوەیی یـا ئـەنتی ناناسـن. ئـەرکی کـارکردن لـەپێناوی مافـە مرۆڤایەتییەکانـدا هـەمان بایـەخ‌و گرنگـی هەیـە چ لـەناو وڵات‌و چ لەسـەر ئاسـتی نێودەوڵەتی. سۆلیدارێتی لەگەڵ ئەوانەی خەبات بۆ ئەم بەهایانە دەکـەن، هەمان هێزو گوڕی هەیە لەسیاسەتی ناوەوەو دەرەوەدا. بزاڤی کرێکـاری سـویدی هـەر لەسـەرەتاوە خـۆی وەك بەشـێك لەخـەباتی نێونەتـەوەیی لەقەڵەمـداوە. سۆسـیال دیموکراتـەکانی ئێـستاش بەئاشـکرا هاوکـارن لەگـەڵ ئـەو هێزانـەی لەسەرانـسەری جیهانـدا خـەبات دەکـەن لـەپێناوی ئاشتی‌و دیموکراسی‌و مافەکانی مرۆڤ.

پرسـەکانی ئاشـتی‌و سـۆلیدارێتی بـەردی بناغـەن بـۆ چـالاکییە ئینتەرناسیۆنالییەکانمان. ئاشتی پێشمەرجە بـۆ هـەموو گەشـەکردنێك. دابەشکردنێکی عـادیلانەی وزەو تواناکـانی زەوی‌و بـوار دابینکـردن بـۆ

خۆشگوزەرانیو گەشەکردنی بۆ هەموو دانیشتوانی سەر زەوی ئامانجمانە، کە لەهەمان کاتیشدا مەرجی سەرەکییە بۆ زامنکردنی ئاشتی.

بەلاّم بەجیهانیبوون ئەمڕۆ ڕەهەندی نوێی بەدەر لەپرسە کلاسیکییەکان دەهێنێتە ئاراوە بۆ پێکەوەکارکردنی گەلان. بەجیهانیبوونی ئەمڕۆ هەموو شێوازەکانی کۆمەلّگە دەگۆڕێو کار دەکاتە سەر ژیانی ڕۆژانەی خەلّك، کاریگەری هەیە بۆ سەر بیرکردنەوەیان، بۆ سەر بەهاکانو ڕێگاو بازاڕی نوێ بۆ بەرهەمو بەکاربەر دروست دەکات. ڕێگای نوێ بۆ بلاّوبوونەوەی زانستو زانیاریو کولتوورو کاری سیاسی دەدۆزێتەوە.

ولاّتە نەتەوەییەکانو ڕۆلّی پۆلیتیك لەگۆڕاندان. سنووری دەسەلاّتەکانی ولاّتێك ناتوانێ دابینکەری تەواوی ئامانجەکانی سیاسەتی ناوخۆبێ لەنموونەی خستنە سەرکاری زۆربەی ئەوانەی دەتوانن کار بکەن یان نەهێشتنی تاوان لەولاّتەکەدا. پرسەکانی ژینگەش گلۆبالّن، گەر کاربکرێ بۆ کەمکردنەوەی ئەو گازانەی دەبنە هۆی قەتیسبوونی گەرماو کار لەکەشو هەوا دەکەن، یان کارکردن بۆ نەهێشتنی هەڕەشە بایۆلۆجییەکان، ئەوا دەبێ لەسەر ئاستی هاوکاری ئینتەرناسیۆنال کاری بۆ بکرێ. ئەم هاوکارییە نێونەتەوەییانە هۆکاریشن بۆ بەهێزکردنی سیاسەت لەسەر ئاستی نێوخۆدا، چونکە بەهۆی ئەم هاوکارییانەوە بوار بۆ جێبەجێکردنی بەرنامە سیاسیەکانی



نێوخۆش زیاتر دەبێ. سۆسیال دیموکراتەکان، هەمیشە لەهاوکاری نێونەتەوەییدا چالاك بوون چ لەسەر ئاستی گلۆبالّ یان لەئەوروپاو لەباکووری ئەوروپا، ئێمە ئەمانەوێ ئەم هاوکارییە بەهێزتر بکەینو پەرەی پێ بدەین.

بەلاّم بەجیهانیبونیش هەستێکی وای لای زۆرکەس دروست کردووە کە بڕیارە سیاسییەکان لەدوورەوە دێنو پرۆسەی دیموکراسی لاواز کراوە. جار هەیە، دەوترێ چار ئەوەیە خۆت لەجیهانیبوون بەدووربگرێتو چاکتر وایە دەست هەلّبگیرێ لەهاوکاری ئینتەرناسیۆنالی. بەلاّم گۆشەگیری نەتەوەیی توانای چارەسەری ئەو کێشانەی نییە کە بوونەتە هۆی کەمبوونەوەی تواناو دەسەلاّتی ولاّتە نەتەوەییەکان. ئەم گۆشەگیرییە تەنیا دەبێتە هۆی سوود وەرنەگرتن لەو توانای گەشەکردنەی گلۆبالیزەیشن ڕەخساندویەتی. مەبەست لەو هەلاّنەیە کە کاری هاوبەشی هەمووان دەیهێنێتە ئاراوە، چ لەسەر ئاستی سیاسەتی ناوخۆو چ لەسەر ئاستی سولیدارێتی نێونەتەوەیی. لەجیهانی ئەمڕۆدا کە سنوورەکان زیاتر بەرەو کالّبوونەوە دەڕۆن، کاری نێوخۆی ولاّت لەگەلّ کاری هاوبەش لەگەلّ ولاّتانی تر پێکەوە تێهەلّکێش دەکرێن. پرسە نەتەوەییو نێونەتەوەییەکان تێکەلّ بەیەکدی دەبن. سنوری نێوان سیاسەتی ناوخۆو سیاسەتی دەرەوە بەرەو نەمان دەچن. سوید بەشێکی سروشتیو تێکەلّ بووە بە پێکەوە ژیانی ئینتەرناسیۆنالی. بوونی سوید لەناو جیهاندایەو جیهانیش لەسویدە.

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

## یەکێتی ئەوروپا

بەشداریکردنی کار لەناو یەکێتی ئەوروپادا درێژەی کارە سیاسییە نەتەوەییەکانە کە لەشارەوانییەکانو ئۆرگانی هەرێمەکانو پەرلەماندا ئەنجامدەدرێت. ئەم هاوبەشیکردنە بوار زیاد دەکات بۆ هێنانەدی ئامانجە سەرەکییە سیاسییەکان وەك خستنە سەر کاری تەواو، گەشەکردنێکی خۆڕاگر لەڕووی ئیکۆلۆجییەوە لەگەڵ سیستەمێکی پتەوی باج وەرگرتن. ئەم پێکەوە کارکردنە بواریش دەڕەخسێنێ بۆ دانیشتوانی ئەوروپا لەڕووی لەیەکتر نزیك بوونەوە لەرێی خوێندنو کارکردنو گەشتو گۆڕینەوەی شارەزاییەکان لەنێوان نەتەوەکانو هەرێمەکانو شارەوانییەکانو کۆمەڵەو گروپە لەیەك نزیکەکانەوە.

یەکێتی ئەوروپا، ئێستا بووە بەهێزێکی یەکگرتوو، لەکیشوەرێکدا کە سەدان ساڵ بەدەست زنجیرەیەك جەنگی نێوان وڵاتەکانییەوە دەینالاند. ئەم عەقڵییەتە نوێیەی پێکەوە هاوکاریکردنو پێکەوە گەڕان بەدوای چارەسەرەکاندا کە بەرهەمی یەکێتی ئەوروپایە، خۆی لەخۆیدا فاکتەرێکی یەکجار گرنگو حاشاهەڵنەگرە بۆ گەشەکردنی بەردەوامو پۆزەتیڤانەی ئەوروپا. ئامانجی سۆسیال دیموکراتەکان پەرەدانە بە گیانی هاوکاریو پاراستنی ئاشتییە لەئەوروپادا. چاکترین رێگاش بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە فراوانکردنی یەکێتییەکەیە بەوەرگرتنی ئەو



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

وڵاتانەی دەیانەوێ ببنە ئەندام. بەم شێوەیە کیشوەرەکەمان، کە ماوەیەکی درێژە دوولەتکراوە دەبێتەوە بەیەك.

سۆسیال دیموکراتەکان لەناو یەکێتی ئەوروپادا بەردەوام دەبن لەسەر کارکردن بۆ ئەنجامدانی سیاسەتێکی ئەوروپی بۆ نەهێشتنی بێکاری. سیاسەتێك کە پشت دەبەستێ بەرێزگرتن لەمافەکانی مووچە خۆرانو رێگەنەدان بە پەراوێز خستنی کۆمەڵایەتی. پێکەوە کارکردنی سێ قۆڵیانەی کۆمسیۆنی یەکێتی ئەوروپاو خاوەن کارانو کرێکاران گەشەی پێ دەدرێتو رێکخراوە سەندیکاییەکان دەبێ بتوانن لەو دیو سنووری نەتەوایەتیەکانیشیانەوە چالاکییان هەبێ. ئێمە ئەمانەوێ لەناو یەکێتییەکەدا کار بکەین بۆ سۆسیالیزمێکی دیموکراتیو بۆ ئیکۆنۆمییەکی تێکەڵاو.

وەك هێڵێك یان ئەڵقەیەك لەکارکردندا بۆ رێکخستنەوەی گەشەکردن بەجۆرێك لەرووی ئیکۆلۆجییەوە خۆڕاگربێو بۆ کارکردن بۆ کەمکردنەوەی بەکارهێنانی وزەو توانا سروشتییەکان لەوڵاتە دەوڵەمەندەکاندا، پێویستە سیاسەتی ژینگەیی یەکێتی ئەوروپا زیاتر پەرەپێبدرێت. دەبێت مەرجەکانی کەمکردنەوەی پاشەڕۆکی دژە ژینگە توندتر بکرێنو باجی سەر بەکارهێنانی سووتەمەنی یەکبخرێتو هەموو لایەنەکانیش پێکەوە لەپارە تەرخانکردن بۆ چاکترکردنی ژینگە هاوبەش بن. هەروەها ئەمە پیاداچوونەوە بە سیاسەتی کشتوکاڵیشدا دەگرێتەوە.

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

گۆشەنیگاو تێبینییەکانی بەکاربەران، نەك بەرژەوەندی بەرهەمهێنەران، بەردی بناغە دەبن بۆ سیاسەتێك کە بەهۆیەوە خۆراکی باش‌و بەکەڵك‌و بێ مەترسی لەگەڵ هەستکردن بە لێپرساوێتی بەرامبەر ژینگەو هەلومەرجی ژیانێکی باش بۆ ئاژەڵ لەپرنسیپە سەرەکییەکانی بن.

بەشێوەیەکی گشتی بەرژەوەندییەکانی بەکاربەران لەکاروباری یەکێتی ئەوروپادا بایەخی زیاتری پێبدرێ.

دەبێ یەکێتی ئەوروپا پەرە بە تواناکانی خۆی بدا بۆ ئەوەی بەهاوکاری لەگەڵ نەتەوەیەکگرتووەکان بتوانێ رووبەڕووی تەنگژەکان بێتەوەو رێگەنەدا بە دروستبوونیان.

دەبێ یەکێتی ئەوروپا پێشەنگێکی جیهانی بێ بۆ کاری سۆلیدارێتی چ لەرێی زیادکردنی یارمەتییەکانی خۆی بۆ ولاتە هەژارەکان‌و چ لەڕووی لابردنی کۆسپە بازرگانییەکانی خۆی لەبەردەم ئەو ولاتانەدا. پێویستە یەکێتی ئەوروپا بەرپرسیارێتییەکی هاوبەش بگرێتە ئەستۆ لەبەرامبەر پرسی پەنابەران‌و کۆچکردندا.

سیاسەتی تایبەت بە پەنابەران دەبێ گەرەنتی دەستەبەر بکات بۆ هەموو ئەوانەی لەدەست راوەدوونان‌و جەنگ‌و کارەساتە ژینگەییەکان هەڵاتوون. هەموو ئەوانەی بەم هۆیانەوە پەنا بۆ یەکێتی ئەوروپا دێنن دەبێ بەپێی پرنسیپەکانی سۆلیدارێتی‌و مرۆڤایەتی گەرەنتی مامەڵەیەکی شایستەیان پێبدرێ.



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

یەکێتی ئەوروپا رۆڵێکی گرنگی هەیە لەکاری هاوبەشی ئەوروپادا بۆ پەرەدان بە یەکسانی، بەو پێیەی هاندەرە بۆ چاککردن‌و گۆڕینی یاساو دەستووری ولاتەکانی‌و بۆ دروستکردنی رای گشتی. دەبی بەهەمان شێوەش کار بکات بۆ ئەو پرسانەی تایبەتن بە مافەکانی منالان‌و هەروەها چارەسەری بە کۆمەڵی ولاتە ئەوروپاییەکان پێویستە بۆ رووبەڕووبوونەوەی بازرگانیکردن بە ژنانەوە بۆ مەبەستی سێکسی، کە لێرەدا هەژارەکان وەك کۆیلە بازرگانییان پێوەدەکرێ. تاوانکارییە بەربلاوەکان کە سنووری ولاتەکانیش دەبەزێنن کێشەیەکی هاوبەشن بۆ ئەندامانی یەکێتی ئەوروپاو پێویستیان بە هەوڵ‌و تەقەلای هاوبەش هەیە.

یەکێتی ئەوروپا نە ئەتوانێ شێوازی کاری رێکخراوە ئینتەرناسیۆنالییەکان‌و نەشێوازی کاری ولاتەکانی ئەوروپاش بۆ خۆی کۆپی بکات‌و بیکات بە رێبازی کار، بەڵکو پێویستە یەکێتی ئەوروپا گەشە بەشێوازی کاری نوێ‌و تایبەتی خۆی بدات بۆ ئەوەی بتوانێ بەیەکجار وەڵامی داوای چەسپاندنی دیموکراتی لەولاتەکانیدا بداتەوە. بۆ ئەوەی هاولاتییەکانی زیاتر ئاگاداری پرۆسەی بڕیاردانەکان بن‌و بۆ کاریگەری سیاسەتی هاوبەش. گەشەدان بەم شێوازانە بەشێکی گرنگی چالاکییەکانی سۆسیال دیموکراتەکانە لەناو یەکێتی ئەوروپادا.

ولاتانی ئەندامی ناو یەکێتی ئەوروپا (EU) دەبێ پێگە بن بۆ پرۆسەی دیموکراتی ناو ئەم یەکێتییە. پێناسەی دیموکراتیبوونی یەکێتی

مەکتەبی بیروهۆشیاری

ئەوروپا دەبێ بە شێوەیەك دروستبكرێ كە هەموو كاتێك پرسەكانی ناو یەكێتی ئاوێنەی كاری سیاسی ئەو وڵاتانە بێ‌و لەو رێگایەشەوە كە ئەوانەی هەڵبژێردراون بۆ ئەندامێتی پەرلەمانی ئەوروپاو ئەنجومەنی وەزیرانی ئەو وڵاتانەش ئەركی دیاریكراویان لەلایەن دەنگدەرانەوە وەرگرتبێ بۆ هەوڵدان بۆ جێبەجێكردنیان.

سۆسیال دیموكراتی دەیەوێت كار بكات بۆ دروستكردنی شێوازێك كە تیایدا وڵاتانی ئەندام هەریەكە بە گوێرەی هەلومەرجەكانی خۆی گەشە بكات‌و لەهەمانكاتیشدا هاوكاری گەرم لەنێواندا بێ بۆ ئامانجە هاوبەشەكان. رێكخراوێكی خۆگونجێنەر كە تیایدا شێوەی هاوكاری لەشوێنێكەوە بۆ شوێنێكی تر جیاواز دەبێ‌و وڵاتانی ئەندام بتوانن بە ئاستی جۆراو جۆر هاوكاری یەكتری بكەن. ئەمە باشترین وەڵامە بۆ پێویستییەكانی جیهانی پڕ لەگۆڕان. دەبێ خۆمان دوور بخەینەوە لە ئەگەری دروستبوونی رێكخراوێكی دوو بەش، بەشێك بۆ ئەندامە سەرەكییە گرنگەكان‌و بەشێكیش بۆ ئەندامەكانی تر، كە بە پلەی لاوازتر هاوكارییان لەگەڵدا هەبێ.

بۆ گەیشتن بە بەڵێن، ئامانجە هاوبەشەكانی یەكێتی ئەوروپا EU دەكرێ پشت ببەسترێ بە دەركردنی یاسای هاوبەش‌و بڕیار سەبارەت بە ئامانجە هاوبەشەكان كە لێرەدا وڵاتانی ئەندام ئازادبن لەگرتنەبەری رێگای تایبەت بۆ گەیشتن بەو ئامانجانە.



مەکتەبی بیروهۆشیاری

## سیاسەتی ئاسایشی سوید

ئەركی سەرەكی سیاسەتی ئاسایشی سوید پاراستنی ئازادی‌و سەربەخۆیی وڵاتەكەمانە. پاراستنی ئارامی ناوچەكەو یارمەتیدانە بۆ پتەوكردنی ئاسایشی جیهانی.

سوید لەڕووی سەربازییەوە دەبێ بەبێلایەنی بمێنێتەوە. بێلایەنی ئامرازێكی گرنگی سیاسەتی ئاسایشە. سوید وایهەڵبژاردووە كە رۆڵی چالاكانەی لەناوبژیكردندا هەبێ ، لەدروستكردنی پردی پەیوەندیدا، لایەنێكی كاریگەربێ لەهێوركردنەوەی ناكۆكییە نێودەوڵەتییەكان لەچوارچێوەی (UN) نەتەوەیەكگرتووەكاندا. بەهۆی سیاسەتی بێلایەنەمانەوە خاوەنی ئازادیی هەڵسوكەوتین لەپیادەكردنی سیاسەتێكی سەربەخۆدا چ لەكاتی جەنگ‌و چ لەگفتوگۆكردندا، لەسەر ئەو كێشە هەمە جۆرانەی وەك كێشەی چەكداماڵین‌و نەهێشتنی چەكی ناوكی‌و ئەتۆمی وەك بێلایەن لەڕووی سەربازییەوە ئەتوانین لەكاتی ئەگەری ڕوودانی جەنگدا بە نیوترالی (بێلایەنی) بمێنینەوە.

ئێستا هەڕەشەی گەورە لەدژی ئاسایش لەئەوروپادا هەڕەشەی جەنگی نێوان وڵاتەكانی نییە، بەڵكو هەڕەشەكە لەجۆرێكی ترە، كە بریتییە لەناكۆكی نێوان نەتەوەكان، دەستدرێژیكردنە بۆ سەر مافەكانی مرۆڤ، تیرۆریزمە، توندوتیژییە دژ بە دامودەزگاو ئۆرگانە دیموكراتییەكان، كاری تێكدەرانەیە بۆ سەر ژێرخانە گرنگەكانی وەك كارەباو تەلەفۆن. ئەم هەڕەشانە سنوورە نەتەوەییەكان تێدەپەڕێنن. بۆیە پێویست بە

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

گرتنەبەری سیاسەتی ئاسایشی فراوانترە کە پشت بە جۆرێکی تری هاوکاری نێودەوڵەتی، نەك هاوکاری سەربازی، ببەستێ.

## بازرگانیی ئازاد

بازرگانیی ئازاد یەکێکە لەئامرازە هەرە گرنگەکانی گەشەکردنی ئابووری جیهانی، بەڵام پێویستی بە یاسای دادپەروەرانەیە لەسیستەمی بازرگانی جیهانیدا. پەیوەستنامە بازرگانیەکان نابێ ببنە دار دەستی سەرمایە بەهێزەکان دژی ولاتە هەژارەکانو نابێ ببێتە رێگرو کۆسپ لەبەردەم ئەم ولاتانەدا بۆ بازرگانیکردن لەبازاڕە جیهانییەکاندا.

پەیوەستنامە بازرگانیە جیهانییەکان دەبێ لەگەڵ پەیوەستنامە جیهانییەکانی سەبارەت بە ژینگە گونجاوبن ، دەبێ هەماهەنگیش بن لەگەڵ پەیوەستنامە جیهانییەکان دەربارەی ژینگەی کارو مافەکانی مووچە خۆران. رێکخراوی بازرگانی جیهانی (WTO) دەبێ رێکخراوێك بێ بۆ بەرەو پێشبردنی ئابووری جیهانو مافە کۆمەلاّیەتییەکان.

ئەو پاشکۆ کۆمەلاّیەتییانەی لەناو پەیماننامەی بازرگانیدا نووسراونەتەوە، هەندێك جار وەك رێگرو کۆسپی گەشەکردن لێکدەدرێنەوە. بەلاّم ئاشکرایە پەسەندکردنی شێوازێکی تایبەتی بەرهەمهێنان کە زیان بە مرۆڤو ژینگە بگەیەنێ، ناتوانێ لەمەودای دووردا، گەشەکردنێکی بەردەوام بێ. مەرجی پێشینەی گەشەکردنی



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

بەردەوام، چ لەولاّتانی هەژارو چ لەولاّتە دەوڵەمەندەکاندا، ژینگەیەکی دڵنیای ئیشکردنو گونجاوی ماوەی کارکردنو بەباشی بەکارهێنانی سەرچاوە سروشتییەکانە. یاسا نێودەوڵەتییەکان سەبارەت بە ژینگەو ژیانی کار پشتگیرییەکی باشە بۆ ولاّتە هەژارەکان، کە خۆیان رەنگە بە ئاسانی نەتوانن ئەم داوایانەیان لەوەبەرهێنەرە بیانییەکان هەبێ.

لەبەرامبەر ئەو پاشکۆ کۆمەلاّیەتیانەدا، دەبێ ولاّتە دەوڵەمەندەکان ئەو لەمپەرانە بشکێنن کە لەبەردەم بازرگانیکردن لەگەڵ ولاّتە هەژارەکاندا دایاننـاوە. پەیمانی بازاڕی ئازاد دەبێ فراوانتر بکرێو هەموو جۆرە بەرهەمێك لەخۆبگرێ، نەك تەنیا ئەو شمەکە پیشەسازییانەی ولاّتە دەوڵەمەندەکان خۆیان دەستی بالاّیان لەبەرهەمهێنانیاندا هەیە.

ئەم جۆرە فراوانبوونەی پەیمانی بازاڕی ئازادیش پێویستی بە ریفۆرمی سیاسەتی کشتوکاڵی ناو ولاّتە پیشەسازییەکانە.

## دژە هێز بەرامبەر سەرمایەی جیهانی:

هەمیشە رێکخراوە سیاسیو سەندیکاییەکان چەکێکی کاریگەر بوون دژ بە بەرژەوەندییەکانی سەرمایە. لەرۆژی ئەمڕۆدا دژە هێز بەرامبەر سەرمایەداریی جیهانگیری لەهاوکارییەکی بە ئاگایانەی نێوان کاری سیاسیو سەندیکاییدایە.

بە هەماهەنگی لەگەڵ حزبو ڕێکخراوە دۆستەکاندا، سۆسیال دیموکراتەکان، لەناو یەکێتی ئەوروپاو لەگەڵ ڕێکخراوە جیهانییەکاندا، کار دەکات بۆ یاساو دەستورێکی ئابووری جیهانی کە لەسەر بناغەی دادپەروەری کۆمەڵایەتیو ڕێزگرتن لەدیموکراسیو ژینگە پارێزی دارێژرابێت. پەیمانی بازرگانی ئازاد، پەیمانە جیهانییەکان سەبارەت بە ژینگەو پەیمانە نێودەوڵەتییەکان دەربارەی مافەکانی مووچە خۆران، ئامرازی گرنگن. ئێستاش پەیمان نووسین بۆ هەندێ بوار پێویستە، وەك پەیمان دژی بەکەم تێڕوانینی کۆمەڵایەتی، بۆ نموونە دەربارەی لایەنی کەمی مافەکانی کارکردنو باج دانان لەسەر کارگەکان. ئەرکێکی سەرەکی هێنانەدی میکانیزمێکە بۆ زیادکردنی سەقامگیری لەسیستەمی ئابووری جیهاندا. هەروەها پێویستی بە زیادکردنو فراوانکردنی بواری هاوکارییەکانی نێوان ڕێکخراوە سەندیکاییەکانە لەدەرەوەی سنوورە نەتەوەییەکانو لەنێوان ئەو کارگە زەبەلاحانەی لەچەند وڵاتێکدا هەن. دەبی یارمەتی ڕێکخراوە سەندیکاییەکانی وڵاتە هەژارەکان بدرێت.

پەیمانی نێودەوڵەتی هەیە، هەروەها جۆرە هەڵسوکەوتێکی ئەخلاقی بۆ کارگەکان هەیە کە دەکرێ دژە هێزی چالاك بن، ئەگەر لەپراکتیکدا کاریان پێبکرێ، لەبەرامبەر داوای قازانجی بەپەلەو کورت خایەن.

کاردانەوەی چالاکانەی بەکاربەران دژی ئەو کارگانەی سەرپێچی یاساکان دەکەن دەکرێ پاڵپشتێکی باش بێ. چونکە کارگەکان



تەنانەت بە بزووتنەوەی سنوورداری بەکاربەرانیش زیانیان پێدەکەوێ. بۆ ئەم جۆرە چاودێری کردنو کاردانەوانەی بەکاربەران گروپو ڕێکخراوە میللییە کۆنو نوێیەکان کاریگەری گرنگی خۆیان هەیە. دەبێ کاربکرێ بۆ هاوکارییەکی توندو تۆڵتر لەنێوان ڕێکخراوە سەندیکاییەکانو بەکاربەرە چالاکەکان. بۆ ئەمەش پێویست بە هاوکاری نێوان بزاڤە کرێکارییەکانی وڵاتەکانە.

## ئاشتیو سۆلیدارێتی

خۆپڕچەککردنی بەتاوی سەردەمی جەنگی سارد تێکشکاوەو کاری چەکداماڵین قۆناغی باشی بڕیوە. بەلام هێشتا ماوە بگەینە ئامانج، ئامانجیش دیارە لەناوبردنی بە تەواویی چەکی ناوکیو چەکە کۆمەڵکوژەکانە. لەبەرامبەر مەترسی ئەوەی ئەم جۆرە چەکانە لەلایەن ڕژێمە نادیموکراسییەکانەوە گەشەیان پێبدرێ، یان بکەونە چنگ گروپە تیرۆریستییەکانەوە، پێویستی بەکاری تایبەتی هەیە لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە. هەروەها کار کردن دژی بازرگانیکردنی نایاساییو قاچاغچێتی بەچەکەوە لەگەڵ کارکردن بۆ چەکداماڵینی بە تەواوی، ئەرکی سەرەکییە لەپێکەوەکارکردنی نێودەوڵەتیدا.

هیچ وڵاتێكو هیچ گروپێکی تیرۆریستی بۆی نییە بە هێزی لەشکری یان بەهێزی ئیکۆنۆمی وڵاتانی تر لەڕووی سەربازییەوە یان لەڕووی ئابوورییەوە بکاتە ژێر دەستەی خۆی. مافی سەروەری نەتەوەکان، بۆ

بەرەنگار بوونەوەی ئەم جۆرە هەڕەشانە، مەرجی سەرەکی هاوکاری نێو نەتەوەییە لەنێوان لایەنە هاوتاو یەکسانەکاندا. بەڵام مەرجێکی تری گرنگو سەرەکی تر ڕێزگرتنە لەمافەکانی مرۆڤ. واتە مافی تاکی مرۆڤ بۆ ژیانی بە ئازادیو ئارامی دەبێ هەمیشە بپارێزرێ. کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی دەبێ هەموو کاتێك پەرچەکرداری هەبێ لەبەرامبەر هەڕەشەکردنی جیددی لەکۆمەڵانی خەڵك، گەرچی ئەو هەڕەشانەش لەدەستەو تاقمی حوکم بەدەستی وڵاتەکەی خۆشیانەوە بێ. هەموو شێوازێکی تیرۆرو هەموو زەبرو زەنگێك کە ئاراستەی دانیشتوانی سڤیل دەکرێ دەبێ بەتوندی ڕەتبکرێنەوە.

سۆسیال دیموکراتەکان دژی ئەوەن کە دەسەڵاتێك بەهۆی بەرژەوەندی سیاسی یا ئیکۆنۆمییەوە پشتگیری پێشێلکاری مافەکانی مرۆڤ بکات، یان خۆی ئەنجامدەری بێ، بۆ ئەوەی ڕێزگرتن لەمافەکانی مرۆڤ سەرانسەری بێ، دەبێ هەمان پێوەر بەکاربهێنرێ لەهەموو ئەو شوێنانەی مافی مرۆڤیان تیا پێشێل دەکرێ.

لەجیهانی ئیمڕۆدا، زیاتر گرژییە نا سەربازییەکانن کە دەبنە هۆی ناکۆکییە چەکدارییەکان. جیاوازییە ئابوورییەکانو دژایەتییە ئەتنیکیو کۆمەڵایەتییەکان هەڕەشەی گەورەن بۆ سەر ئاشتی. کە ئێستا زیاتر لەناو خودی وڵاتەکاندا سەر هەڵدەدەن، وەك لەوەی لەنێوان وڵاتەکاندا بێ.



هەژاری جیاوازییە کۆمەڵایەتییەکان دروستدەکاتو جیاوازییەکانیش زەبرو زەنگ دێننە ئاراوە. زەبرو زەنگیش دەبێتە هۆی زیاتر هەژار بوون. بەمجۆرە هەژاریو جەنگ زنجیرە ئەڵقەی ڕەشی خۆیان دروست دەکەن دژی ژیانی مرۆڤو مافەکانی مرۆڤ، کاری پاراستنی درێژ خایەنی ئاشتی دەبێ ڕەچاوی ئەو فاکتەرە کۆمەڵایەتیو ئیکۆنۆمیانە بکات کە دەبنە هۆی دروستبوونی توندوتیژیو بەردەوامی پێ دەدەن.

خەبات دژی هەژاری، بەهێزکردنی دیموکراسیو پاراستنی ئاشتی ئەو ئامانجانەن کە پێکەوە گرێدراون.

دەبێ تواناکانی نەتەوە یەکگرتووەکان (UN) بۆ پاراستنی ئاشتی بەهێز تر بکرێ، دەبێ (UN) ستراتیژییەکی وا بگرێتەبەر کە پێش وەخت هەست بە هەڕەشەی دروستبوونی ناکۆکی بکاتو توانای کاریگەری بۆ ڕێگە پێنەدانیان هەبێ. دەبێ (UN) لەڕووی یاساییەوە بەهێزتر بکرێ، لەڕێگەی کەمکردنەوە یان سنووردارکردنی مافی بەکارهێنانی ڤیتۆ لەئەنجومەنی ئاسایشداو لەو ڕێگایەوە کە (UN)و پەیڕەوو یاساکانی (UN) هەڵسوڕێنەری هەموو بەکارهێنانێکی هێز بن لەناکۆکییە نێودەوڵەتیو ناوخۆییەکاندا، کە لەڕووی پراکتیکەوە دەبێ هێزەکانی (UN)، کە بۆ ئەم مەبەستانە دروستکراون، زیادبکرێنو لەئامادەباشیدا بن.

دەبێ (UN) ببێ بە سەنتەرێکی کارا لەخەباتکردندا بۆ مافەکانی مرۆڤو دژایەتیکردنی هەژاری کە کرۆکی کاری سۆلیدارێتییە، بە

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

تایبەتی ئێستا کە پرۆسەی ئازادبوونی کۆلۆنییەکان بەشێوەیەکی سەرەکی کۆتایی پێهاتووە. بۆ ئەوەی UN بتوانێ ئەم رۆڵە ببینێ پێویستی بە ریفۆرمی ئۆرگانە ناوخۆییەکانیەتی. UN دەبێ بەردەوام پشتگیریو هاوکاری دیالۆگ بێ لەگەڵ بزووتنەوە میللییە جیهانییەکاندا.

هەژاری بریتییە لەکەمی لەمادده بژێوییە پێویستەکاندا. بەڵام هەروەها بریتییە لەدووچاربوون بە زەبروزەنگو ناعەدالەتیو مافخوراویو نەبوونی دەرفەت بۆ کاریگەری لەسەر هەلی ژیانی رۆژانەی خۆ. بریتییە لەنەشارەزاییو نەخوێندەواری، لەنائارامیو نادڵنیاییو هیوا براوی. هەژاری نەبوونی توانایە بۆ گۆڕینی ژیانی تایبەتی خۆ، نەبوونی توانایە بۆ خزمەتکردنی لەشو تەندروستی خۆ، نەبوونی توانایە بۆ بەخشینی داهاتوویەك بە منداڵەکانی خۆ. خەبات دژی هەژاری لەواتا قووڵەکەیدا خەباتە لەپێناوی بەهاو مافەکانی مرۆڤدا. وەستان دژی هەژاری پێویستی بەکاری هەمە لایەنە لەسەر ئاستی جۆراو جۆر، بۆ ئامانجی بەهێزکردنی مرۆڤەکانو بەهێزکردنی توانای نەتەوە بۆ بەرێوەبردنی خۆیو بۆ گەشەپێدانی خۆی.

گەشەکردنی وڵاتە هەژارەکان لەبەرژەوەندی وڵاتە دەوڵەمەندەکانو وڵاتە هەژارەکانی جیهانە. رێکخراوە ئیکۆنۆمییە جیهانیەکانی وەك بانکی جیهانیو سندوقی نەختی جیهانی پێویستە برگەی تایبەت بە گەشەی کۆمەڵایەتیو عەدالەتی کۆمەڵایەتی بخەنە ستراتیژی خۆیانەوە.



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

سیاسەتی یارمەتیدانی دەرەکیو سیاسەتی بازرگانیو وەبەرهێنان لەدەرەوەی وڵات دەبێ پێکەوە هاوکاری بکەن. سوید دەبێ بگاتە ئامانجی تەرخانکردنی لەسەدا یەکی داهاتی نەتەوەیی خۆی بۆ یارمەتیدانی دەرەکی.

یارمەتیدانی وڵاتە هەژارەکان بۆ گەشەکردن دەبی بەپێی هەلو مەرجی ئەو وڵاتانە بێ. کاری گرنگ لەم رووەوە پشتگیری کردنی هەوڵی رێکخراوە دیموکراتییەکانە لەگەڵ بەهێزکردنی توانای مرۆڤەکان بۆ تەندروستییەکی باشو بۆ بواری خوێندن. کارکردن بۆ نەهێشتنی بڵاوبوونەوەی نەخۆشییە کوشندەکانی وەکو مەلاریاو ئایدز لەبەرپرسیارێتی هەموو کۆمەڵگەی نێونەتەوەییە، ئەمەش پێویستی بە کار بۆکردنە لەبواری تەندروستیو چارەسەری نەخۆشیدا، بە دەستکەوتنی دەرمانی باشو کاریگەر دەبێ، بە نەهێشتنی نەزانینو ئەو بیروباوەڕە دواکەوتوانەیە کە دەبنە هۆی بڵاوبوونەوەی ئەو نەخۆشیانە. بەشێکی سەرەکی ئەم کارە لەبەهێزکردنی پێگەی ژنانو باشترکردنی دەرفەتی گەشەکردنی منالاندا خۆی دەبینێتەوە. هەردوو لایەنەکەشی پێویستین بە مافو تواناکانی پلاندارشتنی خێزانە، ژنان دەبێ مافی خوێندنیان هەبێ، مافی بریار دانیان دەربارەی ئیکۆنۆمی خۆیانو هەروەها مافی بڕیاردان سەبارەت بە جەستەی خودی خۆیان هەبێ.

وڵاتە دەوڵەمەندەکان دەبی بازاڕەکانیان ئاوەڵا بکەن لەبەردەم وڵاتە تازەپێگەیشتووەکاندا. وڵاتانی هەژار دەبێ هەلی قەرز لەسەر لابردنیان

پێبدرێ. دەبێ پشکیان هەبێ لەتەکنۆلۆژیای مۆدێرنی زانیاریداو دەستیان بگات بە تەکنۆلۆژیای ژینگە دۆستو ئەو بەرهەمانەی بە وزەی کەم کار دەکەن. هەروەها دەبێ داوابکرێ لەو وڵاتانە کە ڕێز لەمافەکانی مرۆڤ بگرنو پەیڕەوی یاساکانی دیموکراسی بکەن.

هەرگیز ڕاونانو گرتن لەسەر جیاوازی بیروبۆچوون، پێشێلکردنی ئازادی بیروڕاو ئازادی خۆڕێکخستن پەسەند ناکرێت چ لەوڵاتانی هەژار بێ یان لەوڵاتانی دەوڵەمەند.

سۆلیدارێتی سوسیال دیموکراتی هەموو وڵاتان دەگرێتەوە. ئامانج ئازادی هەموو خەڵکە، ئاشتی هەموو جیهانە.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

مەکتەبی بیرو هۆشیاری

# بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی. ن. ک)

## ٢٠٠٧

| | | | |
|---|---|---|---|
| .٢١٠ | عیراق، سەردەمی ساغ بوونەوە | بەکر صدیق | ٢٠٠٧ |
| .٢١١ | تیرۆرو سەقامگیری سیاسیی و چەند لێکۆڵینەوەیەکـە تر | بەکر صدیق | ٢٠٠٧ |
| .٢١٢ | کەرکوک بۆ مێژوو دەدوێت | سەرپەرشتیار/ مامۆستا جەعفەر | ٢٠٠٧ |
| .٢١٣ | دەستورو ژن | و: کامیل محەمەد قەرەداخی | ٢٠٠٧ |
| .٢١٤ | ژان ژاك رۆسۆ | کاوە جەلال | ٢٠٠٧ |
| .٢١٥ | مبدأ الفصل بين السلطات و وحدتها | القاضي / لطيف مصطفى أمين | ٢٠٠٧ |
| .٢١٦ | بنچینەکانی کورد | ن. ڤلادیمێر مینۆرسکی<br>و. نەجاتی عەبدوڵڵا | ٢٠٠٧ |
| .٢١٧ | لەدیکتاتۆریەوە بۆ دیموکراسی | کارزان محەمەد | ٢٠٠٧ |
| .٢١٨ | کەرکوك لەسەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا | گۆران ساڵح | ٢٠٠٧ |
| .٢١٩ | زمانە فەرمییەکان | تاریق جامباز | |
| .٢٢٠ | ئەنفالو دادگا | سالار مەحمود | ٢٠٠٧ |
| .٢٢١ | نۆڤین _ ١٠ _ | – | ٢٠٠٧ |
| .٢٢٢ | الكرد | د.نوری تاڵەبانی | ٢٠٠٧ |
| .٢٢٣ | هەڵۆی سوور (چاپی دووەم) | مامۆستا جەعفەر | ٢٠٠٧ |
| .٢٢٤ | مام جەلال | مامۆستا جەعفەر | ٢٠٠٧ |
| .٢٢٥ | المدخل الى القانون الدولي الانساني | جبار سعيد محي الدين | ٢٠٠٧ |
| .٢٢٦ | الكُرد اليوم | ت: غسان نعسان | ٢٠٠٧ |
| .٢٢٧ | سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا | و: ئاوات عەبدوڵڵا | ٢٠٠٧ |



مەکتەبی بیرو هۆشیاری

| | | | |
|---|---|---|---|
| .٢٢٨ | ڕێبازی لێکۆڵینەوە لەزانستی سیاسیدا | ئیسماعیل شێخ موراد | ٢٠٠٧ |
| .٢٢٩ | ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان | و. کارزان عومەر | ٢٠٠٧ |
| .٢٣٠ | تیرۆر | هیمداد مەجید عەلی | ٢٠٠٧ |
| .٢٣١ | گەنجە کوردەکان | فەرهاد پیرباڵ | ٢٠٠٧ |
| .٢٣٢ | بەعسیزم و کورد | سۆزان کەریم مستەفا | ٢٠٠٧ |
| .٢٣٣ | بەڕێوەبردنی کۆبونەوەکان | محەمەد فاتح | ٢٠٠٧ |
| .٢٣٤ | شاری کەرکوك | پشکۆ حەمە تاهیر | ٢٠٠٧ |
| .٢٣٥ | میرعەبدال خانی بدلیس | بوار نورەدین | ٢٠٠٧ |
| .٢٣٦ | فەلسەفە ـ ڕۆشنگەری، فێندەمێنتالیزم | و. شوان ئەحمەد | ٢٠٠٧ |
| .٢٣٧ | عێراق، قەیرانی ئاسایش و ستراتیژێتیی و بنیاتنانەوەی | فەرزەند شێرکۆ | ٢٠٠٧ |
| .٢٣٨ | نۆڤین ژمارە ـ ١١ ـ | – | ٢٠٠٧ |
| .٢٣٩ | الحقوق السياسية للكورد فى الدول التى تضم كردستان | ليلاف حمد أمين عزيز | ٢٠٠٧ |
| .٢٤٠ | مێژووی شۆرشی ڕوسیا | لیۆن ترۆتسکی<br>و. عەزیز ئالانی | ٢٠٠٧ |
| .٢٤١ | دەروناسی جەماوەری فاشیزم | ویلهلم رایش<br>و. هەژار جوانرۆیی | ٢٠٠٧ |
| .٢٤٢ | جاش و جینۆساید | مەحمود سەنگاوی | ٢٠٠٧ |
| .٢٤٣ | زارا ـ عەشقی شوان | محەمەدی قازی<br>و. عەزیز گەردی | ٢٠٠٧ |
| .٢٤٤ | پوختە باسێك دەربارەی سۆسیال دیموکراتی | زانا | ٢٠٠٧ |
| .٢٤٥ | تأريخ تركيا المعاصر | ت. د. هاشم صالح تكريتي | ٢٠٠٧ |
| .٢٤٦ | لەگۆڕەپاندا | و. ساروز ئەفروزی | ٢٠٠٧ |
| .٢٤٧ | نۆڤین ـ١٢ـ | – | ٢٠٠٧ |
| .٢٤٨ | المنطقة المتنازع عليها | د.خليل اسماعيل محمد | ٢٠٠٧ |
| .٢٤٩ | فەلسەفەی سۆسیال دیموکراتی | د. حەمید عەزیز | ٢٠٠٧ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| .٢٥٠ | سۆسیال دیموکراتی | مامۆستا جەعفەر | ٢٠٠٧ |
| .٢٥١ | هەرێمی کوردستان و تورکیا | مامۆستا جەعفەر | ٢٠٠٨ |

مەکتەبی بیروهۆشیاری



مەکتەبی بیروهۆشیاری

This document was created with Win2PDF available at http://www.daneprairie.com.
The unregistered version of Win2PDF is for evaluation or non-commercial use only.